# زمان و وێژەی کوردی

## پۆلی/ دەیەمی ئامادەیی

هەواڵنامەی کێتێب

مامۆستای وانە : م. ڕێبوار جەمال سەگرمە

2010



**مامۆستا ڕێبوار جەمال سەگرمە**

**لەدایکبووی** 1975

**گەڕەکی سەرشەقام/ سلێمانی/ باشووری کوردستان**

**بەکالۆریۆس لە زمان و وێژەی کوردی**

**زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی**

**دەرچووی ساڵی** 1997 – 1998

**کاری ئێستای/ مامۆستای قۆناغی ئامادەییە لە شاری سلێمانی**

هەوالنامەی کتێب

**کەناڵی تایبەتی لە (**youtube**) بە ناونیشانی** Rebwar Jamal Sagirma

**لەم کەناڵە تایبەتەوە، کۆمەڵێك ڤیدیۆی بێبەرامبەری پێشکەش بە ڕووناکبیران و خوێندکارانی کورد کردووە، لەسەر بابەتەکانی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی دوازدەی ئامادەیی، هەروەها دەوڵەمەندە بە کۆمەڵێك ڤیدیۆی تایبەت بە کەلتوور و فەرهەنگ و مێژووی کورد.**

تێبینی/ ئامادەکار ئەم بابەتەی لە کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی) پۆلی (دەیەمی ئامادەیی)، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە.

# ڕێزمـــــان

ئامرازی بانگکردن ............................................. 2
ئامرازی لێکدەر ................................................. 5
جێناوی لێکدەر (کە، کو) ........................................ 8
ڕستەی ئاوێتە ............................................... 10
ناوی واتایی ................................................. 12
هاوەڵناوی ژمارەیی (بنجی) ...................................... 15
هاوەڵناوی ژمارەیی (ڕێکخستن) .................................. 19
هاوەڵناوی ژمارەیی (کەرتی) ..................................... 22
هاوەڵناوی نادیار ............................................ 24
جێناوی نادیار ............................................. 27
ئەرکی جێناوی نادیار لە ڕستەدا ................................ 27
کاری داڕێژراو ............................................... 29
کاری لێکدراو ............................................... 33
کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ .................................... 37
گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ کاری تێپەڕ ............................. 40
هاوەڵکاری چۆنیەتی ......................................... 43
کاری یاریدەدەر ............................................ 45
خاڵبەندی .................................................. 47

کتێبی هەواڵنامە

# ئامرازی بانگکردن

**ئامرازی بانگکردن/** ئەو ئامرازەیە بۆ بانگکردن و ورياکردنەوەی کەسی دوێنراو بەکاردێت.

## یەکەم/ ئامرازەکانی بانگکردن لە کرمانجی خواروودا:

| ژ | ئامرازەکانی بانگکردن لە کرمانجی خواروودا | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | ئەی | ئەی پیاوی دنیادیدە، ڕای تۆ لەسەر ڕووداوەکە چییە. |
| 2 | هۆ | هۆ کاکی شوان وەرە بۆ ئێرە. |
| 3 | هەی | هەی پیاو دیسان هاتیتەوە. |
| 4 | ئەرێ | ئەرێ بارام چیرۆکەکەت خوێندەوە. |
| 5 | ئادەی | ئادەی ئازاد کتێبەکەم بۆ بهێنە. |
| 6 | ئا | ئا سازان تەلەفیزیۆنەکە کزکە. |
| 7 | ئۆ | ئۆ برا کارەکەت زیانباربوو. |
| 8 | هێ | هێ کچێ وانەکە بخوێنەرەوە. |
| 9 | ە | کورە باش دابنیشە. |
| 10 | ێ | کچێ لەسەر فەرشەکە دانیشە. |

هەوالنامەی کتێب

## دووەم/ ئامرازەکانی بانگکردن لە کرمانجی ژووروودا:

| ژ | ئامرازەکانی بانگکردن لە کرمانجی ژووروو | بەکارهێنانی بۆ نێر یان مێ | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | ئۆ | نێر ، مێ | ئۆ ئازاد بابێ تە هات. |
| 2 | ێ ، هێ | مێ | کچێ فێری زانست ببە. |
| 3 | هۆ | نێر | هۆ شڤان پەزێ خۆ باش بچەرێنە. |

## ناوی بانگکراو لە زمانی کوردیدا، دەشێ بەم شێوانەی خوارەوە دەربکەون:

| ژ | ئامرازی بانگکردن | ناوی بانگکراو | تایبەتمەندی ناو | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئادەی | ئازاد | ناوی تاك | ئادەی ئازاد وەرە بۆ ئێرە. |
| 2 | ە | کوڕ | ناوی کۆ | کوڕینە وانە باش بخوێنن. |
| 3 | ئەی | برای پێشمەرگە | گرێی ناوی | ئەی برای پێشمەرگە وڵات بپارێزە. |
| 4 | هۆ | ئێوە | جێناوی سەربەخۆ | هۆ ئێوە نانتان خواردووە. |

### هەندێك تێبینی لەسەر ناوی بانگكراو:

یەكەم/ **ئەگەر (ناوێكی كۆ)، بە ئامرازی بانگكردنی (ە) وریاكرایەوە، پێویستە (ان)ی نیشانەی كۆ بگۆڕدرێت بە (ین)، پاشان ئامرازی بانگكردنی (ە) بخرێتە دوای.**

| ژ | ناوی بانگكراو | نیشانەی كۆ (ین) | ئامرازی بانگكردن | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | كچ | ین | ە | كچینە بەهەوڵ سەردەكەون. |
| 2 | كوڕ | ین | ە | كوڕینە بەتێكۆشان بە ئامانج دەگەن. |

دووەم/ **هەموو ئامرازەكانی بانگكردن پێش ناوەكە دێن، بەڵام ئامرازی (ە، ێ) دەكەونە دوای ناو:**

سێیەم/ **دەشێ ناوێكی بانگكراو، دوو ئامرازی بانگكردنی لەگەڵدا بێت. یەكەمیان پێش ناو و ئەویتریان دوای ناو:**

نموونە/ ئادەی كوڕە كارەكان باش ئەنجامبدە. ئادەی كچێ كارەكان باش ئەنجامبدە.

**دەشێ پیتی بزوێنی (ە) كورت، ئەم ئەركانە ببینێ:**

| ژ | ئەركی | بزوێنی كورت | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | ئامرازی پەیوەندی | ە | خوێندكارەكە دەچێتە خوێندنگە. |
| 2 | ئامرازی بانگكردن | ە | كوڕە پێویستییەكان بۆماڵەوە بكڕە. |
| 3 | جێناوی لكاو بۆ كەسی سێیەم | ە | وانەكە جوان دنقیسە. |
| 4 | كاری ناتەواو | ە | پیاوەكە ناشرینە. |
| 5 | خستنەسەر | ە | خوێندكارە زیرەكەكە هات. |
| 6 | جێناوی لكاو بۆ كەسی دووەمی تاك | ە | وانەكە بنووسە. |

هەولێرنامەی کەبیر

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕە 9، ئامرازی بانگکردن لەم ڕستانەی خوارەوە دربهێنە:**

| ژ | ڕستە | ئامرازی بانگکردن |
|---|---|---|
| 1 | ئەژدەهاك ئەی دێوی لە (بیر) زراو چوو<br>ئەی ناشتای ماران بەمێشـــــك کردووە | ئەی ، ئەی |
| 2 | هەی سوار سواری، هەر تفەنگچی، دەست باتە تفەنگ<br>هەی ژنی جوان، ئارایشتی خۆی کـــــا، بۆ ئاهەنگ | هەی ، هەی |
| 3 | نەســـــرین ئەی ئەستێرەی بەیان<br>ئەی جوان ئەی شا دەستەی جوانان | ئەی، ئەی، ئەی |
| 4 | هۆ مام بایز وەرە بۆ ئێرە. | هۆ |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕە 9، ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ئامرازی بانگکردن پڕ یکەرەوە:**

1-ئەی مانگ من و تۆ هەردووك هاوەدەدین.

2- ئادەی بابچین بۆ سەیری یارییەکە.

3- پووریێ نانەکەت بخۆ.

4- ئەها کەپرەکە ڕووخا.

5- کوڕە بەسەر شۆستەکەدا بڕۆ.

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕە 10، لەم ڕستانی خوارەوەدا، بانگکراوەکان دەربهێنە و جۆرەکانیان بنووسە:**

| ژ | ڕستە | بانگکراو | جۆر |
|---|---|---|---|
| 1 | ئەی نێوجەوانانی وەتەن سا پێشکەون ئازا بڕۆن. | نەوجەوانانی وەتەن | گرێی ناوی |
| 2 | خەڵکە من بۆ خوا و پێتان ئەڵێم<br>ئەمە وەسێتە، وا من لەســەر ڕێم | خەڵك | ناوە تاك |
| 3 | ئادەی ئاری ئەو گۆڤارەم بۆ بهێنە. | ئاری | ناوی تاك |
| 4 | ئا کوڕی باش، ئەو پیاوەم بۆ بانگبکە. | کوڕی باش | گرێی ناوی |
| 5 | خوشکێ ژ ئاخافتنا دایکا خۆ، دەرنەکەڤە. | خوشك | ناوی تاك |

هەولنامەی کێڕ

# ئامرازی لێکدەر

**ئامرازی لێکدەر/** ئەو بێژەیەیە کە دوو وشە یان دوو گرێ یان دوو ڕستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

لە زمانی کوردیدا، ئامرازە لێکدەرەکان ئەمانەن: (کە، و، تا، بەڵام، یاخود، چونکە، کەچی، جگە، بێجگە، لەگەڵ، نەك، نەوەك، مەگەر، لەدوایدا، لەپاشدا، هەتا، کەچی، بەڵام، ......)

| ژ | جۆر | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | دوو وشە ناوی تایبەتی. | - سامان و ئاشنا نایەن. |
| | دوو ناوی واتایی | - ئازادیی و سەربەستی ئامانجی گەلانە. |
| | زیاتر لە دوو ناو | - خوێنکارەکە دەفتەر و قەڵەم و کتێبی کڕی. |
| | دوو جێناو | - من و تۆ دەچین بۆ خوێندنگە. |
| | دوو وشە (هاوەڵناو) | - دەموچاوی ترش و تاڵە. |
| | دوو وشە (هاوەڵکار) | - دوێنێ و پێرێ لەکوێ بوویت. |
| 2 | دوو گرێ | خوێندکارە زیرەکەکان و مامۆستا بەتواناکە ئەنجامیان باش دەبێت. |
| 3 | دوو ڕستە | ترێ کە شیرینە و هەرمێکە بێ تامە. |

تێبینی/ ئامرازی (ان)ی کۆ یان (ەکە)ی ناساندن، دەچێتەسەر کۆتایی دوا وشەی گرێ و سەجەم گرێکە دەکاتە ناسراو کۆ.

| ژ | ئامرازی لێکدەر | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | و | مرۆڤی هۆشمەند و بیر تیژ سەرکەوتووە. |
| 2 | مەگەر | ڕێوی بەفێڵ ناوەستێ مەگەر تەڵە بیبەسێ. |
| 3 | ئەگەر | ئەگەر چوویت بۆ کتێبخانە، کتێبێکم بۆ بکڕە. |
| 4 | چونکە | منداڵەکە زۆر گریا چونکە برسی بوو. |
| 4 | نەوەك | من نایەم بۆ ماڵی ئەوان، نەوەك بیبینم. |
| 5 | نەك | نەهاتم نەك تۆ لەماڵ نەبیت. |
| 6 | تا | تا ئەوان دانیشن، من نارۆم. |
| 7 | ئەگینا | زۆر هەوڵبدە ئەگینا سەرناکەویت. |
| 8 | کە | کە چوویت بۆ ماڵی ئەوان، دیارییەکەی بۆ بەرە. |
| 9 | جگە | جگە لە خوێندکارەکان چوون بۆ سینەما، خەڵکی تریش چوو. |
| 10 | بێجگە | بێجگە لەوەی کە تۆ هاتیت، ئەوانیش هاتن. |
| 11 | لەدوایدا | دەچم بۆ کافتریا، لەدوایدا دەچمەوە ماڵەوە. |
| 12 | لەپاشدا | دەڕۆن بۆ خوێندنگە لەپاشدا بۆ سەیران. |
| 13 | هەتا | لە دەربەنی خان هەتا کەلیخان ئەو ناوە یەکسەر شێواوە و وێران. |
| 14 | کەچی | بەپەلە هاتم کەچی ئاری ڕۆیشتبوو. |
| 15 | بەڵام | من دێم بەڵام تۆ مەیە. |

کتێب هەوراز

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕە 13، ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ئامرازی لێکدەری گونجاو پڕبکەرەوە:**

1-خوشك و براکە مەرەکانیان لە دامێنی چیاکەدا دەلەوەڕاند.

2- سەوەڵ گەرم بکرێ، لە پاشان جارێکی تر دەبێتەوە بە ئاو.

3- من لێرە ناجوڵێم تا ئەوان نەیەن.

4- ئەوان لە ئیشەکەی خۆیان بوونەوە کەچی ئێوە هێشتا هەر لە ماڵەوەن.

5- سێوەکەم بۆ هەڵبگرە پاشان هەنارەکە.

6- کە منداڵەکە دەگریا، دایکی شیری بۆ ئامادەدەکرد.

7- بڕۆن و ئێوارە زوو بێنەوە.

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕە 14، لەم ڕستانەی خوارەوەدا ئامرازی لێکدەر دەربهێنە:**

| ژ | ڕستە | ئامرازی لێکدەر |
|---|---|---|
| 1 | لـــــــە دەربەندیخان هەتا کەلیخان ئەو ناوە یەکسەر شێواوە و وێران<br>شیو و هەرد و بەرد تا لوتکەی بەرزان پڕ لـــە وەیشومە بە گەلا ڕێزان | هەتا، و |
| 2 | ئەگەر لە زستاندا بەفر و باران نەبارێت، بەنداوەکان ئاویان کەم دەبێت. | ئەگەر، و |
| 3 | کارزان لەگەڵ هاوڕێکانیدا زۆر کۆشش دەکات، چونکە دەترسێت، کە لە تاقیکردنەوەدا دەرنەچێت. | لەگەڵ، چونکە، کە |
| 4 | ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە عالــەم شەو و ڕۆژ واللەفەرمانە<br>فەرقی نێر و مێ نییە بیزانە هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە<br>سەرفۆش فرێدە چ وادەی شەرمە | و، و، و، تا |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕە 14، بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە، سێ گرێ دروستبکە، پاشان لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە:**

| ژ | مەرج | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | بکەر | ئازاد و بارام هاتنەوە |
| 2 | بەرکار | شەهلا و شلێرم ناسی. |
| 3 | تەواوکەری بەیاریدەی کار | کتێبەکەم بە شنە و شەیدا خوێندەوە. |

راهێنانی چوارەم، لاپەرە 15، لەم ڕستانەی خوارەوە ئامرازی ( لێکدەر، پەیوەندی، بانگکردن ) جیابکەرەوە:

| ژ | ڕستە | ئامراز | جۆری |
|---|---|---|---|
| 1 | کە زۆر هات، قەواڵە بەتاڵە. | کە | لێکدەر |
| 2 | کوڕینە یەکبگرن. | ە | بانگکردن |
| 3 | ئاسۆز و نەبەز لەدوای ئێوە گەیشتنە هەولێر. | و<br>ە | لێکدەر<br>ئامرازی پەیوەندی |
| 4 | ئەی خوێندکاری ژیر لە وانەکانتدا کۆششبکە. | ئەی<br>لە ................دا | بانگکردن<br>پەیوەندی |
| 5 | کە ڕۆیشتی بەجاریٚ دڵ و جەرگ و هەنـــــــاوم کەوت<br>کە چوییتە تانە، تانە سەرگلێنەی هەردوو چاووم کەوت<br>ئەڵێن: هاتوویەتە کوێت، بـــــــڵیٚ قوربانی کوێتی کـەم<br>کە نۆبەت بەر سەری نەحسی شـکاوی بیٚ کڵاوم کەوت | کە، کە، کە<br>ە | لێکدەر<br>پەیوەندی |

راهێنانی پێنجەم، لاپەرە 15، ئەم ڕستانە شیبکەرەوە:

**یەکەم/ تا ئارەق نەڕێژیت، شیرینی ناچێژیت.**

تا/ ئامرازی لێکدەر.

ئارەق/ ناوە، تاکە، نەناسراوە، بەرکارە.

نەڕێژیت/ کاری ڕانەبردووی تێپەڕی دانانی، نەریٚ.

یت/ جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك، بکەر

شیرینی/ ناوی واتایی، بەرکارە.

ناچێژیت/ کاری ڕانەبردووی تێپەڕی ڕاگەیاندنە، نەرێیە.

یت/ جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك، بکەر.

**دووەم/ بە پەلە هاتم کەچی ئاری ڕۆیشتبوو.**

بەپەلە/ هاوەڵکاری چۆنێتییە، تەواوکەری کارە.

م/ جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەر.

هات/ کاری ڕابردوو، تێنەپەڕ، سادە.

کەچی/ ئامرازی لێکدەرە.

ئاری/ ناوە، تاکە، ناسراوە، نێرە، بکەرە.

ڕۆیشتبوو/ کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن، تێنەپەڕە.

## جێناوی لێکدەری (کە ، کو)

**جێناوی لێکدەر/** ئەو وشەیەیە کە لەجیاتی ناوی کەسێك یان شتێك بەکاردێت، کە پێشتر وترابێت، هەروەها دوو ڕستەش بەیەکەوە گرێدەدات، دەیانکاتە ڕستەیەکی لێکدراو، جێناوە لێکدراوەکە دەکەوێتە دوای ئەو ناوەی کە لە ڕستەی دووەمدا جێگەی دەگرێتەوە.

**جێناوی لێکدەری (کە) بۆ شێوەزاری کرمانجی خواروو بەکاردێت:**

1- سلێمانی کە پایەختی میری بابان بوو، شارێکی جوان و دلگیرە.

- سلێمانی پایتەختی میری بابان بوو
- سلێمانی شارێکی جوان و دلگیرە.

2- ئەم کتێبە کە قەبارەی گەورەیە، ناوەڕۆکی بەهێزە.

- ئەم کتێبە قەبارەی گەورەیە.
- ئەم کتێبە ناوەڕۆکی بەهێزە.

لەم دوو ڕستەیەدا، ئەگەر سەیری بکەین دەبینین، کە جێناوی لێکدەری (کە)، لە ڕستەی یەکەمدا لە بری ناوی (سلێمانی) بەکارهاتووە، هەروەها لە ڕستەی دووەمدا لە بری ناوی (ئەم کتێبە) بەکار هاتووە.

**جێناوی لێکدەری (کو) بۆ شێوەزاری کرمانجی سەروو بەکاردێت:**

1- ئەڤ کتێبا کو ل سەر مێزێیە، یا منە.

- ئەڤ کتێبا ل سەر مێزێیە.
- ئەڤ کتێبا یا منە.

2- ئەو مامۆستایێ کو وە دیتی، پسپۆڕێ کوردێیە.

- ئەو مامۆستایێ وە دیتی.
- ئەو مامۆستایێ پسپۆڕێ کوردێیە.

لەم دوو ڕستەیەدا، ئەگەر سەیری بکەین دەبینین، کە جێناوی لێکدەری (کو)، لە ڕستەی یەکەمدا لە بری ناوی (ئەڤ کتێبا) بەکارهاتووە، هەروەها لە ڕستەی دووەمدا لە بری ناوی (ئەو مامۆستایێ) بەکار هاتووە.

لە هەردوو شێوەزارەکەدا، (کە، کو) لە بری ناو بەکارهاتوون، بۆیە دەبێتە جێناو، هەروەها دوو ڕستەیان بەیەکەوە بەستووە، بۆیە لێکدەرن، کەواتە پێیدەوترێت: (جێناوی لێکدەر).

**هەندێك سەرنج و جیاوازی لە نێوانی ( ئامرازی لێکدەر و جێناوی لێکدەر)دا :**

| ژ | ئامرازی لێکدەر | جێناوی لێکدەر |
|---|---|---|
| 1 | دوو وشە، دوو گرێ یان دوو ڕستە بەیەکەوە دەبەستێ، هەمیشە ڕستەی لێکدراو درووست دەکات | دوو ڕستەمان بۆ بەیەکەوە دەبەستێ و ڕستەیەکی ئاوێتە درووستدەکات. |
| 2 | سەر بە هیچ کام لە دوو ڕستەکە نییە، هەر کاتێك لابرێت، ڕستەکان دەبنەوە ڕستەی سادە. | جێناوی لێکدەر بەشێکە لە ڕستە ئاوێتەکە و هەرکاتێك ڕستەکان بگێڕنەوە باری ئاسایی، پێویستە ئاماژە بەو ناوە بکەین کە جێناوە لێکدەرەکە جێگەی گرتۆتەوە. |
| 3 | هیچ ناوێك لە ڕستەکەدا لانابرێت. | ناوی دووبارەبووەوەی ڕستەی دووەم لادەبرێت. |
| 4 | زستان سادە بەڵام هاوین گەرمە. | ئەو خوێندکارەی کە زیرەك بوو، خەڵاتکرا. |

تێبینی/ خاڵی هاوبەشی نێوان (ئامرازی لێکدەر و جێناوی لێکدەر) ئەوەیە کە دوو ڕستەبە بەیەکەوە دەبەستن.

**نموونە بۆ ( کە، کو ) وەك ئامرازی لێکدەر یان جێناوی لێکدەر:**

| ژ | ئامرازی لێکدەر | جێناوی لێکدەر |
|---|---|---|
| 1 | کتێبەکە بەرە کە چوویتە ماڵی ئەوان. | ئەم شارە کە شەقامی زۆرە، جوانە. |
| 2 | تە نە بیستییە کو شڤان خوێندنا خۆ تەواو کریە. | ئەو کچا کو دچێتە دهۆکێ، دۆستا مە یە. |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕە 19، ئەو ڕستانە دیاری بکە کە جێناوە لێکدەرەکان پێکەوەی بەستوون:**

| ژ | ڕستەی ئاوێتە | ڕستەی سادە |
|---|---|---|
| 1 | ئەو کەسەی کە منداڵی خۆی باش پەروەردە دەکات، نیشتیمان پەروەرە. | ئەو کەسەی منداڵی خۆی باش پەروەردە دەکات.<br>ئەو کەسە نیشتیمان پەروەرە. |
| 2 | ئەو ڕەزێ کو تە کێلای، یێ بابێ منە. | ئەو ڕەزێ تە کێلای.<br>ئەو ڕەزێ یێ بابێ منە. |
| 3 | مامۆستایان کە ڕەنجی فێرکردن پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکەن، پێشەوای گەلن. | مامۆستایان ڕەنجی فێرکردن پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکەن.<br>مامۆستایان پێشەوای گەلن. |
| 4 | ئەڤ پارێ کو تو بەلاڤ دکەی، سامانێ میللەتیە. | ئەڤ پارێ تو بەلاڤ دکەی.<br>ئەڤ پارێ سامانێ میللەتیە. |
| 5 | ئەو مامۆستایێ کو وە دیتی، پسپۆڕێ ئەندازیێیە. | ئەو مامۆستایێ وە دیتی.<br>ئەو مامۆستاێ پسپۆڕێ ئەندازیێیە. |
| 6 | کوردستانی ئێراق کە بەخوێنی شەهیدان ئازادکرا، پێشکەوتووە. | کوردستانی ئێراق بەخوێنی شەهیدان ئازادکرا.<br>کوردستانی ئێراق پێشکەوتووە. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕە 19، ڤان ڕستان شلۆڤە بکە:**

**یەکەم/ ئەو خوێندکارێ کو مە دوهێ دیتی، خازارێ تەیە.**

ئەو ........ ێ/ هاوەڵناوی نیشانە، دیارخەری ناوە.

خوێندکار/ ناوە، دیارخراوە.

ئەو خوێندکارێ/ گرێی ناوییە نیهادە.

کو/ جێناوی لێکدەرە.

مە/ جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بکەرە.

دوهێ/ هاوەڵکاری کاتییە، تەواوکەری کارە.

دیتی/ کاری ڕابردووی تێپەڕە.

خارزا/ ناوە، دیارخراوە.

یێ/ ئامرازی خستنەسەرە.

تە/ جێناوی کەسی سەربەخۆ، دیارخەرە.

ی/ ناوبەند. ە/ کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا.

**دووەم/ ئەو گەلەی کە بە ئازادی بژیت، سەرفرازە.**

ئەو.... ە/ هاوەڵناوی نیشانە، دیارخەری ناوە.

گەل/ ناوە، دیارخراوە.

ئەو گەلە/ گرێی ناوییە نیهادە. کە/ جێناوی لێکدەرە.

بە/ ئامرازی پەیوەندی.

ئازادی/ ناوی واتاییە، تەواوکەری بەیاریدەیە.

بژیت/ کاری ڕانەبردووی دانانی تێپەڕ.

ێت/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، بکەرە

سەرفراز/ هاوەڵناوی چۆنێتییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە.

ە/ کاری ناتەواو.

# ڕستەی ئاوێتە

**ڕستەی ئاوێتە**: لە دوو ڕستەی سادە یان زیاتر پێکدێت، بە یارمەتی (جێناوی لێکدەر یان ئامرازی لێکدەر) کە، کـو، دەدرێنـە پاڵ یەك.

**ڕستەی ئاوێتە لە دوو بەش پێکدێت: (شارستە ، پارستە).**

A/ شارستە: ڕستەیەکی سەرەکییە، بنجی وسەبەخۆیە.

B/ پارستە: بنجی نییە و واتاکەی بەستراوە بە شارستەوە، هەمیشە جێناوی لێکدەر یان ئامرازی لێکدەری لە پێشەوەیە.

**وشەی لێکدەر یان جێناوی لێکدەر/ هەمیشە دەکەوێتە پێش پارستەوە.**

**یەکەم/ ڕستەی ئاوێتە بە (ئامرازی لێکدەر):**

1–نەتزانیوە **کە** ئازاد لە زانکۆ دەخوێنێت.

2– **کە** پایز هات، گەڵای دارەکان دەوەرن.

3–تەنەبیستییە **کو** دلێرێ خوێندنا خۆ تەواوکریە.

(نەتزانیوە، گەڵای دارەکان دەوەرن، تەنەبیستییە) ئەم بەشانەی ڕستە ئاوێتەکان ((شارستە))ن، واتای سەربەخۆی خۆیان هەیە، ئامرازی لێکدەری (کە، کو)یان لە پێشەوە نییە.

**دووەم/ ڕستەی ئاوێتە بە (جێناوی لێکدەر):**

1–ئەو خوێندکارێ **کو** مە دوهێ دیتی، خازاریێ تەیە.

2– ئەو گەلەی **کە** بە ئازادی بژیت، سەرفرازە.

3– ئەو کوڕێ **کو** دوهێ هاتی، پسمامێ وان بوو.

(مە دوهێ دیتی، بە ئازادی بژیت، دوهێ هاتی) ئەم بە شانەی ڕستە ئاوێتەکان (پارستە)ن، چونکە لە ڕووی واتاوە بەندن بە شارستەوە، لە چوارچێوەی ڕستە ئاوێتەکەدا، واتای بنجی سەربەخۆی خۆیان نییە، جێناوی لێکدەری (کە، کو)یان لە پێشەوەیە.

**جیاوازی نێوان (ئامرازی لێکدەر و جێناوی لێکدەر) لە ڕستەی ئاوێتەدا:**

| ژ | ڕستەی ئاوێتە بە ئامرازی لێکدەر | ڕستەی ئاوێتە بە جێناوی لێکدەر |
|---|---|---|
| 1 | جێگەی هیچ ناوێك ناگری. | جێگەی ناوێك دەگرێ. |
| 2 | دەکەوێتە سەرەتا یان ناوڕاستی ڕستەی ئاوێتەکەوە. | تەنیا دەکەوێتە ناوڕاستی ڕستە ئاوێتەکەوە. |
| 3 | نەتبیستووە، **کە** باران دەخوێنێت.<br>**کە** زستان هات، جلی گەرم لەبەردەکەین. | ئەو گوڵەی **کە** تۆ کڕیوتە زۆر، جوانە. |

هەولنامەی کتێب

**ڕاهێنانی یەکەم/ لاپەڕە 22، ئەمانە لە ڕستەی ئاوێتەدا بەکاربهێنە:**

| ژ | پارستە | ڕستەی ئاوێتە |
|---|---|---|
| 1 | کە شاعیرێکی مەزن بوو. | نالی کە شاعیرێکی مەزن بوو ناودارە. |
| 2 | کە کوردستان ئاوەدان دەکەنەوە. | ئەو کەسانەی کە کوردستان ئاوەدان دەکەنەوە دلْسۆزن. |
| 3 | کوتە فرۆشی. | ئەو ئەسپەی کوتە فرۆشی ئی بابێ منە. |
| 4 | کە تۆ دیوتە. | ئەو کوڕەی کەتۆ دیوتە، برامە. |
| 5 | کو سالار ب دویڤ زانستێ دگەڕێت. | تە نەزانییە کو سالار ب دویڤ زانستێ دگەڕێت. |
| 6 | کو حکومەتا هەرێما کوردستانێ پرۆژێن مەزن ڤەدکەت. | تە بیستییە کو حکومەتا هەرێما کوردستانێ پرۆژێن مەزن ڤەدکەت. |
| 7 | کە گوندێکی خۆش بوو. | کانی وەتمان کە گوندێکی خۆش بوو ئاوەدانکرایەوە. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕە 22، وشەی (کە، کو) دوو جار لە دوو ڕستەدا بەکاربهێنە، بەمەرجێك، جارێك جێناو و جارێك ئامرازی لێکدەربن:**

| ژ | ڕستەی ئاوێتە ئامرازی لێکدەر (کە، کو) | ڕستەی ئاوێتە جێناوی لێکدەر (کە، کو) |
|---|---|---|
| 1 | کە بەهار هات، گەڵای دارەکان سەوز دەبن. | بێکەس کە شاعیرێکی مەزن بوو، ناودارە. |
| 2 | تەنەبیستییە کو دلێرێ خوێندنا خۆ تەواوکریە. | ئەو تولازێ کو دوهێ هاتی، پسمامێ تەبوو. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 22، ئەم بۆشاییانە پڕ بکەرەوە، کە ڕستەی ئاوێتەیان لێدەربچێت:**

1-من بیستییە کە نازدار هات.

2- ئەم دزانین کو زانیار دخوینێت.

3-گۆران کە شاعیرێکی ناودارە لە هەڵەبجە لەدایکبووە.

4- هەڵەبجە کە کیمیابارانکرا، شارێکی گەورەی کوردستان بوو.

5- ئەوەی کە نیشتیمان پەروەربێت شۆڕشگێڕە.

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 23، ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:**

**یەکەم/ ئەو تولازێ کو دوهێ هاتی، پسمامێ تە بوو.**

ئەو تولازێ/ گرێێ ناوییە، نیهادە.

پسمامێ تە/ گرێێ ناوییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە.

کو/ جێناوی لێکدەر.

بوو/ کاری ناتەواو، بۆ دەمی ڕابردوو.

دوهێ/ هاوەڵکاری کاتییە، تەواوکەری کارە.

هات/ کاری ڕابردووی تێنەپەڕە.

ی/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك لە کرمانجی ژووروودا، بکەرە.

# ناوی واتایی

**ناوی واتایی:** خۆی لە خۆیدا بوونی سەربەخۆی نییە، بەڵکو لە مێشك و خەیاڵدا پەیدادەبێت، بەر هیچ کام لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەوێت، وەك (بینین، بیستن، چەشتن، بۆنکردن، دەست لێدان – بەرکەوتن). نموونە: (ترس، هێز، باوەڕ....)

**ناوی بەرجەستە:** ئەو ناوەیە کە بوونی سەربەخۆی هەیە و بە یەکێك یان زیاتر لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ دەکەوێت.

نموونە: ( بەرد، تەختە، ئاسن، کتێب، .....)

**دوو جۆر ناوی واتایی هەیە:**

A– **ناوی واتایی بنجی:** ئەو ناوانەن، کە لەبنەڕەتدا ناوی واتایین. نموونە: هێز، باوەڕ،....هتد.

B– **ناوی واتایی دروستکراو:** لەزمانی کوردییدا بەم جۆرە درووستدەکرێن:

**یەکەم/ ناو + پاشگر = ناوی واتایی**

| ژ | ناو | پاشگر | ناوی واتایی |
|---|---|---|---|
| 1 | منداڵ | ی | منداڵی |
| 2 | پیاو | ەتی | پیاوەتی |
| 3 | برا | یەتی | برایەتی |
| 4 | کورد | ایەتی | کوردایەتی |
| 5 | کچ | ێنی | کچێنی |
| 6 | کورد | اتی | کورداتی – کوردایەتی |
| 7 | مامۆستا | یی | مامۆستایی |
| 8 | کوڕ | ێتی | کوڕێتی |

**دووەم/ هاوەڵناو + پاشگر = ناوی واتایی**

| ژ | هاوەڵناو | پاشگر | ناوی واتایی |
|---|---|---|---|
| 1 | کوێر | ی | کوێری |
| 2 | ئازا | یەتی | ئازایەتی |
| 3 | سارد | ێتی | ساردێتی |
| 4 | بەرز | ای | بەرزای |
| 5 | خراپ | ە | خراپە |
| 6 | گەرم | ا | گەرما |

**ئەم جۆرانەی هاوەڵناویش دەکرێن بە ناوی واتایی:**

1/هاوەڵناوی چۆنی:  نموونە: ڕەشی، تاڵی، بڵندی ....

2/ هاوەڵناوی بکەری لێکدراو:  نموونە: گەشبینی، گیانبازی ....

3/ هاوەڵناوی بکەری دارێژراو:  نموونە: نووسەری،  دانایی، زانایی ....

**سێیەم/  ڕەگی کار**

**A–ڕەگی کار + پاشگری (ە) = ناوی واتایی**

| ژ | چاوگ | ڕەگی کار | پاشگر | ناوی واتایی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پرسین | پرس | ە | پرسە |
| 2 | ناڵین | ناڵ | ە | ناڵە |

**B – هەندێکجار ڕەگی کار خۆی ناوی واتاییە :**

نموونە:  ڕەنج، خەو، ترس، جەنگ.

**چوارەم/  قەدی چاوگ+پاشگری (ار) = ناوی واتایی**

| ژ | چاوگ | قەد | پاشگر | ناوی واتایی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کردن | کرد | ار | کردار |
| 2 | مردن | مرد | ار | مردار |

**پێنجەم/  هەموو چاوگەکان (سادە، دارێژراو، لێکدراو) وەك ناوی واتایی بەکاردێن:**

نموونە:  گرتن، بردن، چوون، کوڵان، بڕین، سەرکەوتن، ڕاکردن، هەڵگرتن، .....

**شەشەم/  ناوی واتایی وەك هەر ناوێکی دیکە، ئەرکەکانی ناو دەبینێ:** (نیهاد، بکەر، بەرکار، دیارخەری ناو، تەواوکەری بەیاریدە کاری تەواو، تەواوکەری کاری ناتەواو، تەواوکەری بەیاریدە کاری ناتەواو):

| ژ | ئەرك | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | بکەر | خوێندن زانیاری گشتی فێری مرۆڤ دەکات. |
| 2 | نیهاد | خوێندن بۆ مرۆڤ پێویستە. |
| 3 | بەرکار | بۆ وانەکان نووسین دەوێت. |
| 4 | دیارخەری ناو | بەرهەمی خوێندن بۆ ئایندەیە. |
| 5 | تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو | بە خوێندن سەردەکەوین. |
|  | تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو | ئەو پێویستی بە خوێندن بوو. |
| 6 | تەواوکەری کاری ناتەواو | ئەوە خوێندنە، مرۆڤ پێشدەخات. |
| 7 | جێگری بکەر | نووسینەکە خوێنراوەتەوە. |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 27، لەم دێڕە هۆنراوانەدا، ناوە واتـاییە دروستکراوەکان دەستنیشانبکە و جۆرەکانیان دیاری بکە:**

| ژ | ڕستە | ناوی واتایی | چۆنیەتی دروستبوونی |
|---|---|---|---|
| 1 | بە مندالّی لە لێوی ئالّی تۆم ئاستاندووە ـــاچێ<br>بە پیریش لەزەتی ئەو ماچە شیرینەم لە بیر ناچێ | منداڵی<br>پیری | ناو + پاشگر<br>هاوەڵناوی چۆنی + پاشگر |
| 2 | لێ هێڤی دکەم ژ موســـــتەعیدان حەرفان نەگرن ژ موســـــتە فیدان<br>ئەڤ نامە ئەگەر خراپ ئەگەر قنج کێشایە مە دگەل وی دووسەد ڕەنج | ڕەنج | ناوی واتایی بنجی |
| 3 | جوامێری و هیمەت و سەخاوەت میرێنی و غیرەت و جـــەلادەت<br>ئەو خەتمە ژبۆ قەبیلی ئـــەکراد وان دانە بە شیر و هیمەت و داد | جوامێری<br>هیمەت<br>میرێنی | ناو+ پاشگر<br>ناوی واتایی بنجی<br>ناو + پاشگر |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 28، ئەم ناوە واتاییانە چۆن دروستبوون، دەستووری دروستکردنیان بنووسە:**

| ژ | ناوی واتایی | چۆنێتی دروستکردن | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خۆشەویستی | هاوەڵناوی لێکدراو + ی | مرۆڤینی | ناو + پاشگر |
| 2 | کۆخە | ڕەگی کار + پاشگر | کورێنی | ناو + پاشگر |
| 3 | برسییەتی | هاوەڵناوی چۆنیەتی + پاشگر | گەرما | هاوەڵناو + پاشگر |
| 4 | تەقە | ڕەگی کار + پاشگر | کرێتی واتە: ناشرین | هاوەڵناوی چۆنیەتی+پاشگر |
| 5 | دۆستاتی | ناو + پاشگر | | |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 28، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:**

**یەکەم/ جیاوازی نێوان ناوی بەرجەستە و ناوی واتایی چییە؟**

**ناوی واتایی:** خۆی لە خۆیدا بوونی سەربەخۆی نییە، بەڵکو لە مێشك و خەیاڵدا پەیدادەبێت، بەر هیچ کام لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەوێت، وەك (بینین، بیستن، چەشتن، بۆنکردن، دەست لێدان – بەرکەوتن). نموونە: (ترس، تاریکی، زیرەکی)

**ناوی بەرجەستە:** ئەو ناوەیە کە بوونی سەربەخۆی هەیە و بە یەکێك یان زیاتر لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ دەکەوێت.

نموونە: ( بەرد، تەختە، ئاسن، کتێب، .....)

**دووەم/ پێنج چاوگی دەنگی بهێنە و ناوی واتاییان لێدرووست بکە؟**

**کرماندن: کرمە، قرتاندن: قرتە، باعاندن: باعە، بۆڕاندن: بۆڕە، زیقاندن: زیقە.**

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 28، لەم ڕستانە ئەو پەیڤانەی کە هێڵی بەژێردا هاتووە شیبکەرەوە:**

| ژ | ڕستە | شلۆڤە |
|---|---|---|
| 1 | زانایی سەرچاوی کامەرانییە. | زانایی/ ناوی واتایی دروستکراوە، نیهادە.<br>کامەرانی/ ناوی واتایی دروستکراوە، دیارخەری ناو. |
| 2 | کار بە ناڵە و گریە چارەسەر ناکرێت. | ناڵە و گریە/ ناوی واتایی لێکدراوە، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە. |
| 3 | ئەم کێشەیە ئارامی دەوێت. | ناوی واتایی دروستکراوە، بەرکارە. |
| 4 | ئاخافتنا زۆر بۆ مرۆڤی کرێتییە. | ئاخاوتن/ چاوگە، ناوی واتاییە، نیهادە. کرێتی/ ناوی واتایی دروستکراوە، دیارخەری ناوە. |

هەولێرنامەی کتێب

# هاوەڵناوی ژمارەیی ( بنجی )

**هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی:** ئەوهاوەڵناوەیە کە ناوە تەواوکراوەکەی بە ژمارە دەستنیشان دەکات، سنوورێك بۆ ژمارەکە دادەنێت.

| هاوەڵناوی ژمارەیی (دیارخەر) | ناوی تاك (دیارخراو) | گرێی ناوی |
|---|---|---|
| دوو | کتێب | دوو کتێب |

**هاوەڵناوی ژمارەیی**، دوو جۆرە، **سادە و لێکدراو**، چەند سەرنجێك لەم بارەیەوە:

**یەکەم/ بە هاوەڵناوی ژمارەیی یەك تا نۆ، دەوترێت: هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی سادە.**

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی سادە | ناو | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دوو | خوێندکار | دوو خوێندکار | دوو خوێندکار لەپۆلەکەدا نەهاتونەتەوە. |

**دووەم/ بە هاوەڵناوە ژمارەییەکانی ( دە، بیست، سی، چل، هتد... ) دەوترێت: سەرەگری.**

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی سەرەگری | ناو | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سی | خوێندکار | سی خوێندکار | سی خوێندکار لەپۆلەکەدا دانیشتوون. |

**سێیەم/ ئەگەر دوو هاوەڵناوی ژمارەیی بەدوای یەکدا هاتن، گومان لەووتنی دوو ژمارەکە هەبوو، ئامرازی ( و ) لەنێوانیاندا دانانرێت.**

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی لێکدراو | ناو | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سێ چوار | هەنار | سێ چوار هەنار | سێ چوار هەنارم خوارد. |

**چوارەم/ هەر سێ هاوەڵناوی ژمارەیی ( هەشت، نۆ، دە ) بەیەکەوە بەبێ ئامراز دەوترێت.**

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی لێکدراو (بێ ئامراز) | ناو | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەشت نۆ دە | خوێندکار | هەشت نۆ دە خوێندکار | هەشت نۆ دە خوێندکار هاتن. |

**پێنجەم/ ژمارە (دە) و چەندجارەكانی مەبەست لە (دە، سەد، هەزار... هتد)، نیشانەی (ان)ی كۆ وەردەگرن.**

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی | ئا. كۆ | ناو | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دە | ان | پیاو | دەیان پیاوی ئازا | دەیان پیاوی ئازا لە مێژووی كورددا هەیە. |
| 2 | سەدان، هەزاران، ملیۆنان | ان | لاو | سەدان، هەزاران، ملیۆنان لاو | سەدان، هەزاران، ملیۆنان لاو هاتن. |

**شەشەم/ ئەگەر بمانەوێت بڕی شتێك دەستنیشان بكەین، وشەی بڕەكە دەهێنین، دەیخەینە دوای هاوەڵناوە ژمارەییەكەوە، وشەی بڕەكە و ناوە ژمێردراوەكە دەبنە (ناوێكی لێكدراو)،وەك (كیلۆ، نەفەر، سەر، دەست، بەرگ، دانە جووت...هتد):**

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی | وشەی بڕ | ناو | ناوی لێكدراو | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دە | سەر | بزن | دە سەر | دە سەر بزن | دە سەر بزنم وەرگرت. |
| 2 | دوو | كیلۆ | شەكر | دوو كیلۆ | دوو كیلۆ شەكر | دوو كیلۆ شەرمان فرۆشت. |
| 3 | سێ | نەفەر | كەباب | سێ نەفەر | سێ نەفەر كەباب | سێ نەفەر كەباب تان كڕی. |
| 4 | یەك | دەست | جل | یەك دەست | یەك دەست جل | یەك دەست جلم بەخشی. |
| 5 | چوار | بەرگ | كتێب | چوار بەرگ | چوار بەرگ كتێب | چوار بەرگ كتێبم وەرگرت. |
| 6 | پێنج | پارچە | قوماش | پێنج پارچە | پێنج پارچە قوماش | پێنج پارچە قوماشم دەستكەوت. |
| 7 | شەش | بنە | دار | شەش بنە | شەش بنە دار | شەش بنە دارم ڕواند. |
| 8 | دوو | دانە | قەڵەم | دوو دانە | دوو دانە قەڵەم | دوو دانە قەڵەمم بەخشی. |
| 9 | یەك | جووت | پێڵاو | یەك جووت | یەك جووت پێڵاو | یەك جووت پێڵاوم كڕی. |

**حەوتەم/ هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی لێكدراو بەم جۆرە درووست دەبێت:**

A/ لە دوو هاوەڵناوی ژمارەی بنجی تێكەڵاو، نموونە: یازدە، دوازدە، هتد....

B/ لە دوو هاوەڵناوی ژمارەی بنجی كە بە هۆی ئامرازی (و) درابنە پاڵ یەكتر، نموونە: بیست ودوو، چل و شەشە.

C/ لە دوو هاوەڵناوی ژمارەی بنجی بە بێ یارمەتی (و)، وترابێت، نموونە: چوار پێنج، شەش حەوت، هتد...

D/ بە هۆی بەكارهێنانی وشەی دەستنیشانكرنی بڕەوە، كە دەخرێتە دوای ژمارە، دەچێتە سەر شێوەی ناوی لێكدراو نموونە: شەش بەرگ كتێبم هەیە.

**هەشتەم/ هاوەڵناوی ژمارەیی بە پێی خانەی (دەیان، سەدان، هتد..)**

**A/ ئەگەر دوو ژمارەی بنجی لە یەك خانەبن مەبەست (یەكان، دەیان، سەدان)، ناوە ژمێردراوەكە دەكەوێتە دوایان.**

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی لێكدراو | ناو | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | چوار پێنج | پیاو | چوار پێنج پیاو | چوار پێنج پیاو هاتن. (خانەی یەكان) |

B/ ئەگەر دوو ژمارەکە هەرەیکەیان لە خانەیەکدابن، پێویستەلە دوای هەریەکەیانەوە ناوەژمێردراوەکە بێت.

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی | ناو | هاوەڵناوی ژمارەیی | ناو | رستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نۆزدە | پیاو | بیست | پیاو | ئەوانەی هاتن، نۆزدە پیاو بیست پیاو دەبوون. |

تێبینی/

A/ هاوەڵناوی نادیار ( ئەوەندە، هەندە ) لەگەڵ هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی سادە ( یەك تا نۆ ) یان هاوەڵناوی ژمارەیی سەرەگرێ، دا دێت: نموونە: بیست و ئەوەندە ساڵە مامۆستایە. دوو هەندەی تۆم کار کردووە.

B/ ژمارەی بنجی لەگەڵ وشەی تردا بەکاردێت و ( هاوەڵناوی لێکدراو ) درووستدەکەن:

| ژ | هاوەڵناوی لێکدراو (دیارخەر) | گرێی ناوی | رستە |
|---|---|---|---|
| 1 | چواردە شەوە | مانگی چواردە شەوە | لە مانگی چواردە شەوە جوانترە. |
| 2 | سێ مانگی | گندۆرەی سێ مانگە | گندۆرەی سێ مانگە رەنگی جوانە. |
| 3 | یەك ساڵە | منداڵی یەك ساڵە | منالی یەك ساڵە شیر دەخوات. |

جۆری ئەو گرێیانەی کە لە هاوەڵنای ژمارەیی بنجی درووستدەکرێت:

یەکەم/ گرێی ناوی: ئەو ناوەی بەدوای هاوەڵناوی ژمارەیی بنجیدا دێت، سادەبێت یان ناسان مەرجە تاك بێت.

هاوەڵناوی ژمارەیی + ناوی تاك = گرێی ناوی

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی | ناوی تاك | گرێی ناوی | رستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سی و شەش | خوێندکار | سی و شەش خوێندکار | سی و شەش خوێندکار لە پۆلدا دانیشتوون. |

دووەم/ گرێی هاوەڵناوی: ئەو ناوەی بەدوای هاوەڵناوی ژمارەیدا دێت، مەرجە کۆ بێت.

هاوەڵناوی ژمارەیی + ناوی کۆ = گرێی هاوەڵناوی

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی | ناوی کۆ | گرێی هاوەڵناوی | رستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | چواردە | ساڵان | چواردە ساڵان | کورە چواردە ساڵانەکە هات. |

سێیەم/ گرێی هاوەڵکاریی: ئەگەر لە نێوان ژمارە و ناوەکەدا ئامرازی خستنەسەری ( ی ) هەبێت.

هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی + ( ی ) خستنەسەر + ناو = گرێی هاوەڵکاری

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی | خستنەسەر | ناو | گرێی هاوەڵکاری | رستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بیست و یەك | ی | نەورۆز | بیست ویەکی نەورۆز | لە بیست ویەکی نەورۆزدا ئاگردەکرێتەوە. |

تێبینی/ (بەشەش رۆژان راپۆرتەکەم تەواوکرد.) لەم رستەیەدا گرێ کە (شەش رۆژان) دەبێتە گرێی هاوەڵکاری، چونکە گرێکە لە رووی واتاوە پەیوەندی بە کاتەوە هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 35، ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە پەیڤی گونجاو پڕبکەرەوە:**

1-حەفت دەست جلکم بۆ خوشکەکانم کڕی.

2- هەزار بەرگ پەرتوك بۆ پەرتوکخانەی قوتابخانەکەمان بە دیاری هات.

3- ئەڤرۆ من سێ سەر بزن ژ بازاری کرین.

4- باخچەوانەکە شەش بن درەختی سێوەی چاند.

5- مام پیرۆتی دوو پارچە زەڤی ل گوندێ مە هەنە.

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 35، لەم ڕستانەدا هەر پەیڤێك کە هێڵی بەژێردا هاتووە شلۆڤەی بکە:**

| ژ | ڕستە | شلۆڤەکردن |
|---|---|---|
| 1 | دوهێ ئازادی سێ دانە قەلەم کرین. | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی لێکدراو، دیارخەری ناو |
| 2 | من بیست برادەر و تۆ یازدە برادەر هەنە. | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی تێکەڵاو یان لێکدراو، دیارخەری ناو |
| 3 | وێ چارپێنج خانی ل دهۆکێ فرۆتن. | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی لێکدراو، دیارخەری ناو |
| 4 | هەزاران سەرباز لە جەنگدا بەشداربوو. | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی سەرەگرێ، دیارخەری ناو |
| 5 | وان دوو کافرێن قەلەو ڤە کوشتن. | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی سادە، دیارخەری ناو |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 36:**

**یەکەم/ جیاوازی لە نێوان هاوەڵناوی ژمارەی بنجی لێکدراو بەهۆی ئامرازی لێکدەر و هاوەڵناوی ژمارەی لێکدراو بەبێ ئامرازی لێکدەر چییە؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەرەوە؟**

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی لێکدراو بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە | هاوەڵناوی ژمارەیی لێکدراو بەبێ ئامرازی لێکدەرەوە |
|---|---|---|
| 1 | هیچ گومانێك لە وتنی ژمارەکەدا نییە. | گومانێك لە وتنی ژمارەکەدا هەیە. |
| 2 | بیست و سێ ساڵە من ڕەحبەری تۆم ............ | دوو سێ کەس هاتن. |

**دووەم/ جیاوازی لە نێوان پەیڤی هێڵ بەژێردا هاتووەکانی ئەم دوو ڕستەیە چییە؟**

| ژ | ڕستە | جیاوازی |
|---|---|---|
| 1 | لە ڕۆژی پێنجی ئازاردا گەلی کورد ڕاپەڕی. | گرێی هاوەڵکاری کاتییە، تەواوکەری کارە. |
| 2 | تەمەنی لەزگینی برام پێنج ساڵانە. | گرێی هاوەڵناوییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە. |

# هاوەڵناوی ژمارەیی ( ڕیزکخستن )

**هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیزکخستن**: ئەوهاوەڵناوەیە کە پلەی ناوە ژمێرراوەکانی خۆی (واتە: ئەو شتە هاوڕەگەزانەی کە دەیان بژێرێت) بە شێوەی ڕیزکخستن یان ڕیزبەندی پیشاندەدات.

**چۆنێتی دروستکردنی هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیزکخستن:**

هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی + پاشگر (ەم - ەمین) یان (هەم - هەمین)

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی | پاشگر | هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیزکخستن |
|---|---|---|---|
| 1 | یەك | (ەم - ەمین) یان (هەم - هەمین) | یەکەم - یەکەمین یەکهەم - یەکهەمین |
| 2 | هەشت | (ەم - ەمین) یان (هەم - هەمین) | هەشتەم - هەشتەمین هەشتهەم - هەشهەمین |

**چەند سەرنجێك لەسەر هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیزکخستن، لە شێوەزاری کرمانجی خواروودا:**

**یەکەم/ ئەگەر هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیزکخستن لە دوای ناوەوە هات، پێویستی بە ( ی ) ئامرازی خستنەسەر ( درانە پاڵ ) هەیە.**

ناو (دیارخراو) + (ی) خستنەسەر + هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیزکخستن (دیارخەر) = گرێی ناوی

| ژ | ناو | خستنەسەر | هـ. ژ. ڕیزکخستن | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خوێندکار | ی | یەکەم | خوێندکاری یەکەم | خوێنکاری یەکەم خاوێنترین خوێندکارە |
| 2 | کرێکار | ی | پێنجەم | کرێکاری پێنجەم | کرێکاری پێنجەم باش کاردەکات. |

**دووەم/ ئەگەر هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیزکخستن لە پێش ناوەوە هات، پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر نییە.**

هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیزکخستن (دیارخەر) + ناو (دیارخراو) = گرێی ناوی

| ژ | هـ. ژ. ڕیزکخستن | ناو | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | یەکەمین | خوێندکار | یەکەمین خوێندکار | یەکەمین خوێندکار خاوێنترین خوێندکارە. |
| 2 | پێنجەمین | کرێکار | پێنجەمین کرێکار | پێنجەمین کرێکار باش کاردەکات. |

**سێیەم/ هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی ئەگەر بە پیتی نەبزوێن کۆتایی هات، بە هۆی پاشگری ( ەم- هەم ) و ( ەمین- هـەمین )ەوە دەکرێت بە هاوەڵناوی ژمارەیی ڕیزکخستن.**

| ژ | ناو (دیارخراو) | خستنەسەر | هـ. ژ. ڕیزکخستن | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خانوو | ی | چوارەم | خانووی چوارەم | خانووی چوارەم ماڵی ئێمەیە. |

| ژ | هـ. ژ. ڕیزکخستن | ناو (دیارخراو) | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | چوارەمین | خانوو | چوارەمین خانوو | چوارەمین خانوو ماڵی ئێمەیە. |

**چوارەم/** هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی ئەگەر بە پیتی بزوێنی ( ێ، ا،ۆ،ە،ی ) کۆتایی هات، بۆ ئەوەی پاشگری ( ەم- هەم ) و ( ەمین- هەمین ) وەربگرێت و ببێتە هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن، لە نێوان ژمارەکە و نیشانەکەدا، ناوبەندی ( ی ) وەردەگرێت.

| ژ | ه. ژ. ڕێکخستن | ناوبەند | ناو (دیارخراو) | خستنەسەر | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دە | ی | دەیەم<br>دەیەمین | ی | خوێندکاری دەیەم<br>دەیەمین خوێندکار | خوێندکاری دەیەم هات.<br>دەیەمین خوێندکار هات. |
| 2 | سێ | ی | سێیەم<br>سێیەمین | ی | وانەی سێیەم<br>سێیەمین وانە | وانەی سێیەم خوێند.<br>سێیەمین وانەم خوێند. |
| 3 | سی | ی | سییەم<br>سییەمین | ی | ماڵی سێیەم<br>سییەمین ماڵ | ماڵی سییەم دەرگاکەی شینە.<br>سییەمین ماڵ دەگاکەی شینە. |
| 4 | نۆ | ی | نۆیەم<br>نۆیەمین | ی | کتێبی نۆیەم<br>نۆیەمین کتێب | کتێبی نۆیەم هی ئەوە.<br>نۆیەمین کتێب هی ئەوە. |
| 5 | پەنجا | ی | پەنجایەم<br>پەنجایەمین | ی | کەسی پەنجایەم<br>پەنجایەمین کەس | کەسی پەنجایەم برای منە.<br>پەنجایەمین کەس برای منە. |

**پێنجەم/** هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی ئەگەر بە پیتی بزوێنی ( وو ) کۆتایی هات، بۆ ئەوەی پاشگری ( ەم- هەم ) و ( ەمین- هەمین ) وەربگرێت و ببێتە هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن، لە نێوان ژمارەکە و نیشانەکەدا، ناوبەندی ( و ) وەردەگرێت. پیت بزوێنی( وو )ی وشەکە یەکێکیان لەناو دەچێت.

| ژ | ه. ژ. ڕێکخستن | ناوبەند | خستنەسەر | ناو (دیارخراو) | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دوو | و | ی<br>— | دووەم<br>دووەمین | خوێندکاری دووەم<br>دووەمین خوێندکار | خوێندکاری دووەم هات.<br>دووەمین خوێندکار هات. |

**شەشەم/** ناکرێت لە بری هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن، هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی لە دەربڕیندا بەکار بهێنین، چونکەهەڵە دەبێت. نموونە: سەدەی بیست جەنگ کۆتایی نەهات. (هەڵەیە). سەدەی بیستەم جەنگ کۆتایی نەهات. (ڕاستە).

**حەوتەم/**

**A/ هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن ئەگەر بە هۆی ( ەمین - هەمین ) درووستبوو، وا پەسـەندترە کـە بکەوێتـە پـێش ناوەکـە، ئەگەر لە دواشیەوە بێت هەر دەبێت.**

نموونە: دووەمین خوێندکار بێتە لای تەختەڕەشەکە.

**B/ هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن ئەگەر بە هۆی ( ەم - هەم ) درووستبوو، وا پەسەندترە کە بکەوێتە دوای ناوەکە، ئەگـەر لـە پێشیەوە ناوەکەشەوە بێت هەر دەبێت.**

نموونە: خوێندکاری دووەم بێتە لای تەختەڕەشەکە.

**هەشتەم/ هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن هەمیشە دەبێتە دیارخەری ناو.**

**چەند سەرنجێك لەسەر هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن، لە شێوەزاری کرما نجی سەروودا :**

**یەکەم/ ناو ( دیارخراو ) + ئامرازی درانە پاڵی ( ا ) مێ ، ( ێ ) نێر + هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن = گرێی ناوی**

| ژ | ناو (دیارخراو) | خستنەسەر | هـ. ژ. ڕێکخستن | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەندازیار | (ێ) بۆ نێر | ئێکێ | ئەندازیارێ ئێکێ | ئەندازیارێ ئێکێ زیرەکە. |
| 2 | ئەندازیار | ( ا ) بۆ مێ | دوویێ | ئەندازیارا دوویێ | ئەندازیارا دوویێ زیرەکە |

**دووەم/ ئەگەر ناوە ژمێردراوەکە لە ڕستەکەدا دووبارە بکرێتەوە، بەڵام بە ئاشکرا نەوترێت، بۆ ڕەگەزی ( مێ ) لە بری ناوەکـە ئامرازی ( یا-ئا ) و بۆ ڕەگەزی ( نێر ) ئامرازی ( یێ-ئێ ) بەکاردێت.**

نموونە:

بۆ مێ: ماملستایا یەکێ هاتەخەلاتکرن، (یا،ئا) دوویێ نەهاتەخەلاتکرن.

بۆ نێر: ماملستایێ یەکێ هاتەخەلاتکرن، (یێ،ئێ) دوویێ نەهاتەخەلاتکرن.

# هاوەڵناوی ژمارەیی ( کەرتی )

**هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی:** ئەو هاوەڵناوەیە کە بەشێك لە ژمارەتەواوەکە و ئەندازەی کەرتەکە پیشاندەدات کە چەندێتی هەر دوو بەشی کەرتەکەیە، بەهۆی ئامرازی خستنەسەرەوە دەبێت، (ی، ێ، ا)هەمیشە ناوە وەسفکراوەکە دەکەوێتە دوای ژمارەکە، هاوەڵناوە ژمارەییەکە هەمیشە لێکدراوە.

**هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی + ئامرازی خستنەسەر ( ی،ا،ێ ) + ناو = گرێی ناوی**

| ژ | ه. ژ. کەرتی | خستنەسەر | ناو | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نیوە | ی | نانەکە | نیوەی نانەکە | نیوەی نانەکەم خوارد. |
| 2 | سێ یەك | ی | قەڵەمەکان | سێیەکی قەڵەمەکان | سێیەکی قەڵەمەکانم بەکارهێناوە. |
| 3 | چوار ئێك | ێ | بەرهەمێ | چوار ئێکێ بەرهەمێ | چوار ئێکێ بەرهەمێ ڤێ کارگەهێ بۆ هەژارانە. |
| 4 | سێیەك | ا | پەز | سێیەکا پەز | سێیەکا پەزێن خۆمن فرۆت. |

**چەند سەرنجێك لەسەر چۆنێتی خوێندنەوەی هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی:**

**یەکەم/ ئەگەر سەرە یەك بوو، ژێرە لە دوو بوو، بە نیو دەخوێندرێتەوە:**

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی | خستنەسەر | ناو | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نیوە | ی | مەڕ | نیوەی مەڕەکانم فرۆشت. |
| 2 | نیڤەك | ا | پارێ | نیڤەکا پارێ من بزر بوو. |

**دووەم/ ئەگەر سەرە یەك بوو، ژێرە سێ یان زیاتر بوو، ژێرە دەوترێت پاشان وشەی یەك:**

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی | خستنەسەر | ناو | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەشت یەك | ی | خوێندکاران | هەشت یەکی خوێندکاران نەهاتونەتەوە. |
| 2 | چوار ئێك | ێ | بەرهەمێ | چوار ئێکێ بەرهەمێ ڤێ کارگەهێ بۆ هەژارانە. |

**سێیەم/ ئەگەر سەرە دوو یان زیاتر بوو، بەم جۆرەیە : سەرە دەوترێت، پاشان ژێر، وشەی یەك بەدوایدا دەوترێت:**

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی | خستنەسەر | ناو | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دوو حەوت یەك | ی | وێنەکە | دوو حەوت یەکی وێنەکەم تەواوکردووە. |
| 2 | پێنج هەشت یەك | ا | پەز | پێنج هەشت یەکا پەزێن خۆمن فرۆت. |

**چوارەم/ ئەگەر بەشێوەی ڕێژەی سەدی یان کەرتی دەیی بوو، وەك زانستی بیرکاری دەخوێندرێتەوە:**

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی | خستنەسەر | ناو | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | لە دە دا دوو | ی | کتێب | لە دە دا دووی کتێبەکەم خوێندەوە. |
| 2 | لە سەدا هەشتا و پێنج | ی | وانە | لە سەدا هەشتا و پێنجی وانەکەم تەواوکردووە. |
| 3 | لە هەزارا یەك | ی | خەڵك | لە هەزارا یەکی خەڵك کەم دووە. |

تێبینی/ هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی، هەمیشە دەکەوێتە پێش ناو، دەبێتە گرێی ناوی، تەنیا هاوڵناوە کە دەکەوێتە پێش ناو و پێویستی خستنەسەرە.

ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 48،

**یەکەم/ جیاوازی هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن لەگەڵ هاوەڵناوی ژمارەیی بنجیدا چییە؟ لە ڕووی پێکهاتن و بەکارهێنان:**

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی | لە ڕووی پێکهاتنەوە | لە ڕووی بەکارهێنان |
|---|---|---|---|
| 1 | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی | سادە: یەك تا نۆ ، لێکدراو: تێکەڵاو، سەرەگری. | هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی + ناوی تاك = گرێی ناوی<br>هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی + ناوی کۆ = گرێی هاوەڵناوی<br>هاوەڵناوی ژمارەیی بنجی + خستنەسەر (ی) + ناو = گرێی هاوەڵکاری |
| 2 | هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن | هاوەڵناوی ژمارەی بنجی + پاشگر (ەم — ەمین) | هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن + ناو<br>ناو + خستنەسەر + هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن. |

**دووەم/ ئەو ژمارە بنجیانەی کە کۆتاییان بە پیتی بزوێنی (ە، ا، ۆ، ێ) چۆن دەکرێن بە هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن؟**

وەڵام/ پیتی (ی) ناوبەند دەخرێتە نێوان ژمارە بنجییەکە و نیشانە ڕێکخستنەکە.

| ژ | هاوەڵناوی ژمارەیی | ناوبەند | نیشانەی هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن | هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | حەفتا | ی | ەم ، ەمین | حەفتایەم ، حەفتایەمین |
| 2 | نۆ | ی | ەم ، ەمین | نۆیەم ، نۆیەمین |
| 3 | دە | ی | ەم ، ەمین | دەیەم ، دەیەمین |
| 4 | سێ | ی | ەم ، ەمین | سێیەم ، سێیەمین |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 48، وشەی هێڵبەژێردا هاتووەکان شلۆڤەبکە:**

| ژ | ڕستە | شلۆڤەکردن |
|---|---|---|
| 1 | خانیا **چارێ** مالا هەڤاڵێ منە. | هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستنە، دیارخەری ناوە. |
| 2 | **نیڤەکا** قوتابیێن ڤێ پۆلێ ل دوو وانان کەڤتینە. | هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی، دیارخەری ناوە. |
| 3 | ئازاد لە **هەشتەمین** پێپلیکە کەوتە خوارەوە. | هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستنە، دیارخەری ناو. |
| 4 | **سێیەکی** دانیشتوانی ئەم گوندە هەژاند. | هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی، دیارخەری ناو. |

هەواڵنامەی کتێب

# هاوەڵناوی (نادیار)

**هاوەڵناوی نادیار:** هاوەڵناویکە جۆر، چۆنییەتی، ژمارە و بڕی ناو یان جێناو، بە شێوەیەکی نادیار پیشاندەدات. ئەگەر هاوەڵناوی نادیار بکەوێتە دوای ناوەوە، پێویستی بە ئامرازی درانەپاڵی (ی) هەیە، بە پێچەوانەوە ئەگەر هاوەڵناوی نادیار بکەوێتە پێش ناوەوە، پێویستی بەئامرازی درانەپاڵ نییە.

**هاوەڵناوەنادیارەکان ئەمانەن:** (چەند، هەندێ، هەندەك، هەر، هەموو، تەڤ، دیکە، دی، فلان، فیسار، چەندین، ئەوەندە، هند، هندە، وەها، وەهە، وا، وەسا، وەتوف، چ، هین، گەلێك، گەلەك، زۆر، کەم، کێم، بڕێ، پیچك، هەمی).

**هاوەڵناوی نادیار هەمیشە دیارخەری ناوە، بە دوو شێوە دەردەکەوێت:**

**یەکەم/ ئەو هاوەڵناوە نادیارانەی کە دەکەونە و دوای ناو، پێویستیان بە ئامرازی خستنەسەر هەیە:**

| ژ | ناو (دیارخراو) | خستنەسەر | هاوەڵناوی نادیار (دیارخەر) | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نامەیەك | ی | تر | نامەیەکی تر | نامەیەکی تر دەنووسم. |
| 2 | کتێبێك | ی | دن | کتێبێکی دن | کتێبێکی دن دکرم. |
| 3 | گولێك | ی | وا | گولێکی وا | گولێکی وام بینی. |
| 4 | دیمەن | ی | وەها | دیمەنی وەها | دیمەنی وەهام بینی. |
| 5 | کراسێك | ی | دیکە | کراسێکی دیکە | کراسێکی دیکە دەکڕم. |

**دووەم/ ئەو هاوەڵناوە نادیارانەی کە دەکەونە و پێش ناو، پێویستیان بە ئامرازی خستنەسەر نییە:**

| ژ | هاوەڵناوی نادیار دیارخەر | ناو (دیارخراو) | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەندێك | نان | هەندێك نان | هەندێك نانم خوارد. |
| 2 | هەموو | عومر | هەموو عومر | هەموو عومرم بەزایەع چوو لە ڕێگەی عەشقدا |
| 3 | هەندێ | مرۆڤ | هەندێ مرۆڤ | هەندێ مرۆڤ ڕاستی بە خواری تێدەگەن. |

**سێیەم/ وشەکانی (زۆر، گەلێك، کەمێك، هەندێك)، ئەگەر وەسفی (ناو) بکەن، دەبنە (هاوەڵناوی نادیار)، بەڵام ئەگەر وەسفی (کار) بکەن دەبنە (هاوەڵکار).**

**A – ئەگەر وشەکانی (زۆر، گەلێك، کەمێك، هەندێك)، وەسفی (ناو) بکەن، دەبنە (هاوەڵناوی نادیار):**

| ژ | هاوەڵناوی نادیار (دیارخەر) | ناو (دیارخراو) | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەندێك | نان | هەندێك نان | هەندێك نانم کڕی. |
| 2 | کەمێك | ئاو | کەمێك ئاو | کەمێك ئاوم خوارد. |
| 3 | گەلێك | کتێب | گەلێك کتێب | گەلێك کتێبم خوێندەوە. |
| 4 | زۆر | کورد | زۆر کورد | زۆر کورد بۆ کوردستان تێکۆشا. |

**B - ئەگەر وشەکانی ( زۆر ، گەلێك، کەمێك، هەندێك )، وەسفی ( کار ) بکەن، دەبنە ( هاوەڵکار ):**

| ژ | هاوەڵکار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | هەندێك | نەخۆشەکە دەرمانەکەی هەندێك خوارد. |
| 2 | کەمێك | کرپارەکە پێویستی کەمێك دەکرێت. |
| 3 | گەلێك | فرۆشیارەکە کەلوپەل گەلێك دەفرۆشێت. |
| 4 | زۆر | منداڵە کە ئاو زۆر دەخوات. |

**چوارەم/ وشەی ( هەر ) هەمیشە بە هاوەڵناوی نادیار دەمێنێتەوە، ناتوانێت ببێت بە جێناوی نادیار:**

| ژ | هاوەڵناوی نادیار (دیارخەر) | ناو (دیارخراو) | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەر | دەوەن | هەر دەوەن | هەر دەوەنە دەبێت بە دار. |

**پێنجەم/ هاوەڵناوی نادیار ئەگەر وەسفی ناو نەکات، واتە: لە ڕستەدا بەبێ ناو بێت، دەبێتە ( جێناوی نادیار ):**

| ژ | هاوەڵناوی نادیار | جێناوی نادیار |
|---|---|---|
| 1 | هەموو منداڵەکان ڕۆیشتن. | هەموو ڕۆیشتن. |
| 2 | هەندێك سەیارە هات. | هەندێك هات. |

هەواڵنامەی کتێب

**شەشەم/ دەکرێت دوو هاوەڵناوی نادیار بەدوای یەکتردا بێن:**

نموونە: هەر هەموو مامۆستاکان هاتن.

**حەوتەم/ دەکرێت هاوەڵناوی نادیار وەسفی جێناوێکی نادیاربکات:**

| ژ | هاوەڵناوی نادیار دیارخەر | جێناوی نادیار دیارخراو | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەندێ | کەس | هەندێ کەس | هەندێ کەس ڕاستی بەخواری تێدەگەن. |

### ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 51، لەم دێرە هۆنراوانەدا هاوەڵناوی نادیار دەربهێنە:

| ژ | ڕستە | هاوەڵناوی نادیار |
|---|---|---|
| 1 | عالەم هەموو وەك تەیرە تەمەع دانە ئەمەل داو سەییادی ئەجەل ســـــاحەتی دونیا قەفەزێکە | هەموو |
| 2 | ئەڤ ڕۆم و عەجەم بووان حەسارن کرمانج هەمی لە چار کەنارن | هەمی |
| 3 | نە نەسرین بەسە باسی ئێستـەمان هیچ دادی نییە فرمێسك ڕژان | هیـچ |
| 4 | ئەوەی مێژووی کورد بخوێنێتەوە ئەڵـــقەی زێڕینی بهۆنێتەوە<br>تێئەگا هەرگیز ســـەر ناناێتەوە هیچ هێزێك نییە بیتوێنێتەوە | هیـچ |

### ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 52، ئەم هاوەڵناوە نادیارانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە:

| ژ | هاوەڵناوی نادیار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | پیچەك | پیچەك نانم خوارد. |
| 2 | هیچ | هیچ شەربەتێك ناخۆمەوە. |
| 3 | هەندێ | هەندێك کتێبم کڕی. |
| 4 | هەمی | هەمی مامۆستایان بەئەمەکن. |
| 5 | هەر | هەر ماهی نەوبۆ حاڵم پەشێوەن .... |
| 6 | دن | هۆزانڤانەکە هۆزانێکی دن نڤیسی. |

### ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 52، ئەم ڕستانە شیبکەرەوە:

**یەکەم/ چەند کتێبم کڕی.**

چەند/ هاوەڵناوی نادیار، دیارخەری ناوە.

کتێب/ ناوە، تاکە، دیارخراوە.

چەند کتێب/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

م/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەرە.

کڕی/ کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن، تێپەڕە.

**دووەم/ دیمەنی وەهام نەدیوە.**

دیمەن/ ناوە، تاکە، دیارخراوە.

ی/ ئامرازی خستنەسەر.

وەها/ هاوەڵناوی نادیارە، دیارخەرە

دیمەنی وەها/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

م/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەرە.

نەدیوە/ کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن، نەرێ، تێپەڕ.

## جێناوی ( نادیار ) ئەرکی جێناوی نادیار

**جێناوی نادیار:** وشەیەکە بەشێوەیەکی نادیار لە بری ناوی کەسێك یان شتێك بەکاردێت، بە شێوەیەکی ئاشکرا دیارنییە، کە کێیە یان چییە.

**جێناوی نادیار ئەمانەن:** (هەموو، گشت، فلان، فیسار، کابرا، هین، وانەك، هیچ، چ، تو، هەرامە، کەس، تشت، هەندەك، هەندێك، خڕ، زۆر، گەلێك، هەمیێ، یەکێك، هەمی، تەڤ، هند، هندە و ئەودی).

**یەکەم/ جێناوی نادیار لە بری ناو بەکاردرێت، هەموو تایبەتیمەندییەکانی ناو وەردەگرێت:**

| 1 | جێناوی نادیار | تایبەتمەندی ناو | نموونە |
|---|---|---|---|
| 2 | فلان | ناسراوی و نەناسراوی (ەکە، ێك، ەك، ێ) | فلانەکە، فلانێك، فلانەك، فلانێ |
| 3 | فلان | نیشانەی کۆ (ان) | فلانەکان |

**دووەم/ جێناوی نادیار هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت:**

| ژ | ئەرك | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | بکەر | فیسار ڕۆیشت. |
| 2 | نیهاد | فیسار جوان بوو. |
| 3 | بەرکار | فیسارم ناسی. |
| 4 | جێگری بکەر | فیسار بینرا. |
| 5 | تەواوکەری کاری ناتەواو | ئەوە فیسار بوو. |
| 6 | دیارخەری ناو | کتێبی فیسار تازەیە. |
| 7 | تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو<br>تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو | کتێبەکەم بە فیساردا نارد.<br>کتێبەکە بە فیسار بوو. |

**سێیەم/ جیاوازی نێوان هاوەڵناوی نادیار و جێناوی نادیار:**

| ژ | هاوەڵناوی نادیار | جێناوی نادیار |
|---|---|---|
| 1 | هەمیشە وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات. | لە بری ناو لە ڕستەدا بەکار دێت. |
| 2 | ئەگەر بکەوێتە دواى ناو (ی) خستنەسەر وەردەگرێ. بکەوێتە پێشی نایەوێت. | هەموو ئەرك و تایبەتمەندییەکانی ناو وەردەگرێ. |
| 3 | چەند کێبم کڕی. بەهاری وەهام نەدیوە. | هەموو هاتن. |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 56، ئەم جێناوە نادیارانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکار بهێنە :**

| ژ | جێناوی نادیار | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | گشت | گشت ڕۆیشتن. |
| 2 | هەندێك | هەندێك نەهاتوون. |
| 3 | کەس | کەس برسی نییە. |
| 4 | چ | چ لەبەردەکەیت. |
| 5 | هەرامە | هەرامەکەم برد. |
| 6 | وانەك | وانەکەکەم بینییەوە. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 56، جێناوی نادیاری ( فلان ) لە ڕستەدا بەکاربهێنە، بەمەرجێ هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت:**

| ژ | ئەرك | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | بکەر | فلان ڕۆیشت. |
| 2 | نیهاد | فلان جوان بوو. |
| 3 | بەرکار | فلانم ناسی. |
| 4 | جێگری بکەر | فلان بینرا. |
| 5 | تەواوکەری کاری ناتەواو | ئەوە فلان بوو. |
| 6 | دیارخەری ناو | کتێبی فلان تازەیە. |
| 7 | تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو<br>تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو | کتێبەکەم بە فلاندا نارد.<br>کتێبەکە بە فلان بوو. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 56، لەم ڕستانەی خوارەوەدا، جێناوە نادیارەکان دەربهێنە و ئەرکەکانیان دیاربیکە :**

| ژ | ڕستە | جێناوی نادیار | ئەرك |
|---|---|---|---|
| 1 | خڕ هاتبوون. | خڕ | بکەر |
| 2 | مە چ نەکریە. | چ | بەرکار |
| 2 | تۆ هینت بۆ کوێ نارد؟ | هین | بەرکار |
| 4 | یەکێك لە هاوڕێیەکانم زۆر زیرەکە. | یەکێك | نیهاد |
| 5 | ئەم همێ دزانین. | همێ | بەرکار |
| 6 | ئەمە فلان بوو. | فلان | تەواوکەری کاری ناتەواو. |
| 7 | بلا کەس نهێتە گرتن. | کەس | جێگری بکەر |

# کاری دارێژراو

**کاری دارێژراو:** کارێکی ناسادەیە، لە کارێکی سادەی واتادار و پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان پێکدێ.

**کاری دارێژراو بەم شێوەیەی خوارەوە درووستدەکرێت:**

**یەکەم/ پێشگر + کاری سادە = کاری دارێژاو (کاری دارێژراو بە پێشگر)**

| ژ | پێشگر | کاری سادە | کاری دارێژاو |
|---|---|---|---|
| 1 | هەڵ | کرد، خست، بڕی | هەڵکرد، هەڵخست، هەڵبڕی |
| 2 | ڕا | هات، کرد، پەڕی | ڕاهات، ڕاکرد، ڕاپەڕی |
| 3 | دا | ماڵی، خست، چوو | داماڵی، داخست، داچوو |
| 4 | پێ | برد، کرد، چوو | پێبرد، پێکرد، پێچوو |
| 5 | لێ | خست، بڕی، چوو | لێخست، لێبڕی، لێچوو |
| 6 | تێ | چوو، پەڕی، ڕژا | تێچوو، تێپەڕی، تێڕژا |
| 7 | دەر | دا، خست، کرد | دەردا، دەرخست، دەرکرد |
| 8 | وەر | گرت، گەڕا، پێچا | وەرگرت، وەرگەڕا، وەرپێچا |
| 9 | بەر | بوو، دا | بەربوو، بەردا |
| 10 | ڕوو | نیشت، هات، کرد، چوو | ڕوو نیشت، ڕووهات، ڕووکرد، ڕووچوو |
| 11 | ڤە | کر، چوو، هات | ڤەکر، ڤەچوو، ڤەهات |

تێبینی: ئەم پاشگرنە واتایان نییە، بەڵام کە چوونە سەر کاری سادە، واتا پەیدادەکەن، (هەڵ) واتە: بەرزکردنەوە بۆ سەوە، (دا) واتە: بۆ خوارەوە، (ڕا) بزووتنەوەیەکی ڕاستەوخۆ پیشاندەدات، (وەر) بەواتە: گەڕانەوە و شوێن گۆڕین، (ڕوو) ئاراستەی بزووتنەوەی بەروخوار.

**دووەم/ کاری سادە + پاشگر (ەوە) = کاری دارێژاو (کاری دارێژراو بە پاشگر)**

| ژ | کاری سادە | پاشگر | کاری دارێژاو |
|---|---|---|---|
| 1 | خوارد | ەوە | خواردەوە |
| 2 | کرد | ەوە | کردەوە |

**چەند تێبینییەکی گرنگ:**

**A- لە کرمانجی ژووروودا، لە بری (ەوە)، پاشکری (ڤە) بەکاردێت:**

| ژ | کاری سادە | پاشگر | کاری داڕێژاو |
|---|---|---|---|
| 1 | هات | ڤە | هاتەڤە |

**B- پاشگری (ەوە) بچێتە سەر کاری سادە، دەیکا بە داڕێژراو و ئەم گۆڕانکارییانەی تیا دەردەکەوێ:**

- واتای نوێ دروستدەکات. برد: بردەوە

- بە مانای دووبارەکردنەوەی کارێك دێت. هات: هاتەوە.

- هەندێجار دەبێتە تەواوکردنی واتای کار. حەسا: حەسایەوە، دۆزی: دۆزییەوە، لەری: لەرییەوە، ڕشان: ڕشانەوە.

**C- کاری سادە + پاشگر (اند) = کاری داڕێژاو**

| ژ | قەدی کاری تێنەپەڕ | پاشگر | کاری داڕێژاو |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕژا | اند | ڕژاند |
| 2 | سووتا | اند | سووتاند |

| ژ | ڕەگی کاری تێنەپەڕ | پاشگر | کاری داڕێژاو |
|---|---|---|---|
| 1 | مر | اند | مراند |
| 2 | کەو | اند | کەواندن |

تێبینی: پاشگری (اند)، لە بنچینەدا، لە (اندن)ەوە وەرگیراوە، کە دەچێتە سەر قەد یان ڕەگی کاری تێنەپەڕ و دەیکات بە تێپەر.

**سێیەم/ پێشگر + کاری سادە + پاشگر = کاری داڕێژاو**

| ژ | پێشگر | کاری سادە | پاشگر | کاری داڕێژاو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەڵ | دا | ەوە | هەڵدایەوە |
| 2 | دا | خست | ەوە | داخستەوە |
| 3 | هەڵ | گرت | ڤە | هەڵگرتەڤە |

تێبینی: ئەگەر دوو بزوێن بەدوای یەکدا بێت، ناوبەرندی (ی) دەچێتە نێوانیارن، وەك لە نموونەی (هەڵدایەوە) دا دەردەکەوێت.

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 64، لەم دێرە هۆنراوانەی خوارەوەدا، هەر کارێکی داڕێژراو هەیە، دەریبهێنە و لە ڕووی پێکهاتنەوە دەستنیشانی بکە:**

| ژ | ڕستە | کاری داڕێژراو | چۆنێتی دروستبوون |
|---|---|---|---|
| 1 | سبەینێ کە جەنك دامرکایەوە<br>ئاگری هەرا و شـــەڕ کوژایەوە | دامرکایەوە<br>کوژایەوە | پێشگر + کاری سادە + ناوبەند + پاشگر<br>کاری سادە + ناوبەند + پاشگر |
| 2 | گەڵێکم ڕۆژگاری تـــــــــاڵ و شیرین ڕابوارد<br>مەرگ مەودادەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر | ڕابوارد | پێشگر + کاری سادە |
| 3 | چەند جار سووتام و هەڵگەڕامەوە<br>بووم بە خۆڵە مێش دامرکـــامەوە | هەڵگەڕامەوە<br>دامرکـــامەوە | پێشگر + کاری سادە + پاشگر<br>پێشگر + کاری سادە + پاشگر |
| 4 | شەتری و تایێن سوور و زەر<br>بایێ نەسیم لێدا سەحەر | لێدا | پێشگر + کاری سادە |
| 5 | لێم گەڕێ با دەربڕم ســـۆزی دەروون<br>لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون | دەربڕم<br>هەڵوەرێنم | پێشگر + ڕەگی کار<br>پێشگر + ڕەگی کار |
| 6 | گوڵێ جانێ تە ئەز برم<br>ژدنیایێ ئـــــەز دەرکرم | دەرکر | پێشگر + قەد |

هەواڵنامەی کتێب

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 65، واتای ئەم پێشگر و پاشگرانەی خوارەوە دیاری بخە و لەگەڵ هەریەکێکیان دوو کاری داڕێژراو دروستبکە:**

| ژ | پاشگر یان پاشگر | واتا | کاری داڕێژراو | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەڵ | بۆ سەرەوە | هەڵگرت، هەڵخست | کراسەکەی هەڵخست. |
| 2 | وەر | شوێن گۆڕین | وەربوو، وەرگرت | دیارییەکەی وەرگرت. |
| 3 | ڤە | دووبارەبوونەوە | ڤەکر، ڤەبوو | دەرگاکەی ڤەکر. |
| 4 | دا | بۆ خوارەوە | داچوو، داکرد | زەوییەکە داچوو. |
| 5 | ەوە | دووبارەبوونەوە | ڤێربووەوە، خواردەوە | ئاوەکەی خواردەوە. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 65، ئەم ڕستانە سیبکەرەوە:**

**یەکەم/ ئالآی کوردستان لە هەموو شوێنێك دەشەکێتەوە.**

ئالآ/ ناوە، تاکە، دیارخراوە.

ی/ خستنەسەرە.

کوردستان/ ناوە، تایبەتییە، دیارخەرە

ئالآی کوردستان/ گرێی ناوییە، بکەرە.

لە هەموو شوێنێك/ گرێی هاوەڵکاری شوێنییە، تەواوکەری کارە.

دەشەکێتەوە/ کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، تێنەپەڕ، داڕێژراو.

**دووەم/ لا پەڕەکانی گۆڤارەکەی لەسەرخۆ هەڵدایەوە.**

لاپەڕەکان/ ناوە، ناسراوە، کۆیە، دیارخراو.

ی/ خستنەسەرە.

گۆڤارەکە، ناوە، دیارخەرە

لاپەڕەکانی گۆڤارەکە/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

ی/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك، بکەرە.

لەسەرخۆ/ هاوەڵکار، تەواوکەری کارە.

هەڵدایەوە/ کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن، تێپەڕ، داڕێژراو.

**سێیەم/ وی پە نجەرەك ڤەکر.**

وی/ جێناوی کەسی سەربەخۆ، بۆ کەسی سێیەمی تاك، بکەر.

پەنجەرەك/ ناوە، ناسراوە، گشتییە، بەرکارە.

ڤەکر/ کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن، تێپەڕ، داڕێژراو.

**چوارەم/ مەمۆی ئاگرێ نەورۆزی هەڵگر.**

مەمۆ/ ناوە، تایبەتییە، بکەر.

ی/ نیشانەی ڕەگەزی نێرە.

ئاگرێ/ ناوە، دیارخراوە.

ێ/ خستنەسەرە، بۆ ڕەگەزی تاکی نێر.

نەورۆز/ ناوە تایبەتییە، دیاخەرە

ئاگرێ نەورۆز/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

ی/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، بکەرە

هەڵگر/ کاری ڕابردووی تێپەڕ، داڕێژراو.

هەواڵنامەی کتێب

# کاری لێکدراو

**کاری لێکدراو:** لە چاوگی لێکدراو درووستدەکرێت، لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێکدێت، کە واتای سەربەخۆی هەیە.

کاری لێکدراو بەم شێوانەی خوارەوە درووستدەکرێت:

**یەکەم/ ناو + چاوگ = کاری لێکدراو**

**A - ناوی سادە + کاری سادە = کاری لێکدراو**

| ژ | ناوی سادە | کاری سادە | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | دەست | کەوت | دەستکەوت |
| 2 | یارمەتی | ادا | یارمەتیدا |

**B - ناوی داڕێژاو + کاری سادە = کاری لێکدراو**

| ژ | ناوی داڕێژراو | کاری سادە | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | جێگە | بوو | جێگەبوو |
| 2 | ڕێگا | گرت | ڕێگاگرت |

**C- ناوی لێکدراو + کاری سادە = کاری لێکدراو**

| ژ | ناوی لێکدراو | کاری سادە | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | ناڵەناڵ | کرد | ناڵەناڵکرد |
| 2 | ماڵئاوایی | کرد | ماڵئاواییکرد |

**D- ناوی سادە + کاری داڕێژاو = کاری لێکدراو**

| ژ | ناوی سادە | کاری داڕێژراو | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | چاو | لێبوو | چاولێبوو |
| 2 | دەست | هەڵبڕی | دەست هەڵبڕی |

**E- گرێی ناو + کاری سادە = کاری لێکدراو**

| ژ | گرێی ناوی | کاری سادە | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | لە دەست | چوو | لەدەستچوو |
| 2 | بەدەست | هێنا | بەدەستهێنا |

کتێبی هەوالنامە

### F- گرێی ناو + کاری دارێژاو = کاری لێکدراو

| ژ | گرێی ناوی | کاری دارێژراو | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | لەیاد | چوو   ەوە | لەیادچووەوە |
| 2 | بەبیر | هات   ەوە | بەبیرهاتەوە |

## دووەم/ هاوەڵناو + کاری = کاری لێکدراو

### A - هاوەڵناوی سادە + کاری سادە = کاری لێکدراو

| ژ | هاوەڵناوی سادە | کاری سادە | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | خۆش | کرد | خۆشکرد |
| 2 | بڵند | کرد | بڵندکرد |

### B- هاوەڵناوی دارێژاو + کاری سادە = کاری لێکدراو

| ژ | هاوەڵناوی دارێژراو | کاری سادە | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | نەخۆش | کەوت | نەخۆشکەوت |
| 2 | بەهێز | کرد | بەهێزکرد |

### C- هاوەڵناوی لێکدراو + کاری  سادە = کاری لێکدراو

| ژ | هاوەڵناوی لێکدراو | کاری سادە | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | دڵشاد | بوو | دڵشادبوو |
| 2 | دڵخۆش | بوو | دڵخۆشکرد |

### D- هاوەڵناوی سادە + کاری دارژاو = کاری لێکدراو

| ژ | هاوەڵناوی سادە | کاری دارێژراو | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | نوێ | بوو   ەوە | نوێبووەوە |
| 2 | تیژ | کرد   ەوە | تیژکردەوە |

### E- هاوەڵناوی دارێژاو + کاری دارێژاو = کاری لێکدراو

| ژ | هاوەڵناوی دارێژراو | کاری دارێژراو | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | بەهێز | بوو   ەوە | بەهێزبووەوە |
| 2 | بەئاگا | هات   ەوە | بەئاگاهاتەوە |

### F- هاوەڵناوی لێکدراو + کاری داڕێژاو = کاری لێکدراو

| ژ | هاوەڵناوی لێکدراو | کاری داڕێژراو | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | دڵخۆش | کرد ەوە | دڵخۆشکردەوە |
| 2 | دڵسارد | کرد ەوە | دڵساردکردەوە |

### سێیەم/ ئاوەڵکار + کار = کاری لێکدراو

### A - هاوەڵکاری سادە + کاری سادە = کاری لێکدراو

| ژ | هاوەڵکاوی سادە | کاری سادە | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | کەم | کرد | کەمکرد |
| 2 | زۆر | کرد | زۆرکرد |

### B- هاوەڵکاری سادە + کاری داڕێژاو = کاری لێکدراو

| ژ | هاوەڵکاوی سادە | کاری داڕێژراو | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| | کەم | کرد ەوە | کەمکردەوە |
| 2 | زۆر | کرد ەوە | زۆرکردەوە |

### C- هاوەڵکاری داڕژاو + کاری سادە = کاری لێکدراو

| ژ | هاوەڵکاوی داڕێژراو | کاری سادە | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | لەناو | برد | لەناوبرد |
| 2 | لەناو | چوو | لەناوچوو |

### چوارەم/ وشەی بێمانا + کاری سادە = کاری لێکدراو

| ژ | وشەی بێمانا | کاری سادە | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| 1 | پەك | کەوت | پەککەوت |
| 2 | واز | هێنا | وازهێنا |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 72، کاری لێکدراو بەچەند ڕێگا دروستدەکرێت، بۆ هەر ڕێگایەك نموونە بنووسە بە ڕستەوە:**

| ژ | یاسای کاری لێکدراو | نموونە | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | ناو + چاوگ | دەستکەوت | پارەکەم دەستکەوت. |
| 2 | هاوەڵناو + چاوگ | دڵخۆشکردن | منداڵەکە دڵخۆش بوو. |
| 3 | هاوەڵکار + چاوگ | لەناو بردن | پیاوخراپەکانیان لەناوبرد. |
| 4 | وشەی بێواتا + چاوگ | پەککەوتن | نەخۆشەکە پەکی کەوت. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 72، لەم کارانەی خوارەوە، کاری لێکدراو دروستبکە، لەڕستەدا بەکاریان بهێنە، پاشان چۆنیەتی دروستکردنیان ڕوونبکەرەوە:**

| ژ | کار | کرای لێکدراو | چۆنیەتی دروستبوون | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کەوت | پککەوت | وشەی بێواتا + کاری سادە | نەخۆشەکە پەکی کەوت. |
| 2 | هەڵگرت | دەست هەڵگرت | ناو + کاری داڕێژراو | لە کارەکە دەستم هەڵگرت. |
| 3 | دا | ئاودا | ناو + کاری سادە | باخەکەم ئاودا. |
| 4 | بوو | نەخۆش بوو | هاوەڵناوی داڕێژراو + کاری سادە | پیاوە پیرەکە نەخۆش بوو. |
| 5 | کردەوە | سارد کردەوە | هاوەڵناوی سادە + کاری داڕێژراو | خواردنەکەم سارد کردەوە. |
| 6 | هەڵبڕی | دەست هەڵبڕی | ناو + کاری داڕێژراو | خوێندکارەکە دەستی هەڵبڕی. |
| 7 | گرت | دەست گرت | ناو + کاری سادە | پیاوەکە دەستی کەم ئەندامەکەی گرت. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 73، لەم دێرە هۆنراوانەی خوارەوەدا، هەر کارێکی لێکدراو هەیە دەری بهێنە، پاشان چۆنیەتی دروستکردنەکەی دیاری بکە:**

| ژ | ڕستە | کاری لێکدراو | چۆنیەتی دروستبوون |
|---|---|---|---|
| 1 | ئەو کەسەی گیانی لە ڕێگەی نیشتیمانا بەخت ئەکا<br>پێی مەڵێن مردووە شەهید، والەفیردەوسی بـــەرین | بەخت ئەکا | ناو + کاری سادە |
| 2 | بەند و زنجیر دێ ڤەبن جەرحێن دکول دێ خوش بکت<br>لە کو ناڤێ دلبەرێ دەرمـــــــــــــانێ دەردی بەندەیە | خوەش بکت | هاوەڵناو + کاری سادە |
| 3 | غەنچە لە ژ ڕەنگ گولێ دێمێ ب سەر نوما مەلێ<br>شوبهەتی بولبولان سەمەر لەو مـــەفغان ونالەکر | نالەکر | هاوەڵناوی سادە + کاری سادە |
| 4 | داری ئازادی بەخێون ئاونەدرێ قەت بەرناگرێ<br>سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد ســـەرناگرێ | ئاونەدرێ<br>بەرناگرێ<br>سەرناگرێ | ناو+ کاری سادەی نەرێ<br>ناو + کاری سادەی نەرێ<br>ناو + کاری سادە |

**ڕاهێنانی چوارەم، لاپەڕەی 73، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە:**

**یەکەم/ ڤی خەباتکەرێ دێ خەلاتکەن.**

ڤی ....... ێ/ هاوەڵناوی نیشانە دیارخەری ناو.

خەباتکەرێ/ناوی بکەری لێکدراوە، دیارخراو.

ڤی خەباتکەرێ/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

دێ خەلاتکەن/ کاری ڕانەبردووی تێپەڕە.

ن/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی کۆ، بکەرە.

**دووەم/ ئەزێ خانی ئاڤادکەم.**

ئەز/ جێناوی کەسی سەربەخۆ، بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەرە.

ێ/ نیشانەی ڕەگەزی نێر.

خانی/ ناوە، گشتییە، بەرکارە.

ئاڤادکەم/ کاری ڕابردووی ڕاگەیاندن، تێپەڕە، لێکدراوە.

م/ جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

هەواڵنامەی کتێب

# کاری تێپەڕ و کاری تێنە پەڕ

**کاری تێنە پەڕ:** کارێکە دۆخی کەسێك یان شتێك پیشاندەدات، لە کاتێکی دیاریکراودا، بەتەنیا واتای تەواو دەدا بەدەستەوە، ئەرکەکەی پەیوەندی بە بکەرەوە هەیە.

**کاری تێپەڕ:** کارێکە دۆخی کەسێك یان شتێك پیشاندەدات، لە کاتێکی دیاریکراودا، هەمیشە ئەرکی کردارەکە لە بکەرەکەوە دەپەڕێتە سەر کەسێك یان شتێکی تر، پێیدەوترێ (بەرکار).

## بەیەکێك لەم ڕێگایانە دەتوانین کاری تێپەڕ و کاری تێنە پەڕ لەیەك جیابکەیەنەوە:

### یەکەم/ لە ڕێگەی جێناوە کەسییە سەربەخۆکانەوە:

A-جێناوی کەسی سەربەخۆ + چاوگ = ڕستەیەکی واتادار (واتە چاوگەکە تێنەپەڕ)ە:

| ژ | جێناوی کەسی سەربەخۆ | چاوگ | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | ئێوە | هاتن | ئێوە هاتن. |
| 2 | ئەوان | خەوتن | ئەوان خەوتن. |

چاوگەکە دێنین و جێناوی کەسی سەربەخۆی (ئێوە، ئەوان)ی دەخەینەپێش، گەر ڕستەکە واتاداربوو، کەواتە: چاوگەکە تێنەپەڕە.

B- جێناوی کەسی سەربەخۆ + چاوگ = ئەرکی کار دەچێتە سەر وشەیەکی تر، کە بەرکارە، (واتە چاوگەکە تێپەڕ)ە:

| ژ | جێناوی کەسی سەربەخۆ | چاوگ | | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئێوە | گرتن | ئێوە گرت. | ئێوە دزەکەتان گرت. |
| 2 | ئەوان | بردن | ئەوان برد. | ئەوان دیارییەکەیان برد. |

چاوگەکە دێنین و جێناوی کەسی سەربەخۆی (ئێوە، ئەوان)ی دەخەینەپێش، ئەگەر ئەرکی کردارەکە لە بکەرەکەوە چووە سەر کەسێك یان شتێکی تر، پێیدەوترێ (بەرکار). ئەو کاتە چاوگەکە (تێپەڕە).

### دووەم/ لە ڕێگەی جێناوە کەسییە لکاوەکانەوە:

A-جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم، (م مان، ت تان، ی یان)، لە ئەرکی بکەردا، دەچنەسەر کاری ڕابردووی تێپەڕ، ئەگەر چاوگەکە سادە بێت دەچنە کۆتایی کار، گەر چاوگەکە ناسادە بێت، دەچنە سەر بەشی یەکەمی کار:

| ژ | چاوگ | کاری ڕابردووی تێپەڕ | |
|---|---|---|---|
| 1 | گرتن | گرتم | گرتمان |
| 2 | هەڵگرتن | هەڵم گرت | هەڵمان گرت |
| 3 | سەر هەڵگرتن | سەرم هەڵگرت | سەرمان هەڵگرت |

**B- جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم، ( م ین، یت ن، Ø ن )، دەچنەسەر کاری ڕابردووی تێنە پەڕ، لە ئەرکی بکەردا، چاوگ ساده بێت یان ناسادە، دەچنە کۆتایی کار:**

| ژ | چاوگ | کاری ڕابردووی تێنەپەڕ |
|---|---|---|
| 1 | هاتن | هاتم هاتین هاتیت هاتن هاتØ هاتن |
| 2 | ڕاهاتن | ڕاهاتم ڕاهاتین ڕاهاتیت ڕاهاتن ڕاهاتØ ڕاهاتن |
| 3 | سەرکەوتن | سەرکەوتم سەرکەوتین سەرکەوتیت سەرکەوتن سەرکەوتØ سەرکەوتن |

C- جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی سێیەم، (م ین، یت ن، ات ێت ن)، دەچنەسەر کاری ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ، چاوگ ساده بێت یان ناسادە، دەچنە کۆتایی کار:

| ژ | چاوگ | ڕانەبردووی تێنەپەڕ | چاوگ | ڕانەبردووی تێپەڕ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گەیشتن | دەگەم دەگەین دەگەیت دەگەن دەگات دەگەن | برین | دەبڕم دەبڕین دەبڕیت دەبڕن دەبڕێت دەبڕن |

**هەندێك سەرنج لەسەر تێپەڕ و تێنە پەڕ:**

| ژ | تێپەڕ | تێنەپەڕ |
|---|---|---|
| 1 | بەرکار لە ڕستەکەدا هەیە. | بەرکار لە ڕستەکەدا نییە. |
| 2 | بەشێ لە ئەرکی کار لە بکەرەوە دەچێتە سەر (بەرکار) | ڕستە (بکەر و کار) بەتەنیا واتای تەواو دەدەن بەدەستەوە |
| 3 | نموونە: ئالان پەنجەرەکەی داخست | نموونە: ڤیان هات. |
| 4 | دەکرێ بە بکەر نادیار، پەنجەرەکە داخرا دادەخرێ | ناکرێت بە بکەر نادیار |
| 5 | تەواوکەری بەیاریدە وەردەگرێ (پۆشاکیان لە بازاڕ کڕی) | تەواوکەری بەیاریدە وەردەگرێ (ژنەکە بە گەڕەکدا هات) |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 76، لەم کارانەی خوارەوە کاری تێپەڕ و تێنە پەڕ جیابکەرەوە، لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە:**

| ژ | کار | هێزی کار | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | سەبڕی | تێپەڕ | پیاوەکە مریشکەکەی سەربڕی. |
| 2 | کەوتبوو | تێنەپەڕ | منداڵەکە بەدەمدا کەتبوو. |
| 3 | دەنووسێت | تێپەڕ | نووسەرکە چیرۆکەکە دەنووسێت. |
| 4 | دەفڕێت | تێنەپەڕ | کەوەکە دەفڕێت. |
| 5 | هەڵگرتووە | تێپەڕ | منداڵەکە بووکەکەی هەڵگرتووە. |
| 6 | ڕاخست | تێپەڕ | ژنەکە فەرشەکەی ڕاخست. |
| 7 | ڕۆیشت | تێنەپەڕ | خوێندکارەکە بۆ خوێندنگە ڕۆیشت. |
| 8 | دەمرد | تێنەپەڕ | پیاوەکە لە خەفەتا هەموو ڕۆژێك دەمرد. |
| 9 | نووست | تێنەپەڕ | منداڵەکە لە لانکەدەدا نووست. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 76، ئەم ناوانە لە ڕستەدا بەکار بهێنی جارێك ببنە بکەر و جارێك بەرکار:**

| ژ | ناو | بکەر | بەرکار |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | کۆتر | کۆترەکە فڕی. | کۆترەکەم گرت. |
| 2 | گوڵ | گوڵەکە ڕوا. | گوڵەکەم ئاودا. |
| 3 | دیوار | دیوارەکە ڕووخا. | دیوارەکەم گەچکاری کرد. |
| 4 | پیاو | پیاوەکە هات. | پیاوەکەم بینی. |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 76، لەم هۆنراوانەدا کاری تێپەڕ و کاری تێنە پەڕ دەربهێنە:**

| ژ | هۆنراوە | تێپەڕ | تێنەپەڕ |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | ئەڵێن جەردەی ئەجەل ڕێگا بە کاروانی نەفس ئەگرێ<br>شەقامی سینە ئەبڕێ بۆ تـــــەمتعی دیدە ئەڕوانێ<br>تەریدە نەفس و شەیتان قافڵەی فاعاتی غارەتکرد<br>ئەگەر جاسووس ئیمان نەبێ دەرنـــاچێ ئینسانێ | ئەڵێن<br>ڕێگا<br>دەگرێ<br>ئەبڕێ<br>غارەتکرد | |
| 2 | گڵۆپەکانی ســــــەر جادە و کۆڵان<br>زەرد هەڵگەڕابوون کزکز ئەسووتان<br>ئاسمانی شین و ئەســـــــتێرەکانی<br>پێدەکەنین بۆ بەری بـــــــەیانی | | هەڵگەڕابوون<br>ئەسووتان<br>پێدەکەنین |

**ڕاهێنانی پێنجەم، لاپەڕەی 77، ئەم ڕستانە شیبکەرەوە:**

**یەکەم/ ئاشەوان گەنم دەهاڕێت.**

**ئاشەوان/** ناوە، تاکە، نەناسراوە، بکەرە.

**گەنم/** ناوە، تاکە، نەناسراوە، بەرکارە.

**دەهاڕێت/** کاری ڕانەبردووی تێپەڕ.

**ێت/** جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

**دووەم/ کەروێشکەکە لە دووەنەکە دەرپەڕی.**

**کەروێشکەکە/** ناوە، تاکە، ناسراوە، بکەرە.

**لە دووەنەکە/** تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە.

**دەرپەڕی/** کاری ڕابردووی تێنەپەڕ.

**سێیەم/ ئاسنگەر پاچ و بێڵ دروستدەکات.**

**ئاسنگەر/** ناوە، تاکە، نەناسراوە، بکەرە.

**پاچ و بێڵ/** گرێی ناوییە بەرکارە.

**دروستدەکات/** کاری ڕانەبردووی تێپەڕە.

**چوارەم/ منداڵەکە لە بێشکەکەدا نووست.**

**منداڵەکە/** ناوە، تاکە، ناسراوە، بکەرە.

**لە بێشکەکەدا/** تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو

**نووست/** کاری ڕابردووی تێنەپەڕە.

# گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ کاری تێپەڕ

**کاری تێپەڕ:** ئەو کارەیە کە کاریگەری کار لە بکەرەوە تێپەڕیوەتە سەر شەیەکی تر (بەرکار).

**کاری تێنەپەڕ:** ئەو کارەیە، کە کاریگەری کار لە بکەرەوە تێنەپەڕیوەتە سەر شەیەکی تر.

**بە پێی ئەم ڕێگایانەی خوارەوە، دەتوتنین کاری تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ بگۆڕین:**

یەکەم/ ڕەگی کاری تێنەپەڕ + پاشگر (اندن) = کاری تێپەڕ

| ژ | چاوگ | کار | جۆری کار | ڕەگی کاری تێنەپەڕ | پاشگر (اندن) | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نووستن | نووست | سادە | نوو | نوواندن | منداڵەکەی نوواند. |
| 2 | داتەپین | داتەپی | داڕێژراو | داتەپ | داتەپاندن | ژوورەکەی داتەپاند. |
| 3 | بەدەست گەیشتن | بەدەست گەیشت | لێکدراو | بەدەست گە | بەدەست گەیاندن | نامەکەی بەدەست گەیاند. |

دووەم/ قەدی چاوگی تێنەپەڕ + اندن = چاوگی تێپەڕ.

| ژ | چاوگ | کار | جۆری کار | قەدی چاوگی تێنەپەڕ | پاشگر (اندن) | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | برژان | برژا | سادە | برژا | برژاندن | گۆشتەکەی برژاند. |
| 2 | داڕووخان | داڕووخا | داڕێژراو | داڕووخا | داڕووخاندن | ژوورەکەی داڕووخاند. |
| 3 | لەدەست چوون | لەدەست چوو | لێکدراو | لەدەست چوو | لەدەست چوواندن | ملکەکەی لەدەست چوواند. |

سێیەم/ کاری یاریدەدەر (هێنایە، دەهێنێتە) + دەنگە سروشتییەکان + اندن = چاوگی تێپەڕ

| ژ | دەنگی سرووشتی | پاشگر | چاوگی تێنەپەڕ | کاری یاریدەدەر | چاوگی تێپەڕ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نووزە | اندن | نووزاندن | هێنایە، دەهێنێتە | هێنایە، دەهێنێتە نووزاندن |
| 2 | بۆڵە | اندن | بۆڵاندن | هێنایە، دەهێنێتە | هێنایە، دەهێنێتە بۆڵاندن |
| 3 | بارە | اندن | باراندن | هێنایە، دەهێنێتە | هێنایە، دەهێنێتە باراندن |

A-ئەگەر ڕەگی کار یان قەدی چاوگ بە پیتی بزوێن کۆتایی هات، پاشان پاشگری (اندن)مان بۆ زیاکرد، لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەت، دوو ئەگەر هەیە:

**یەکەم/ ناوبەندی ( ی ) دەچێتە نێوانیان:**

| ژ | چاوگی تێنەپەڕ | ڕەگی کار یان قەدی چاوگ | ناوبەند | پاشگر | چاوگی تێپەڕ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گەیشتن | گە (ڕەگی کار) | ی | اندن | گەیاندن |

**دووەم/ بەلابردنی پیتێکی بزوێن:**

| ژ | چاوگی تێنەپەڕ | ڕەگی کار یان قەدی چاوگ | لابردنی بزوێن | پاشگر | چاوگی تێپەڕ |
|---|---|---|---|---|---|
| 2 | شکان | شکا (قەدی چاوگ) | ا | اندن | شکاندن |

B- لە زمانی کوردیدا، هەندێك چاوگێکی تێنەپەڕ هەیە، بە هیچ ڕێگەیەك ناکرێت بە تێپەڕ، بۆ هەمیشە بە تێنەپڕی دەمێننەوە، چونکە لەبەرامبەریاندا کاری تێپەڕ هەیە:

| ژ | چاوگی تێنەپەڕ | چاوگی تێپەڕ |
|---|---|---|
| 1 | گۆڕان | گۆڕین |
| 2 | سڕانەوە | سڕینەوە |
| 3 | گەڕان | گێڕان |
| 4 | هاتن | هێنان |

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 81، چۆن کاری تێپەڕ و تێنە پەڕ لەیەك جیادەکەیتەوە، بە نموونە ڕوونی بکەرەوە:**

| ژ | کاری تێپەڕ | کاری تێنەپەڕ |
|---|---|---|
| 1 | ئەو کارەیە کە کاریگەری کار لە بکەرەوە تێپەڕیوەتە سەر وشەیەکی تر (بەرکار). | ئەو کارەیە، کە کاریگەری کار لە بکەرەوە تێنەپەڕیوەتە سەر وشەیەکی تر. |
| 2 | پێویستی بە بەرکار هەیە. | پێویستی بە بەرکار نییە. |
| 3 | کاری بکەر نادیاری لێدرووست دەکرێت. | کاری بکەر نادیاری لێدرووست ناکرێت. |
| 4 | جوتیار زەوی دەکێڵێت. | کەوەکە فڕی. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 81، بە چەند ڕێگە دەتوانی کاری تێنە پەڕ بگۆڕی بۆ تێپەڕ، بە نموونەوە:**

| ژ | ڕێگەی گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | ڕەگی کاری تێنەپەڕ + پاشگر (اندن) = کاری تێپەڕ | نووواندن |
| 2 | قەدی چاوگی تێنەپەڕ + اندن = چاوگی تێپەڕ. | شکاندن |
| 3 | کاری یاردیدەدەر (هێنایە، دەهێنێتە) + دەنگە سروشتییەکان + اندن = چاوگی تێپەڕ | بۆڕاندن |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 81، چۆن لە دەنگە سرووشتییەکان کاری تێپەڕ درووست دەکرێ، بە نموونەوە:**

| ژ | دەنگی سرووشتی | پاشگر | چاوگی تێنەپەڕ | کاری پاریدەدەر | چاوگی تێپەڕ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | قوقە | اندن | قوقاندن | هێنایە، دەهێنێتە | هێنایە، دەهێنێتە قوقاندن |

**ڕاهێنانی چوارەم، ئەم کارە تێنەپەڕانە بگۆڕە بۆ تێپەڕ و لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە:**

| ژ | کاری تێنەپەڕ | کاری تێپەڕ | ڕستە |
|---|---|---|---|
| 1 | تێپەڕی | تێپەڕاند | پاسکیلەکەم تێپەڕاند. |
| 2 | خشی | خشاند | منداڵەکە خۆی بە دیوارەکەدا خشاند. |
| 3 | کەوت | کەواند | منداڵەکەی کەواند. |
| 4 | برژا | برژاند | ماسییەکەی برژاند. |
| 5 | خنکا | خنکاند | لە ئاوەکەدا خۆی خنکاند. |
| 6 | سووتا | سووتاند | ماڵەکەی سووتاند. |
| 7 | وەری | وەراند | گوڵەکەم وەراند. |
| 8 | چوو | چوواند | کارەکەم چوواند. |
| 9 | ڕەڤ | ڕەڤاند | دارەکەی ڕەڤاند. واتە: ڕواند. |
| 10 | هەرمی | هەرماند | تونێلەکەی هەرماند. واتە: ڕووخاند |

**ڕاهێنانی پێنجەم، لاپەڕەی 82، ئەم ڕستانە شلۆڤە بکە:**

**یەکەم/ پێشمەرگەی کوردستان لەشکری دوژمنی بەزاند.**

پێشمەرگە/ ناوە، دیارخراوە.

ی/ خستنەسەر.

کوردستان/ ناوە، تایبەتییە، دیارخراوە.

پێشمەرگەی کوردستان/ گرێی ناوییە بکەرە.

لەشکر/ ناوە، دیارخراوە.

ی/ خستنەسەر.

دوژمن/ ناوە دیارخراوە.

لەشکری دوژمن/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

ی/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

بەزاند/ کاری ڕابردووی تێپەڕە.

**دووەم/ کارەساتەکە مرۆڤەکەی هێنایە ڤیژاندن.**

کارەساتەکە/ ناوە، ناسراوە/ بکەرە.

مرۆڤەکە/ ناوە، ناسراوە، بەرکارە.

ی/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر.

هێنایە/ کاری یاریدەدەر.

هێنایە ڤیژاندن/کاری ڕابردووی تێپەڕ.

هەواڵنامەی کتێب

# هاوەڵکاری چۆنیەتی

**هاوەڵکاری چۆنیەتی:** هاوەڵکاری چۆنیەتی یان وشەیەکە یان گرێیەکە، چۆنیەتی ڕوودانی کارەکە پیشاندەدات، دەبێتە تەواوکەری واتای کارەکە.

**چەند سەرنجێك لەسەر هاوەڵکاری چۆنیەتی:**

| ژ | هاوەڵکار | پێناسە | نموونە | ئەرکی هاوەڵکار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سادە | لەیەك وشەی واتادار پێك دێت. | چاك، گورج، خێرا | هاوەڵکار، تەواوکەری کارە |
| 2 | دارێژراو | لە وشەیەکی سادە لەگەڵ پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان دروست دەبێت. | بەچاکی، بەخێرایی، بەپەلە | گرێی هاوەڵکاری، تەواوکەری کارە |
| 3 | لێکدراو | لە دوو وشەی سادە واتادار یان زیادەیەك پێکدێت. | بەدڵشکاوی، بەسەربەرزی | گرێی هاوەڵکاری، تەواوکەری کارە |

ئەگەر هاوەڵکاری چۆنیەتی وەسفی کار بکارت دەبێتە (هاوەڵکار)، بەڵام ئەگەر وەسفی ناو بکارت، دەبێتە (هاوەڵناوی چۆنیەتی):

**هاوەڵناوی چۆنیەتی/** وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات لە ڕستەدا، لە ڕووی ئەرکەوە دەبێتە دیارخەری ناو یان جێناو، یان دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو.

**هاوەڵناوی چۆنیەتی ئەم ئەرکانە دەبینێ**

**یەکەم/ هاوەڵناوی چۆنێتی دەبێتە دیارخەری ناو:**

A- **ناو یان جێناو (دیارخراو)+ (ی) خستنەسەر + هاوەڵناوی چۆنێتی (دیارخەر) = گرێی ناوی**

| ژ | ناو یان جێناو | خستنەسەر | هاوەڵناوی چۆنیەتی | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | مامۆستایەك | ی | بەتوانا | مامۆستایەکی بەتوانا | مامۆستایەکی بەتوانام بینی. |

B- **ناو یان جێناو + (ە) خستنەسەر + هاوەڵناوی چۆنێتی = گرێی ناوی**

| ژ | ناو یان جێناو | خستنەسەر | هاوەڵناوی چۆنیەتی | ەکە - ان | گرێی ناوی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | منداڵ | ە | خاوێن | ەکە - ان | منداڵە خاوێنەکان | منداڵەخاوێنەکانم بینی. |

دووەم/ **هاوەڵناوی چۆنێتی دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو:**

نموونە/ منداڵەکە جوان بوو.

هەولێرنامە کتێب

**ڕاهێنانی یەکەم، لاپەڕەی 85، ئەم ووشانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکار بهێنە، بەمەرجێك جارێك هاوەڵکاری و جارێك هاوەڵناوی چۆنێتی بن.**

| ژ | وشە | هاوەڵناوی چۆنێتی | هاوەڵکاری چۆنێتی |
|---|---|---|---|
| 1 | بەکورجی | خوێندکارەکە لە وانەکانیدا گورج بوو. | خوێندکارەکە بە گورجی وانەکانی ئەنجامدا. |
| 2 | خراپ | درۆ کارێکی خراپە. | شوشەکە خراپ شکا. |
| 3 | بەسەربەستی | سەربەستی مرۆڤ بەندە بە سەربەستی کۆمەڵگەوە. | مرۆڤ پێویستە بەسەربەستی بژی. |
| 4 | زۆر بەپەلە | میوانەکە بەپەلە بوو. | میوانەکە بەپەل ڕۆیشت. |
| 5 | بەهێواشی | لە ئەنجامدانی کارەکەیدا هێواش بوو. | دزەکە بە هێواشی ڕۆیشت. |
| 6 | گەورە | وێنەکە گەورەیە. | ماڵەکەیان گەورە درووستکراوە. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 85، ئەم وشانەی خوارەوە بکە بە هاوەڵکاری داڕێژراو:**

| ژ | وشە | هاوەڵکاری چۆنێتی |
|---|---|---|
| 1 | هێمن | بەهێمنی |
| 2 | سارد | بە ساردی |
| 3 | فێنك | بە فێنکی |
| 4 | خۆش | بە خۆشی |
| 5 | زیرەك | بە زیرەکی |
| 6 | پاك | بە پاکی |
| 7 | سەوز | بە سەوزی |
| 8 | مەرد | بە مەردی |
| 9 | تاڵ | بە تاڵی |
| 10 | چاك | بە چاکی |

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 85، ئەم ڕستانە شیبکەرەوە:**

**یەکەم/ چێشتەکە بە گەرمی مەخۆ.**

چێشتەکە/ ناوە، تاکە، بەرکارە.

بەگەرمی/ گرێی هاوەڵکارییە، تەواوکەری کارە.

مەخۆ/کاری داخوازی تێپەڕە.

ە/ جێناوی لکاو بۆ کەسی دوەمی تاك، بکەرە

**دووەم/ قوتابی ژیر، ژیرانە وەڵام دەداتەوە.**

قوتابی/ ناوە، گشتییە، دیارخراوە

ی/ خستنەسەر.

ژیر/ هاوەڵناوە، دیارخەرە

قوتابی ژیر/ گرێی ناوییە بکەرە.

ژیرانە/ هاوەڵکاری چۆنێتییە، تەواوکەری کارە

وەڵامدەداتەوە/ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

**سێیەم/ ئێمە بە دڵسۆزی کاردەکەین.**

ئێمە/ جێناوی کەسی سەربەخۆ. بکەر. بە دڵسۆزی/ گرێی هاوەڵکاری ت. کار. کاردەکەین/ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ.

هەواڵنامەی کتێب

# کاری یاریدەدەر

**کاری یاریدەدەر:** ئەو کارەیە کە لە ڕستەدا، لەپاڵ (کارێکی سەرەکی یان چاوگێك)دا دێت، بۆ دیاریکردنی مەبەستێك، دەبێتە هۆی تەواوکردنی مانای کارەکە یان چاوگەکە.

**کارە یاریدەدەرەکان ئەمانەن:** (دەبوو، دەبێت، بوو، هێنایە ئینایە، هاتە، دهێتە، دێ هێتە، خستە، وست، دوێت، دڤێت، دەتوانی، دشێین، دەوێرم، دێ، دهێت، دەڵێی، دەشێت، دەگونجێت، دەلوێت، دا، دابوو، ددا، دایە، ...).

## کاری یاریدەدەر لەم کاتانەدا درووستدەبێت:

**یەکەم/ کاتێك کاری ڕستە ڕێژەی دانانی بێت:**

| ژ | چاوگ | دەمی کار | ڕێژەی دانانی | کاری یاریدەدەر | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کردن | ڕابردووی نزیکی دانانی (قەدی چاوگ + با) | کردبا | دەشێت | دەشێت کارەکەت کردبا. |
| 2 | کردن | ڕابردووی بەردەوام دانانی (قەدی چاوگ + بێت) | کردبێت | پێویستە | پێویستە کارەکەت کردبێت. |
| 3 | کردن | ڕابردووی دووری دانانی (قەدی چاوگ + بووبا) | کردبووبا | دەبوو | دەبوو کارەکەت کردبووبا. |
| 4 | کردن | ڕانەبردووی دانانی (ب + ڕەگی کار + م ین یت ن Ø ن) | بکەین | دەبێت | دەبێت کارەکە بکەین. |

**دووەم/ کاتێك کارەکە بکەرنادیاربێت، لە شێوەزاری کرمانجی سەروودا:**

| ژ | کاری یاریدەدەر | دەمی کار | چاوگ | کاری بکەرنادیار | ڕستە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هاتە | ڕابردووی نزیکی | فرۆتن | هاتە فرۆتن | پەزەکە هاتە فرۆتن. |
| 2 | هاتییە | ڕابردووی تەواو | بڕین | هاتییە بڕین | دارەکە هاتییە بڕین. |
| 3 | دهاتە | ڕابردووی بەردەوام | خوارن | دهاتە خوارن | نانەکە دهاتە خوارن. |
| 4 | هاتبوو | ڕابردووی دوور | ئێنان | هاتبوو ئێنان | کتێبەکە هاتبوو ئێنان. |
| 5 | دهێتە | ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا | ڕێشتن | دهێتە ڕێشتن | چێشتەکە دهێتە ڕێشتن. |
| 6 | دێ هێتە | ڕانەبردوو بۆ دەمی ئایندە | کوشتن | دێ هێتە کوشتن | پیاوەکە دێ هێتە کوشتن. |

**سێیەم/ لەکاتی درووستکردنی چاوگی تێپەڕ لە دەنگی سرووشتی:**

| ژ | کاری یاریدەدەر | چاوگی تێنەپەڕ لە دەنگی سرووشتی | چاوگی تێپەڕ لە دەنگی سرووشتی | ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هێنایە | گریاندن | هێنایە گریاندن | منداڵەکەی هێنایە گریاندن. |
| 2 | دەهێنێتە | قیژاندن | دەهێنێتە قیژاندن | ژنەکە دەهێنێتە قیژاندن؟ |

هەوالنامەی کتێب

**ڕاهێنانی یەكەم، لاپەڕەی 90، ئەم كارە یاریدەدەرانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەكار بهێنە:**

| ژ | كاری یاریدەدەر | ڕستە |
|---|---|---|
| 1 | دەتوانین | دەتوانین خوێندن بەسەركەوتوویی تەواوبكەین. |
| 2 | دەبوو | دەبوو وانەكانمان ئامادەكردبا. |
| 3 | دەگونجێت | دەگونجێت وانەكانمان تەواوكردبێت. |
| 4 | دەوێرم | دەوێرم كارەكە بكەم. |
| 5 | دەڵێم | دەڵێم نهێنیەكە بدركێنم. |
| 6 | دهێتە | ئەڤ باژێرە دهێتە ئاڤاكرن. |

**ڕاهێنانی دووەم، لاپەڕەی 90، ئەم كارانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەكار بهێنە، بەمەرجێك جارێك كاری یاریدەدەربن، جارێك كاری سەرەكی.**

| ژ | وشە | كاری سەرەكی | كاری یاریدەدەر |
|---|---|---|---|
| 1 | دەبێت | ژنەكە منداڵی دەبێت. | دەبێت خوێندن تەواوبكەن. |
| 2 | دەمەوێت | دیارییەكەم دەوێت. | دەمەوێت كتێب بكڕم. |
| 3 | هێنایە | كتێبەكان و دەفتەرەكانی هێنایە ماڵەوە. | كچەكە منداڵەكەی هێنایە قیژاندن. |
| 4 | دڤێت | كورد ئازادی دڤێت. | دڤێت وانە بخینم. |
| 5 | خستە | كتێبەكەی لەدەست خستەخوار. | پیاوەكەی خستە گریان. |
| 6 | دهات | ئەو بۆ لای من دهات. | كتێب دهات نووسین. |
| 7 | دەبوو | كتێبەكە بۆ خوێندن دەبوو. | دەبوو بچن بۆ سەیران. |

هەوالنامەی کتێب

**ڕاهێنانی سێیەم، لاپەڕەی 91، ئەم ڕستانە شلۆڤەبكە:**

**یەكەم/ دەبێت ڕۆمانەكە بخوێنمەوە.**

دەبێت/ كاری یاریدەدەرە.

ڕۆمانەكە/ ناوە، ناسراوە، بەركارە.

بخوێنمەوە/ كاری ڕانەبردووی دانانی، تێپەڕە.

م/ جێناوی لكاو بۆ كەسی یەكەمی تاك، بكەرە.

**دووەم/ دەمەوێت یارمەتی هەژارەكە بدەم.**

دەمەوێت/ كاری یاریدەدەر.

هەژارەكە/ ناوە، تاكە، ناسراوە، بەركارە.

یارمەتی بدە/ كاری ڕانەبردووی دانانی، تێپەڕە.

م/ جێناوی لكاو بۆ كەسی یەكەمی تاك، بكەر.

# خاڵبەندی

**خاڵبەندی:** دانانی خاڵ و نیشانەیە، لەکاتی نووسیندا، لە نێوان بەشەکانی ئاخاوتندا، بۆ جیاکردنەوەیان لەیەکتر، یان بایەخدان بە دەبڕینی دەنگ و سۆز، لە کاتی خوێندنەوەدا.

## چەند سەرنجێك لەسەر نیشانەکانی خاڵبەندی

**یەکەم/ خاڵ ( . ) ڕاوەستانی کورت پیشاندەدات.**

| ژ | کاتی دانانی خاڵ (.) | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | لە کۆتایی هەموو ڕستەیەکدا دادەنرێت: | خوێندکارەکە وانەکەی خوێند. |
| 2 | لە دوای یەکەم پیت دادەنرێت، کە دەستنیشانکردنی ناوی پیشە: | د. سامان. م. ئاراس |

**دووەم/ دوو خاڵ ( : ) نیشانەی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنە :**

| ژ | کاتی دانانی دووخاڵ (:) | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | لە پێش ئاخاوتنێك کە وەك خۆی بگێڕدرێتەوە: | نەسرین وتی: ......... |
| 2 | لەدوای وتنێك کە پێویست بەبژاردن و لێکدانەوە بکات | وەرزەکانی ساڵ: زستان، بەهار، هاوین و پایز |
| 3 | پێش هێنانەوەی نموونە: | لەبری: بۆ وێنە: وەکو: بۆ نموونە: بریتیەلە: |

**سێیەم/ بۆر ( ، )کورتترین ڕاوەستانە :**

| ژ | کاتی دانانی بۆر (،) | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | لەدوای ناوی بانگکراو: | کورە، وەرە بۆ ئێرە. |
| 2 | لە نێوان جێگر و جێلێگیراودا: | فەریقە کوێر، لە سلێمانی دەژیا. |
| 3 | بۆ جیاکردنەوەی زنجیرەیەك وشە، کە بەدوای یەکدا بژێردرێن: | شەممە، یەك شەممە، دوشەممە، سێ شەممە .... |
| 4 | بۆ دابڕینی زنجیرەك وشە یان گرێ لەیەکتر: | جوتیار بەگەرما و سەرما، بەخشی و ناخۆشی، دەژی. |
| 5 | لەبری کارێکی فرتێنراو: | من دەچم بۆ هەولێر و ئەویش، بۆ دهۆك. |
| 6 | بۆ دابڕینی پارستە لە شارستە: | نەمزانیوە، کە ئێوە لێرەن. |
| 7 | لە ڕستەی لێکدراودا لە بری ئامرازی لێکدەری (و) دادەنرێت. | سیروان ویستی بچێت بۆ شار، ئەسپەکەی هێنا..... |

**چوارەم/نیشانەی پرس ( ؟ ) دەخرێتە کۆتایی ئەو ڕستانەی کە پرسیاری لە کەس یان شت یان هتد... پێدەکرێت:**

نموونە: کەی دەچیت بۆ خوێندنگە؟

**پێنجەم/ نیشانەی سەرسوڕمان ( ! ) دەخرێتە کۆتایی ئەو ڕستانەی کە سەرسوڕمانی تێدابێت:**

نموونە: ئای چەند درەنگ هاتیت!

**شەشەم/ جووت کەوانەی بچووک (( )) لەم شوێنانەدا بەکاردێت:**

| ژ | کاتی دانانی جووت کەوانە (( )) | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | لە پێش و پاشی وشەیەك یان ڕستەیەك کەلەلای خوێنەرەوە جێگەی سەرسوڕمان بێ | تەنیا شێوەزاری ((گۆران))م بەدڵە. |
| 2 | لە پێش و پاشی دەقێك کە وەك خۆی بنووسرێتەوە: | ((بەرد لە جێی خۆی سەنگینە)) |

**حەوتەم/ جووت کەوانەی گەورە ( )**

| ژ | کاتی دانانی جووت کەوانە ( ) | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | وشەیەك، گرێیەك یان ڕستەیەك کەواتایەکی تایبەتی هەبێت: | (گۆرانی شاعیر) زۆر ناودار بوو. |
| 2 | وشەی بێگانە: | بەشێکە لە کەلتوری نەتەوە. (folk lor) |
| 3 | ساڵی لەدایکبوون: | ساڵی (1991) لە باشووری کوردستان کورد ڕاپەڕی. |

**هەشتەم/ هێڵ یان تەقەڵ –**

| ژ | کاتی دانانی هێڵ یان تەقەڵ – | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | بۆ جیاکردنەوەی گفتوگۆی دوو کەس: | -دوو ڕۆژە لەکوێی. – لە ماڵەوە. – بۆچی؟ .... |
| 2 | لە نێوان ژمارە و ژمێردراودا: | 1- 2- 3- A- B- C- |

**نۆیەم/ چەند خاڵ ..........**

| ژ | کاتی دانانی چەند خاڵ .......... | نموونە |
|---|---|---|
| 1 | بۆ بژادنی شتێکی کە چەند دانەیەك بێت و قسەکەر مەبەستی هەموو دانەکان ببژێرێت: | شەممە، یەك شەممە، |

هەوڵنامەی دێڤ

# ئەدەب

داستانی قەڵای دمدم ................................................................ 50
ڕێبازە ئەدەبییەکان (ڕێبازی کلاسیزم ) ............................................ 51
ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردیی ( شێوەزاری لوڕ) .................................. 53
ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردیی ( شێوەزاری گۆران ) ............................. 55
ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردیی ( شێوەزاری کرمانجی ژووروو ) .................. 57
ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردیی ( شێوەزاری کرمانجی خواروو ) ................... 61
سەرەتای پەخشانی کوردی ..................................................... 66
مێژووی ڕۆژنامەگەریی و پەیوەندی بە گەشەسەندنی پەخشانی کوردییەوە ........ 68

نموونەی ئەدەب

مەلای باتەیی ................................................................ 72
حەسیب قەرەداغی ............................................................ 73
کوردی ....................................................................... 74
کانی ......................................................................... 75
مەلاتەهای مایی .............................................................. 76
کامەران موکری .............................................................. 77
مەلا مەحمودی بایەزیدی ..................................................... 79
میر جەلادەت بەدرخان ....................................................... 80

هەواڵنامەی کتێب

# داستانی کوردی ( قەڵای دمدم )

1-ڕووداوی داستانی قەڵای دمدم لە چ ساڵێکدا ڕوویدا؟

1806A 1608 B 1607 C 1068 D

2-ڕووداوی داستانی قەڵای دمدم لە چ سەدەیەکدا ڕوویدا؟

Aسەدەی شازدە Bسەدەی حەڤدە C سەدەی هەژدە D سەدەی نۆزدە

3-کوردانی قارەمانی قەڵای دمدم، لە شەڕدا لەگەڵ سەفەوییەکان، چیان لاباش بوو؟

Aسەرشۆڕکردن Bڕاکردن و وولات جێهێشتن C بەکۆمەڵ مردن D خۆبەدەستەوەدان

4- بەگشتی داستانە کوردییەکان لە فۆلکلۆرەوە گۆڕاون بۆ داستانی نووسراو، بەڵام داستانی دمدم لە چییەوە وەرگیراوە؟

Aڕووداوی کۆمەڵایەتی Bڕووداوی مێژوویی C بەسەرهاتی میللی D ڕووداوی سیاسی

5- چ زانایەکی کورد چەند گێڕانەوەیەکی داستانی قەڵای دمدمی تۆمارکردووە، بە وەرگێڕانی ڕووسیەوە پێشکەشی کردووە لە ساڵی 1967دا؟

Aعەرەبی شەمۆ Bجاسمی جەلیل C ئۆردوخانی جەلیل D مستەفا ساڵح کەریم

6- مستەفا ساڵح کەریم لەسەر بناغەی کەرەسەی مێژوویی (پیەس) لەساڵی 1961دا، داستانی قەڵای دمدمی لە شێوەی چیدا نووسیوە؟

Aڕۆمان Bداستان C چیرۆکی سەر شانۆ D هۆنراوە

7- عەرەبی شەمۆ لەساڵی 1966دا، داستانی قەڵای دمدمی کردووە بە ڕۆمان، بە زمانی کوردی پیتی ڕووسی سلاڤی لە کوێ چاپیکردووە؟

Aئەستەمبووڵ Bیەریڤان C بەرلەین D مۆسکۆ

8- عەرەبی شەمۆ لە ڕۆمانی دمدم دا، دەیەوێ چی ڕوونبکاتەوە؟

Aپەیوەندی دوژمنانەی کورد و فارس Bپەیوەندی دۆستایەتی کورد و هاوسێکانی

C پیوەندی کۆمەڵایەتی کورد D پەیوەندی باری سیاسی کورد

9- داستانی دمدم لە سەدەی حەڤدەدا وێنەیەکی نایابی ژیانی کوردی لە بارەی چییەوە کێشاوە؟

Aژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری Bژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی C ژیانی ئابووری و سیاسی D ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی

**سەرچاوە کوردی و فارسییەکان بە درێژی باسی ڕووداوەکانی قەڵای دمدم یان کردووە، ئەو بەرهەمە فۆلکلۆرییە ئازایەتی جەنگاوەرانی کوردی قەڵای دمدمی پیشاندا، تائێستاش بە شێوەی سەرزاری لەناو خەڵکیدا بڵاوە، ڕۆژهەڵاتناسەکان بایەخیان بە حیکایەتی دمدم داوە و بۆ زمانەکانی (ڕووسی، ئەڵمانی، فەرەنسی، ئەرمەنی و فارسی) وەرگێڕدراوە.**

سەرکردەی کوردان (ئەمیرخانی لەپ زێرین)، هاواری مەردانە بە رامبەر (شا عەباس)ی سەفەوی بەرزدەکاتەوە و دەڵێ:

**خان عەودالّ و کاکە خانە حەوت شەوانە و حەوت ڕۆژانە لەش کەوتن وەکی گردانە خوێـن ڕۆیی هەروەك جۆگانە**

**شەڕیان دەکرد بە شـێرانە شـێران نەیــــــاندێ کێلانە باڵچووغەی شێران نەمانە شەهیدیان کرد کـــاکە خانە**

## ڕێبازە ئەدەبییەکان (ڕێبازی کلاسیك)

10- ڕێبازی کلاسیك لە ئەورووپا لە پاش سەردەمی ڕاپەڕین لە چ سەدەیەکدا ڕوویدا؟

Aسەدەی پازدە Bسەدەی شازدە C سەدەی حەڤدە D سەدەی هەژدە

11- کۆنترین ڕێبازی ئەدەبی کامەیە کە لە پەیدابوون و بڵاوبوونەوەیدا، دەسەڵاتی بەسەر بەرهەمی ئەدەبیدا پەیداکرد؟

Aڕێبازی ڕۆمانتیك Bڕێبازی ریالیست C ڕێبازی کلاسیك D ڕێبازی ئەدەبی

12- ڕێبازی کلاسیك سەرەتاکانی لە چ وولاتێك دەرکەوت؟

Aفەرەنسا Bئەڵمانیا C ئیتالیا D بەریتانیا

13- ڕێبازی کلاسیك لە چ وولاتێك گەشەی کرد؟

Aفەرەنسا Bئەڵمانیا C ڕووسیا D بەریتانیا

14- وشەی کلاسیزم لە کلاسیس (classis) لاتینییەوە هاتووە، لە بنچینەدا بە مانا چی هاتووە؟

Aڕێبازی ئەدەبی Bکەشتیگەل C ڕێبازی هونەری D گەل

15- ناونانی ئەدەبی کلاسیك بەو ناوە، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو جۆرە ئەدەبە نەمرە، بۆیە بەکەڵکی چی دێت؟

Aلاساییکردنەوە Bپەروەردەکردن و فێرکردنی لاوان لە پۆلەکانی خوێندندا

C باسکردن سرووشت Dباسکردی جوانی ئافرەت

16- ئەدەبی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی بە چ جۆرە ئەدەبێك دانراون؟

Aکلاسیك Bڕۆمانتیك C میللی D ریالیزم

17- ئەو ڕێبازە کامەیە کە لەسەر بنچینەی لاسایی کردنەوەی ئەدەبیاتی یۆنانی و ڕۆمانی دامەزرا؟

Aڕۆمانتیك Bکلاسیك C ریالیزم D فۆلکلۆر

## خاسیەت و تایبەتمەندی ڕێبازی کلاسیزمی ئەورووپی

**یەکەم/ چەشە لە ئەدەبیاتی لاتینی و یۆنانی وەردەگرێت.**

**پرسیار/ بەکار هێنانی زاراوەی کلاسیزم، لە لایەن پەیڕەوکەرانی ڕێبازەکەوە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

وەڵام/ نووسەرانی سەدەی حەڤدەیەم، هەمیشە چاویان لەوەبووە کە جۆرە ئەدەبێکی وا بهێننەکایەوە کە شان لە شانی ئەدەبی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی بدات.

هەولێرنامەی کتێب

**دووەم/ ئەم جۆرە ئەدەبە زادەی عەقڵە.**

**پرسیار/ ئەدەبیاتی کلاسیك زادەی عەقڵە، بۆیە هەمیشە هەوڵی گەیشتن بە چی داوە؟**

وەڵام/ هەوڵی گەیشتنی بە ڕاستییەکان داوە.

**پرسیار/ لەبەر ئەوەی کلاسیك هەوڵی گەیشتنی بەڕاستییەکان دەدات، بۆیە بەشی زۆری بەرهەمەکانی چۆنە؟**

وەڵام/ شانۆگەریی بووە.

**سێیەم/ گرنگی دان بە داڕشتە و چاك کاری شێوازی نووسین.**

| ژ | ڕێبازی کلاسیك | ڕێبازی ڕۆمانتیك |
|---|---|---|
| 1 | ڕێز لە بنەما و بنچینەکانی زمان دەگرێت. | ئارەزووی نوێکردنەوە و تازەگەری دەکات. |
| 2 | هەمیشە چاو دەبڕێتە ڕەسەنایەتی و جوانی دەربڕینی زمانەوانی. | وشە بۆ مەبەستی ڕەسەنی خۆی بەکاردێنایەت. |
| 3 | گرنگی بە ڕووخسار دەدات. | گرنگی بە ناوەڕۆك دەدات. |

**چوارەم/ ئەدەبی کلاسیك بنەما و بنچینەی (ڕوونی و ئاشکراییە ).**

بوالۆ دەڵێ: (هەر شتێك بە ڕوونی هەستی پێبکرێت، دەکرێ بە ڕوونی دەبڕێ).

**پرسیار/ بۆچی ڕێبازی کلاسیك دوژمنی ناڕوونییە؟**

وەڵام/ چونکە هەر ناڕوونییەك لە ئەدەبدا بێت، ئەوە ناڕوونییە لە بیر و عەقڵی نووسەرەکەدا.

**پێنجەم/ کلاسیك لاسایی کردنەوەیە.**

**پرسیار/ بۆچی کلاسیك لە ئەدەبدا بە لاسایی کردنەوەی سرووشت دادەنرێت؟**

وەڵام/ چونکە کلاسیك بۆچوونێکی مرۆڤانەی هەیە.

**بنەما ئەدەبییەکانی کلاسیزمی کوردیی**

**یەکەم/ بەشی هەر زۆری ئەدەبی کلاسیکی کوردی هۆنراوەیە.**

**پرسیار/ بۆچی بەشی زۆری ئەدەبی کلاسیکی کوردی هۆنراوەیە؟**

وەڵام/ چونکە سیفەتی زاڵ بەسەر ئەدەبی کلاسیکیدا هۆنراوەیە، لە شێوەی شیعری ستوونیدا بە یەك سەروا هاتۆتەخوار

**دووەم/ گرنگی بە پتەوی واتا دەدات.**

**پرسیار/ بۆچی هەموو کەس ناتوانێ بە ئاسانی لە ئەدەبی کلاسیکی تێبگات؟**

وەڵام/ چونکە کلاسیزم ئەکادمیا و قوتابخانەیە.

**سێیەم/ یەکێتی بابەت لە شیعری کلاسیکی کوردیدا کەم پەیڕەوکراوە.**

**پرسیار/ بۆچی یەکێتی بابەت لە شیعری کلاسیکی کوردیدا کەم پەیڕەوکراوە؟**

وەڵام/ چونکە شاعیر لە هەر بەیتێکدا جۆرە بابەتێك باس دەکات.

هەولنامەی کێژ

**چوارەم/ پەیڕەوانی ڕێبازی کلاسیك لاسایی بەرهەمی ئەدەبی پێش خۆیان دەکەنەوە.**

پرسیار/ چۆن پەیڕەوانی ڕێبازی کلاسیك لاسایی بەرهەمی ئەدەبی پێش خۆیان دەکەنەوە؟

وەڵام/ بەرەچاوکردنی (شوێن و هەڵگرتنی کۆمەڵێك دەستوور و بابەت و وێنە و شێوەی دارشتنی شیعر).

**پێنجەم/ ڕێبازی کلاسیکی کوردی پەیڕەوی کێشی (عەرووز)ی کردووە.**

(خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی) بنەماکانی کێشی عەرووزی داناوە و کوردیش هەموو دەریا عەرووزییەکانی بەکارهێناوە.

**شەشەم/ ڕێبازی کلاسیك گرنگی بە ڕووخسار دەدات.**

کلاسیزم گرنگی بە وشەکاری دەدات پێش مانا، هەروەها گرنگی بە وێنە دەدات بەر لە ماددە، گرنگی بە ڕەوانبێژیش دەدات.

**حەوتەم/ مەبەستەکانی هۆنراوەی کلاسیکی کوردی ئەمانەن: (دڵداری، غەزەل، پێداهەڵگوتن، لاواندنەوە، وەسف، ....).**

**هەشتەم/ ڕێبازی کلاسیکی کوردی بابەتی نەتەوایەتی باس دەکات.** کە جیایدەکاتەوە لە ئەدەبی کلاسیکی جیهانی.

## ئەدەبیاتی کلاسیزمی کورد (شێوەی لوری)

18- لە ساڵی حەفدەی کۆچییەوە، ئایینی ئیسلام لە کوردستان بڵاوبووە، ئەدەبیاتی کوردی بە هۆی بارودۆخی نوێوە، ڕووی لە چی کرد؟

Aبەهێزبوون کرد    Bڕووی لە کزی و ئاوابوون کرد    C ڕووی لە داهێنان کرد    D ڕووی هەڵوەشان و نەمان کرد

19- لە چ سەردەمێکدا گەلە ناموسڵمانە عەرەبەکان، گەڕانەوە بۆ سەر زمانی زکماکی خۆیان؟

Aتورکەکان    Bفارسە سەفەوییەکان    C سەلجوقییەکان    D هاتنی یۆنانەکان

21- لە شێوەزاری لوردا، کۆنترین بەرهەم کەمابێتەوە و نەفەوتابێت، بەرهەمی کێیە؟

Aمەلای پەرێشان    Bنالی    C مەلای جزیری    D باباتاهیری هەمەدانی

22- باباتاهیری هەمەدانی یان عوریانی، شاعیرێکە سەر بە چ قوتابخانەیەکی ئەدەبییە؟

Aکلاسیك    Bڕۆمانتیك    C ڕیالیزم    D هیچیان

23- باباتاهیر لە چ شارێك لەدایکبووە؟

Aسنە    Bئیلام    C هەمەدان    D کرماشان

24- باباتاهیری هەمەدانی پیاوێکی خواناس بووە، لە خەڵك دوورکەوتۆتەوە و گۆشەگیری لاپەسەندبوو، پیاوێکی چۆن بووە؟

Aسۆفی    Bمەلا    C شێخ    D دەروێش

25- چ کەسێك لە گۆڤاری (کۆمەڵەی ئاسایی بەنگال) لە ساڵی 1904دا، وتارێکی لەسەر باباتاهیر نووسیوە و ساڵی لەدایکبوونی دیاریکردووە؟

Aگۆرانی شاعیر    Bخانا قوبادی    C میرزا مەهدی خان    D مەلا پەرێشان

26- ساڵی لەدایکبوون و مردنی باباتاهیری هەمەدانی کەی بووە؟

A 1010 – 938     **B** 2010 – 1938     C 1010 – 984     D 1010 – 983

27- بەرهەمەکانی باباتاهیر زیاتر چۆنە؟ Aقەسیدەیە Bچوارینە C غەزەلە D پێنج خشتەکی

28- بەرهەمەکانی باباتاهیر چۆن گەیشتۆتە دەستی ئێمە؟

Aبە نووسراو Bبە شێوەی سەرزاری C بەشێوی جیاواز D هیچیان

29- باباتاهیر زیاتر لە پێنسەد چوارینە بەناوییەوە لە چاپدراوە، بەڵام خۆی لە بنەڕەتدا خاوەنی چەند چوارینەیە؟

A دووسەد Bحەوسەد C هەشتا D سەد و هەشتا

30- باباتاهیری هەمەدانی بەرهەمەکانی (كلمات قصار و الفتوحات الربانى فى اشارات الهمدانى) بە چ زمانێك نووسیوە؟

Aکوردی شێوەزاری لوڕ Bعەرەبی C فارسی D تورکی

**ڕووخساری شیعرەکانی بابا تاهیری هەمەدانی:**

یەکەم/ ڕێچکەیەکی سادەی بێ گرێ بووە.

دووەم/ هۆنراوەکانی بە زمانێکی سادە و ساکار بوون.

سێیەم/ بە زاراوەی لوڕی پەتی، مانای بەرزی دەربڕیوە.

چوارەم/ بەدوای وشەی گراندا نەگەڕاوە، بە قاڵبی (چوارینە) شیعرەکانی داڕشتووە.

پێنجەم/ چوارینەکانی داهێنانی خۆی بووە، لاسایی کەسی نەکردۆتەوە و کەس کاری تێنەکردووە.

شەشەم/ کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهێناوە، بە تایبەتی (مەفاعیلون - مەفاعیلون - مەفاعیل).

**ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی بابا تاهیری هەمەدانی:**

-هۆنراوەکانی بۆ خۆشەویستی خوا وتووە، شاعیرێکی سۆفی گەربووە.

- سۆفی گەرێتی: بریتییە لەوەی کە سۆفی دەست لە هەموو شتێك هەڵدەگرێ کە پەیوەندی بە ژیانی ڕووی زەوییەوە هەبێت، هەروەها بە دڵ و بەگیان ڕوودەکەنە خۆشەویستەکەیان کە خوایە، ئەو کاتە دەگەنە (پلەی لەناوچوون) لە ناو خۆشەویستەکەیاندا.

**موئان بەحروم کە دەر زەرف ئامەدوستوم      بەهەر ئەلفی ئەلف قەدی بەرئـــــــایۆ**

**موئان نوقتە کە دەر حەرف ئـــامەدوستوم      ئەلف قەدوم کە دەر ئەلف ئامەدوســتوم**

من وەکو ئەو نوقتەیەوام کە لە سەر پیتێکدا پەیدابووم، لەدوای هەر هەزار ساڵێك ئەلف ئەندامێك دەردەکەوێت، من ئەو ئەلف ئەندامەم.

# ئەدەبیاتی کلاسیزمی کورد (شێوەی گۆران)

31- کۆنترین تێکست لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، تێکستی چ شێوەزارێکە؟

Aشێوەزاری کرمانجی سەروو B شێوەزاری کرمانجی خواروو C شێوەزاری لوڕ D شێوەزاری گۆران

**ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی شێوەی گۆران، لە ڕووی ڕووخسارەوە:**

یەکەم/ لە هۆنراوەکانیاندا کێشی (بڕگەیی) خۆماڵیان بەکارهێناوە.

دووەم/ لە هۆنراوەکاندا سەروای (مەسنەوی) جووت سەروا یان سەروای ڕەنگاوڕەنگ یان بەکارهێناوە.

**ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی شێوەی گۆران، لە ڕووی ناوەرۆکەوە:**

یەکەم/ شیعری چیرۆکی یان چیرۆکی شیعری (مەلحەمی) یان چیرۆکی دڵداری، دەستبازی، حیکایەتی ئەفسانەیی یان بەکارهێناوە

دووەم/ شیعری گۆرانی (ویژدانی، کەسی، سرووشت).

سێیەم/ شیعری ئایینی (مەزهەبی).

32- لە دوای سەلجوقییەکانەوە کۆنترین بەرهەم لە ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی شێوەی گۆران، هی چ شاعیرێکە؟

Aمەلای جزیری Bمەلای پەرێشان C ئەحمەدی خانی D نالی

33- ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی شێوەی گۆران، لە پێش و لە پاش پەیدابوونی ئیسلام، زۆر بەڵگە و ئامۆژگاری ئایینی پێنووسراوە، ئەمە کەرەسەیەکی گرنگە بۆچی؟

Aبۆ لێکۆڵینەوە سیاسی B بۆ لێکۆڵینەوە کەلتووری و فەرهەنگی

C بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی D بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی ئایین و مەزهەب و تەریقەت

34- مەلای پەرێشان خەڵکی کوێیە؟ Aدەینەوەر B کرماشان C لوڕستان D هەمەدان

35- هۆنراوەکانی مەلای پەرێشان بە نزیکەی ساڵی چەند نووسیونی؟

A 1397 B 1398 C 1379 D 1389

36- بە زۆری هۆنراوەکانی مەلا پەرێشان بە دەوری چ مەبەستێکدا دەسووڕێنەوە؟

Aوەسف Bدڵداری C ئایینی D پیاهەڵدان

37- هۆنراوەکانی مەلای پەرێشان زیاتر مەزهەبین، بە زۆری ستایشی کێ دەکەن؟

Aپیاو چاکەکانی سەردەمی خۆی B پێغەمبەری ئیسلام C پیاوانی ئاینی یارسان D شێخ و مەلا

38-ئەو شیعرانەی مەلای پەرێشان کە لە شاری کرماشان دۆزرانەوە، بە سۆزەوە چیرۆکی کێ دەگێڕیتەوە؟

Aخۆشەویستی Bئازایەتی و نەبەردی C چیرۆکی حەسەن و حسێن D پێغەمبەری ئیسلام

39- شیعری چ تەریقەتێك بە زاراوەی ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی شێوەی گۆران، نووسراوە؟

Aتەریقەتی قادری Bتەریقەتی (ئەهلی هەق) C شیعری دڵداری D داستانە شیعر

40- خانای قوبادی چ بەرهەمێکی مەزن و ناوازەی بە ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی شێوەی گۆران، نووسیوە؟

Aمەم و زین Bشیرین و خوسرەو C مەمی ئالان D لاس و خەزاڵ

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، دوای سەرهەڵدان پەیدابوونی شێوەزاری گۆران، زۆر شاعیری گەورە هۆنراوەیان پێ وتووە وەك: (مەولەوی، مەلای بێسارانی، ئەحمەد بەگی کۆماسی، شێخ سیراجەدین، مەولانا خالیدی نەقش بەندی).

41- بێسارانی بە چ شێوەزارێك هۆنراوەی نووسیوە؟

Aشێوەزاری کرمانجی سەروو B شێوەزاری کرمانجی خواروو C شێوەزاری لوڕ D شێوەزاری گۆران

**ڕووخساری هۆنراوەکانی بێسارانی:**

یەکەم/ هۆنراوەکانی بە کێشی عەرووزی عەرەبی نووسیوە.

دووەم/ لە هۆنراوەکاندا سەروای (مەسنەوی) جووت سەروا یان سەروای ڕەنگاوڕەنگ یان بەکارهێناوە.

سێیەم/ وشەی بیانی (عەرەبی و فارسی) بەکارهێناوە. چوارەم/ هونەری ڕەوانبێژی بەکارهێناوە.

**ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی بێسارانی:**

**یەکەم/ ئەڤینی و دڵداری:** سۆز و خۆشەویستی لای بێسارانی پاڵنەرێکی بەهێزبووە، وەرچەرخانی لە ژیانیدا کردووە، بەلای هۆنراوەیدا بردووە.

چراغ وەنەوشە چنوور چەنـــی گوڵ عەزم رای ویساڵ تۆشان هــــانە دڵ
چنوور جەسەر کۆ وەنەوشە جە چەم گوڵ جە گوڵستان وەهـــــەم بیەن جەم
واتشان بە من بەندەی فــــــڵانی چون حاڵ زانەنی بەحاڵ بەحاڵ مەزانی

**دووەم/ خواناسی و دەروێشی و تەسەوف:** ئەم مەبەستە لە هۆنراوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە پیاوێکی ئایینی و ڕاسگۆ و خواناس بووە.

ئێمەیچ پەروانەی شەم شوناسانیم پەڕوباڵ سوفتەی دینی خاسانیم
میللەتی پاك دین پێغەمبەرانیم نەك جە تایەفەی کەم نەزارانیم
بنمانە جەبین نوری پـــــاکتەن ئەرتۆ پاکەنی جەکێ بـــــاکتەن

**سێیەم/ مەبەستی کۆمەڵایەتی:**

ئارۆ وێنەی وێم دیم خەزانی زار بەندبێ بەزامەت جەور و جەفای خار
ئەو جە دەردێ وێش بێ مەدارا بی خــــار چەنگێ زامەت لێش و یارا بێ

هەوراز ئەحمەد کێژ

## ئەدەبیاتی کلاسیزمی کورد (شێوەی کرمانجی ژووروو)

42- ئەدەبیاتی کوردی شێوەزاری کرمانجی ژووروو چ سەدەیەك سەری هەڵدا؟

Aنیوەی دووەمی سەدەی شازدە Bنیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە و سەرەتای سەدەی هەژدە

C نیوەی دووەمی سەدی هەژدە Dنیوەی دووەمی سەدەی شازدە و سەرەتای سەدەی حەڤدە

43- ئەدەبیاتی کوردی شێوەزاری کرمانجی ژووروو، بۆ سەردەمی چ میرنشینێك دەگەڕێتەوە؟

Aمیرنشینی بابان Bمیرنشینی بادینان

C میرنشینی بۆتان Dمیرنشینی سۆران

ئەم شاعیرانە بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو شیعریان وتووە: (فەقێی تەیران، مەلای جزیری، عەلی حەریری، ئەحمەدی خانی، مەلای باتەیی، شاپرتەوی هەکاری، مەلا مەنسووری گرگاشی، شێخ محەمەدی مەغریبی).

### مەلای جزیری

44- ساڵی 1567 – 1640، ساڵی لەدایکبوون و مردنی چ شاعیرێکە؟

Aئەحمەدی خانی Bمەلای جزیری C فەقێی تەیران D شا پەرتەوی هەکاری

45- لە ڕۆژانی دەسەڵاتی میری بۆتاندا، چ شاعیرێك لە مزگەوتی (سوور)دا نێژراوە؟

Aئەحمەدی خانی Bمەلای جزیری Cفەقێی تەیران D نالی

46- (مەلا، مەلێ، نیشانی) نازناوی چ شاعیرێکە؟

Aعەلی حەریری Bمەلای باتەیی C فەقێی تەیران D مەلای جزیری

47- مەلای جزیری بە دامەزرێنەری ئەدەبیاتی کوردی چ شێوەزارێك دادەنرێت؟

Aشێوەزاری کرمانجی سەروو Bشێوەزاری کرمانجی خواروو C شێوەزاری لوڕ D شێوەزاری گۆران

48- چ شاعیرێك دڵی خۆی کردووە بە نیشانەی تیری خۆشەویستی؟

Aنالی Bمەلا باتەیی C مەی پەرێشان D مەلای جزیری

بەرهەمەکانی مەلای جزیری:

-مەلای جزیری دیوانێکی گەورەی هەیە، چەندجارێك لەم شارانە چاپکراوە: (هەولێر، قامیشلو، بەرلین، ئەستەمبوڵ، بەغداد، تاران)

- ڕۆژهەڵاتناس (فلادیمر مینۆرسکی) دەڵێ: (ئەگەر ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپا، کەسێکیان چنگ نەکەوێت دیوانی مەلای جزیریی وەرگێڕێتە سەر زمانەکانی ئەوروپا، ئەوا بە ڕاستی لە نرخی ئەدەبیاتی کوردیی تێناگەن).

هەوالنامەی کتێب

- مەلای جزیری سەرلەنوێ بۆن و خۆشی میوزکی هۆنراوەی ڕۆژهەلاتی پێش خۆیی و سەردەمی خۆی خستە ناو خستە ناو قالبی هۆنراوەی کوردییەوە.

- ئەدەبیات ناسان باسی حافزی شیرازی دەکەن کە کار کردۆتە سەر مەلا جزیری، ئەمە هەر چۆنێك بێت، بەشی ڕابەری بۆ مەلا جزیری دەمێنێتەوە، چونکە بە کوردی پەیڕەوی ئەدەبیاتی کلاسیکی خۆر هەڵاتی ئیسلامی کردووە، بە زمانی کوردیی داڕیشتووە، بۆ ئەو کاتە تازە بووە.

**ڕووخساری هۆنراوەکانی مەلای جزیری:**

یەکەم/ بە زمانێکی کوردی تێکەڵ بە وشەی (تورکی، فارسی و عەرەبی) بەکارهێناوە.

دووەم/ بەکارهێنانی ئەو کێشانەی هۆنراوەی عەرەبی، کە لە فارسیدا هەبوون.

سێیەم/ پاراستنی یەکێتی سەروا.

چوارەم/ پاراستنی بابەتی (غەزەل و فەسیدە)

**ناوەرۆکی هۆنراوەکانی مەلای جزیری:**

یەکەم/ مەبەستی دڵداری: (سۆفیانە و خواپەرستی)

دووەم/ ستایشی هەندێك لە میرەکانی جزیرە.

سێیەم/ هێرشی مەغۆڵ و تاتار.

چوارەم/ وەسفی سرووشتی کوردستان.

48- بەشی هەرەزۆری هۆنراوەکانی مەلای جزیری چ مەبەستێکە؟

Aدڵداری    Bوەسف    C لاواندنەوە    D ئاینی

49- دڵداری لای مەلای جزیری چ جۆرە دڵدارییەکە؟

Aدڵداری بۆ کچ    Bدڵداری سۆفیانە    C دڵداری ئاسمانی    D دڵداری خەیاڵی

-زۆر جار شاعیر لە دڵداری سەر زەمین سەرناکەوێت، ڕێگە دەباتە بەرهیوایەکی دوور، بە ئومێدی ئەوەی لە دنیایەکی تر بە یەکتر شادبن. بۆیە مەلای جزیری دەستی ناگاتە خۆشەویستەکەی (سەلمای خوشکی میری بۆتان)، لەبەر جیاوازی کۆمەڵایەتی، بۆیە خۆشەویستییەکەی دەباتە مەیدانی خواپەرستی و ڕێبازی تەسەوفەوە.

- خاسیەتێکی هۆنراوەکانی مەلای جزیری ئەوەیە کە (کاتێك هۆنراوەیەکی دەخوێنیتەوە وا بەبیرتدا دێت کە، پەیکەرێکی جوان لەبەردەمی شاعیردابێت، بەوشەی جوان نیگاری بکێشێت، بەڵام وردە وردە ئەوپەیکەرە دەبێتە جوانییەکی خوایی).

**گوڵی باخی ئیرەمی بۆتانم    شەب چراغی شەبی کوردستانم**

**ئیرۆ ژ ڕەمزا دیـــم دوری    میینەت کو من مەسرورە دل**

**دلبەر بە فنجانـــا سوری    مەی دامە و مەخـــــمورە دل**

**ڕەمزەك نهێن ئاڤیهتە دل    میهری ژ باتێن مێهتـــە دل**

## ئەحمەدی خانی

ئەحمەدی خانی لەم دێڕە هۆنراوەیەدا، ساڵی لەدایکبوونی دیاریکردووە.

لەو ڕاکو دەمـــا ژ غەیب فەك بوو　　ئەتریخ هەزار و شەست و یەك بوو

50- ساڵی لەدایکبوون و مردنی ئەحمەدی خانی کەی بووە؟

A 1650 – 1705　　B 1650 – 1706　　C 1640- 1706　　D 1650 – 1707

51- ئەحمەدی خانی لەبەر ئەوەی لە بایەزید کۆچی دوایی کردووە، ئەدەبیاتناسان دەیکەن بە خەڵکی ئەوێ، بەڵام ئەگەر (مەموزین) بخوێنیتەوە دەردەکەوێ زۆر بە کوێوە بەسراوە؟

Aبادینان　　Bبایەزید　　C هەکاری　　D جزیرە

52- ئەحمەدی خانی جگە لەوەی شاعیر بووە، شارەزایی لە چ شتێکی تردا هەبووە؟

Aئایین　　Bفەلسەفە و زانست　　C مێژوو　　D لایەنی کۆمەڵایەتی

## بەرهەمەکانی ئەحمەدی خانی

**یەکەم/ غەزەل و قەسیدە:** لە ڕووی بیر و فەلسەفەوە تەواوکەری (مەم و زین)ە.

**میری مەجلیس نەکەت موتریب گۆیا چ بکەت　　غونچەی خەندان نەبتن بولبولی شەدیا چ بکەت**

**بنکا حوسنی بتان لازمە ســـــاحێب نەزەرەك　　کەسی بینا کو نەبت دولبەری زێیا چ بـــــکەت**

**تـالیبی عیلم و کەمال نەبتن قـــابیلی فەیز　　حیکمەت و تەربیەتا عالیمی دانا چ بکـــــەت**

**دووەم/ عەقیدا ئیمان:** کتێبێکی بچووکی عەقائیدی ئیسلامییە، یان چەند وانەیەکی زانستی کەلامە، ئەحمەدی خانی بە هۆنراوە پێشکەشی فەقێی کوردی کردووە، خانی وەك ماموستا خۆی دەنوێنێ، کتێبێکی خوێندنی پێشکەش بە قوتابییەکانی کردووە.

**سێیەم/ نەوبارا بچووکان:** ئەحمەدی خانی بە هۆنراوەی کوردی (فەرهەنگێکی عەرەبی - کوردی) پێشکەش بە منداڵانی کورد کردووە. خانی وەك کوڕی گەڵ خۆی دەنوێنێ، ئەم کتێبە پێشکەش بە میر و خاوەن دەسەڵات ناکات، بەڵکو پێشکەش منداڵانی کوردی دەکات.

**نە ژبۆ ساحێب ڕەواجان　　بەلکی ژبۆ بچووکێد کرمانجان**

**چوارەم/ مەم و زین:** ئەحمەدی خانی نەمر لە چیرۆکی مەم و زین دا، توانی بیروڕای فەلسەفی خۆی دەربڕێ.

**شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە　　زین و مەمێ بکەم بەهانە**

ئەحمەدی خانی پشتی بە داستانی (مەم و زین، مەمی ئالان) بەستووە، کە لە ناو خەڵکی جزیرە و بۆتاندا بلاو بووە، شتێکی تازەی لە بەرگێکی تازەدا نوسیوە.

**ساڤی شمراند ڤەخوارد دووردی** **مانەندی دەری لیسانی کوردی**

**ئینانە نیـــــزام و ئینتیزامی** **کێشـــایە جەفا ژبۆ وی عامی**

(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی وەك مەم و زینی فۆلکلۆری ناو خەڵك نییە، بەڵکو شاعیر چەندین شتی لێکداوەتەوە و شتی تازەی بۆ زیادکردووە.

**هەندێك ژ فەسانەیێد بوهتان** **هەندەك د بەهانە د بوهتان**

## ئەحمەدی خانی کۆمەڵێك بیروڕای خۆی بەبیانووی مەم و زینەوە دەربڕیوە:

**یەکەم/** بەناوی ستایشی خوا و پەیامبەرەوە دەست پێدەکات، دەچێتە موناقەشەی فەلسەفییەوە، فەلسەفەی ئیسلامی و یۆنانی دەردەبڕێت، خۆی وەك فەیلەسوفێك و موتەسەوفێکی گەورە دەنوێنێ.

**دووەم/** یەکەم شاعیربووە کە بیری کوردایەتی دەبریوە، هانی کوردی داوە کە یەکبگرن دژی داگیرکەران.

**سێیەم/** ئەحمەدی خانی بیری کۆمەڵایەتی دەربڕیوە، لەگەڵ هێڵی بەرەوپێشچوونی مێژوودابووە.

**چوارەم/** ئەحمەدی خانی دڵدارییە بەسۆزەکەی مەم و زینی بە ڕێبازێکی تەسەوفدا بردووە، مەم و زینی کردووە بە دوو خواپەرست کە گەیشتوونەتە پلەی فەنابوون.

## ڕووخساری مەم و زین:

**یەکەم/** مەم و زین بە بەشە دیالێکتی بۆتانی کرمانجی سەروو نووسراوە، هەروەها وشەی دیالێکت و بەشەدیالێکتەکانی تریشی تێدایە.

**دووەم/** وشەی بیانی (تورکە، فارسی، عەرەبی) بەکارهێناوە.

**سێیەم/** کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهێناوە.

**چوارەم/** قافیەی جووت سەروا یان مەسنەوی بەکارهێناوە.

نموونەیەك لە هۆنراوەی مەم و زین:

**گەردێ هەبویا مەژی خـــــودانەك** **عالی کەرەمەك لەتیفە دانەك**

**عیلم و هونەر و کەمـــال و ئیزعان** **شیعر و غەزەل و کتێب و دیـوان**

**ئەڤ جنسە ببا ل بال وی مەعموول** **ئەڤ نەقدە ببا ل نك وی مەقبول**

هەواڵنامەی کتێب

## ئەدەبیاتی کلاسیزمی کورد (شێوەی کرمانجی خواروو)

53- دوا دیالێکتی کوردی کە بوو بە بناغەی زمانی ئەدەبی، بە هۆی بارووودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، بەرەوکزی و نەمان نەڕۆشت، چ دیالێکتێك بوو؟

Aشێوەزاری کرمانجی سەروو Bشێوەزاری کرمانجی خواروو C شێوەزاری لوڕ D شێوەزاری گۆران

53- دیالێکتی کرمانجی خواروو، کە سەرەتا بەشی شێوەزاری (سلێمانی) بوو، ئەو دیالێکتە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی چ میرنشینێکدابوو؟

Aمیری بادینان Bمیری سۆران C میری بابان D میری جزیرە و بۆتان

پرسیار/ قوتابخانەیەکی ئەدەبی تازە، لە ناوچەی میری بابان سەری هەڵدا، ئەو گوڕ و هێزەی چۆن پەیداکرد؟

وەڵام/ پێویستییەکی مێژوویی وایکرد کە لە ئەنجامی پەرەسەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی میرنشینی بابان، پێویستی بەشارێکی گەورەبێت بۆ ئەوەی بیکات بە پایتەخت. هەوەها باری جوگرافی (قەڵاچوالان) بەو جۆرە نەبوو کە بۆ ئەو پایتەختە بگونجێت، بۆیە لە ساڵی 1784دا شار تەواوکرا.

**دنیادیدەیی پاشای بابان، وایکرد کە لە لەسەرەتای دروستبوونی شاری سلێمانیدا، گەلێك شت پێکبێت:**

یەکەم/ شار لەسەر بناغەی زانین و شارستانیەت درووستکرا.

دووەم/ هەندێك دیمەنی شارە پێشکەوتووەکانی سەردەمی تیابوو.

سێیەم/ لەسەرەتای درووستبوونی شارەوە، ئاو و ئاوەڕۆی تایبەتی بۆ کرا.

چوارەم/ چەند چەشنە پیشەسازییەکی تیا دامەزرا.

پێنجەم/ شار بوو بە مەڵبەندی گەورەی بازرگانی.

شەشەم/ مزگەوت درووستکرا، (مزگەوتی گەورە) بوو بەمەڵبەندی خوێندن، میری بابان بە پارەی میرنشین، ڕێوشوێنی بۆ سەدان فەقێ دانا. هەروەها جموجۆڵ و کێشەی نێوان دوو تەرقەت (قادری و نەقشبەندی)، بە دیمەنێکی تری بزوتنەوەی بیری ڕووناکبیری دادانرێت. بۆیە قوتابخانەی شیعری بابان، یان قوتابخانەی نالی، یان هەندێك لە ئەدیبان (نالی و سالم و کوردی)، بە سێ کوچکەی بابان ناودەبەن.

54- نالی شاعیر توانایەکی وای بە بەرهەمەکانی بەخشی، کە دەنگ بداتەوە، بە پلەی یەکەمدا لە چ ناوچەیەك بوو؟

Aسۆران و ڕەواندوز Bڕەواندوز و هەولێ C سۆران و هەولێر D هەولێر و شەقلاوە

55- ئەو بناغەیەی کە نالی داینا، لە وای لەناوچوونی میری بابان، چی بەسەرهات؟

Aلەناوچوو Bنەڕووخا و بەرەوپێش چوو C وەك خۆی مایەوە و نەگۆڕدرا D هیچیان

هەواڵنامەی کتێب

56- شاعیران (حاجی قادری کۆیی، ئەختەر و کەیفی) لە چ ناوچەیەکەوە بە شێوەی کلاسیکی هۆنراوەیان گوت؟

Aناوچەی سۆران  Bناوچەی بادینان  C ناوچەی هەولێر  D سلێمانی

57- شاعیران (مەجدی) لە چ ناوچەیەکەوە بە شێوەی کلاسیکی هۆنراوەی ووت؟

Aموکریان  Bبادینان  C هەکاری  D ئەردەڵان

**پرسیار/ چۆن دەگونجێت، بە شێوەزارێك کە پێشتر هۆنراوەی پێنەوتراوە، سەرەتاکەی لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕووخسارەوە، بەو چەشنە پتەوییە بێتەکایەوە.**

**وەڵام/ بەرهەمی شیعری نالی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئەگەر لە شیعری دیالێکتەکانی تر یان شێوەزارەکانی تر بچێت، ئەوا لە ڕووی زمانەوە تەواو تازەیە.**

زانست و مەنتیق لەگەڵ ئەوەدایە کە پێش نالی لە ناوچەی باباندا، سەرەتایەکی هەبووبێت، وردە وردە ئەو بناغەی پتەوەی لێدرووست بووبێت.

هەندێك بەڵگە هەن کە ببنە نموونەی ئەو سەرەتایە:

یەکەم/ ئەگەر بە وردی لە بەرهەمە ئەدەبییە فۆلکلۆرییەکان بگۆڵێنەوە، یان بگەڕێن بەدوا بەرهەمی تۆمارنەکراوی فۆلکلۆریدا، بەرهەمی وا دەبینین، کە پێش نالی بوون.

دووەم/ دەکرێ بەرهەمە میللییەکانی (علی بەردەشانی) بەسەرەتایەکی سادە دابنێین.

سێیەم/ مەولود نامەی شێخ حسێنی قازی، 1791 – 1870، بەیەکەم بەرهەمی پەخشانی کوردی لە ناوچەی سلێمانی دادەنرێت ، شێخ حسێنی قازی بەتەمەن لە نالی گەورەترە، لەگەڵ ئەوەدا هاوزەمانی نالی بووە، بۆیە بەرهەمەکەی بە سەرەتایەکی سادە دادەنرێت.

58- یەکەم پەخشانی کوردی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا کە تا ئێستا لەبەردەستدا بێت، هی کێیە؟

Aنالی  Bشێخ حسێنی قازی  C تەرەماخی  D ئەحمەدی خانی

59- یەکەم بەرهەمی پەخشان لە ناوچەی سلێمانی هی کێ بوو؟

Aتەرەماخی  Bسالم  C نالی  D شێخ حسێنی قازی

هەولاتەی کتێب

## نـــــــــــالی

60- مەلا خدری کوڕی ئەحمەد شاوەیسی ئاڵی بەگی میکایلیی، ناوی تەواوی چ شاعیرێکە؟

Aسالم Bحەمدی C نالی Dگۆران

61- نالی لە گوندی (خاك وخۆڵ) لە چ ناوچەیەك لەدایکبووە؟

Aشارباژێر Bشارەزوور C بیتوێن Dمەرگە

62- نالی لە مزگەوتی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە؟

Aمزگەوتی گەورە Bمزگەوتی خانەقای مەولانا C مزگەوتی حاجی حان Dمزگەوتی جولەکان

63- چ شاعیرێك لوتکەی گەشەسەندنی فەرمانڕەوایی بابانی بە چاوی خۆی دیوە؟

Aفایەق بێکەس Bنالی C عەبدوڵا پەشێو Dخانی

64- نالی کاتێك چووە بۆ حەج لە کاتی گەڕانەوەیدا، لە ڕێگەی شام، هەواڵی ڕووخانی میری بابانی بە دەستی تورکە عوسمانییەکان بیستووە، ئیتر بڕیاری نەگەڕانەوە دەدات و ڕوودەکاتە چ شارێك؟

Aتاران Bئەستەمبوڵ C بەغداد Dیەریڤان

65- نالی هێز و توانای خۆی لە دەربڕینی زمانی کوردیدا دەرخستووە، پتەوی وشەی دیالێکتەکەی خۆی بە جۆرێك پیشانداوە کە ببێت بە چی؟ Aبناغەی یەکگرتنی زمان و ئەدەبی کوردی Bزمانی ستاندەر

C بەهێزکردنی زمانی ناوچەیی Dهیچیان

66- وشەکاری لای نالی چۆن بووە؟

Aبۆ حەزی خۆی دەری بڕیوە Bمانا مەبەستیکی قوڵ و ئاسۆیەکی فراوانی هەبووە.

C بۆ سەلماندنی زمانی کوردیی D بۆ دەرخستنی ئاست و توانی خۆی

پرسیار/ بەرەی کۆن لایان سەیربووە کە بە کوردی شیعر بنووسرێت، بەڵکو بە زمانی تری ڕۆژهەڵاتی دەنووسرێت؟

وەڵام/ نالی خوێن گەرمییەوە لەسەر وشەی خۆشەویستی کوردی دەکاتەوە بەدەڵێت:

**تەبعی شەکرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا     ئیمتیحانی خۆیە مەقسودی، لە عەمەدن وادەکا**

**یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسوار     بێ تەئەمول بەو هەموو نەوعە زبانی ڕادەکـــا**

**کەس بە ئەلفازم نـەڵێ خۆکردییە کۆ کوردییە     هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا**

کە پرسیار/ بەرەی کۆن پێیوایە کە شاعیر دەبێت بە چەند زمانێك شیعر بنووسێت؟

وەڵام/ نالی زۆر بێباکانە و بەتوانا چۆتە ئەو تاقیکردنەوەیەوە، بە شانازییەوە دەڵێت:

**فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە     نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵـــــــکە دیوانی هەیە**

هەواڵنامەی کتێب

67- بەشی زۆری شیعرەکانی نالی چ مەبەستێکی شیعرییە؟

Aسف | Bدڵداری | C لاواندنەوە | Dپێداهەڵگوتن

**ناوەرۆکی شیعری نالی:**

**یەکەم/ دڵداری:** شارەزایانی ئەدەبیات، هەوڵیانداوە بزانن کە ئایا ئەو خۆشەویستییەی لای نالی هەبووە، خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەبووە، یان بۆ پیشاندانی توانی شاعیرێتی خۆی بووە. ڕاست و درووستی ئەم بابەتە هەرچۆنێك بێت، نالی توانیویەتی جوانترین شیعری دڵداری بنووسێت، بۆیە بەشی هەرەزۆری شیعرەکانی نالی دڵدارییە.

**زوڵفی لە قەددتدا کە پەرێـشان و بلاوە　　ئەمڕۆ لە منی شیفتە ئاڵۆز و بــەداوە**
**بۆچی نەگریم سەد کەرەتم دڵ دەشکێنێ　　مەی بۆ نەڕژێ شوشە لە سەد لاوە شکاوە**
**عومرێکی درێژ بە خەیاڵی سەری زوڵفت　　سەودا و پەرێشانم سەودایەکی خــاوە**

68- شیعری ئایینی پێش نالی زیاتر بۆ چ مەستێك بووە؟

Aمەزهەبی و سۆفێتی | Bلاواندنەوە | C شیعری وەسف | Dداشۆرین

69- نالی لە شیعرەکانیدا زیارت ستایشی چی کردووە؟

Aمیری بابان | Bپێغەمبەر | C خەڵکی زەحمەتکێش | Dدەسەڵاتدار

**دووەم/ ستایشی ئایینی:** نالی هەستی خۆشەویستی خۆی بەرامبەر پێغەمبەر دەبریوە؟

**ئەگەر چی کوردی دەوری شارەزوورم قەســـــوەتم ئەمما　　وەسیلەم ( تیبە )ەو حیلمی شەفیع و فەزلی مەنانە**
**بەسەر هاتوومەتە ئەو خاکەی کە هەر مسقاڵە زەڕەیەکی　　بە میزانی شەفاعەت کێوی حیلم و بەحری غوفرانە**
**نەبووم ڕووم بێمە خاکی چاکی پاکی تیبە تابیســــــتم　　بەسەگ نابێ مولەوەس ئاوی زەرقا بەحری ئیحسانە**

70- شیعری نیشتیمان پەروەری لای کورد لە کێوە دەستپێدەکات؟

Aنالی | Bحاجی قادری کۆیی | C ئەحمەدی خانی | Dوەفایی

71- شیعری نیشتیمان پەروەری لای نالی دەچێتە چ قاڵبێکەوە؟

Aکلاسیزمی نەتەوەیی | Bکلاسیزمی نیشتیمان پەروەری | C سوسیالیزمی شۆڕشگێڕی | Dخەیاڵی ڕۆمانتیکی

**سێیەم/ نیشتیمان پەروەری:**

A-نیشتیمان پەروەری لای نالی هەستی قوڵی خۆشەویستی خاکی نیشتیمانە.

**دڵ سیاسەنگ نەبێ مایلی خاکی وەتە نخاڵێ　　لەعلی حەبەشە ساکینی بوردی یەمەن**
**دڵی ( نــــــالی ) کەئەنیســـی قەرەداخە　　داغی سەرچاوە و دێوانە و دار و دەوەنە**

B- لووتكەی خۆشەویستی نیشتیمان لای نالی، لەو نامەیەدا دەردەبڕێ، كەلەشامەوە بە (بای شەماڵ)دا بۆ سلێمانی ناردووە، نامەكە باسی كاتی بەسەرچوونی خەوی خۆشی نیشتیمان و ڕووخانی میری بابانە. نالی لە ڕۆژانی فەرمانڕەوی باباندا، هەستی نیشتیمان پەروەری دەربڕیوە.

نالی بە پارچە شیعرێك باسی كۆچی دوایی (سلێمان پاشا) و هاتنەسەركاری (ئەحمەد پاشا)ی كوری دەكات

**تا فەلەك دەوری نەدا سەد كەوكەبی ئاوا نەبوو　　كەوكەبی میهری موبارەك تەلعەتی پەیدا نەبوو**

**تا نەگریا ئاســـــمان و تەم وولاتی دانەگرت　　گوڵ چەمەن ئارانەبوو هەم لێوی خونچە وانەبوو**

**تــا چەمەن پیرا لەســـەر ئەسڵی درەخت لانەدا　　فەرعی تـازە خورە و بەرز و بڵند بـــــاڵا نەبوو**

72- لە ڕووی ناوەرۆكەوە قوتابخانەی شیعری نالی، ناوەرۆكی شیعری كلاسیزمی كوێی تیایە؟

Aكلاسیزمی ئەورووپی　　Bكلاسیزمی ڕۆژهەلاتـی　　Cكلاسیزمی ڕۆژئاوایی　　Dهیچیان

**ڕووخساری ئەدەبی قوتا بخانەی شیعری بابان:**

**یەكەم/ بەكارهێنانی كێشی عەرووز.**

**دووەم/ هەموو پارچە هۆنراوەكان یەك (ڕەوویە)ن.**

**سێیەم/ زۆر جار تاكە هۆنراوەیەك (واتە: یەك دێڕ)، مانایەكی تەواو دەبینێ.**

**چوار/ بە كار هێنانی هەموو ئەو وشانەی كە لە ڕەوانبێژیدا بەكاردێن؟**

پرسیار/ نالی لە وشەكاریدا، گەلێك مەبەستی هەبووە؟

وەڵام/ نالی شیعرەكانی بە جۆرێك دارشتووە، بەلای چەند لێكدانەوەیەك دا دەچێت.

72- قوتابخانەی شیعری نالی، لە ڕووخسار و ناوەرۆكەوە، تا سەدەی چەند بەردەوام بوو؟

Aسەدەی حەڤدە　　B سەدەی هەژدە　　Cسەدەی چواردە　　Dسەدەی شازدە

74- قوتابخانەی شیعری نالی، لە ڕووی زمانەوە، تا كەری بەردەوام بوو؟

Aسەدەی بیست　　Bسەدەی پازدە　　Cتا ئێستا　　Dنیوەی یەكەمەی سەدەی بیست

## سەرەتای پەخشانی كوردی

75- پەخشانی كوردی لە چ سەدەیەكەوە دەست پێدەكات؟

Aسەدەی هەشت Bسەدەی دوازدە Cسەدەی هەژدە Dسەدەی نۆزدە

76- یەكەم پەخشان نووسی كورد كێیە؟

Aشێخ حسێنی قازی Bمەلا مەحمودی بایەزیدی Cئیبراهیم ئەحمەد Dمەولانا خالیدی نەقشبەندی

77- بەرهەمی (مەولودنامە) هی كێ یە؟

Aشێخ حسێنی قازی Bمەلا مەحمودی بایەزیدی Cئیبراهیم ئەحمەد Dمەولانا خالیدی نەقشبەندی

78- بەرهەمی پەخشانی (مەولودنامە)، لە ڕووی ناوەڕۆكەوە باسی چی دەكات؟

Aبابەتی سیاسی Bلەدایكبوونی پێغەمبەر Cبابەتی كۆمەڵایەتی Dباسی ئافرەت

79- شێخ حسێنی قازی ساڵی لەدایكبوون و مردنی كەی بووە؟

1878 – 1791 A 1870 – 1790 B 1870 -1791 C - 1780 D
1187

**بەرهەمی پەخشانی (مەولودنامە)، لە ڕووی ڕووخسارەوە:**

یەكەم/ بەپەخشان نووسراوە. دووەم/ نموونەیەكە بۆ (سەجع)ی كوردیی.

سێیەم/ بە جۆرێكی سادە، بە شێوەی حیكایەت یان چیرۆك دەگێڕێتەوە.

چوارەم/ زمانە كوردییەكەی هەر ئەو زمانەیە كە ئەدەبیاتی قوتابخانەی كلاسیكی پێنووسراوە.

تێبینی/ ئەو هۆ و بارە تایبەتەی قوتابخانەی شیعری نالی هێنایە كایەوە، بووە هۆی پەیدابوونی (پەخشان)، پەیدابوونی پەخشان بەو جۆرە لە شاری سلێمانیدا، بەبەشێك لەو تەوژم و ڕاپەڕنەی سەردەمی میرنشینی بابان دادەنرێت.

80- بەرهەمی (عادات و ڕسوماتنامەی ئەكرادییە) هی چ نووسەرێكە؟

Aشێخ حسێنی قازی Bمەلا مەحمودی بایەزیدی C ئیبراهیم ئەحمەد D مەولانا خالیدی نەقشبەندی

81- مەلا مەحمودی بایەزیدی ساڵی لەدایكبوون كەی بووە؟

1779 A 1799B 1977 C 1797 D

82- بەرهەمی (عادات و ڕسوماتنامەی ئەكرادییە) بە چ شێوەزارێك نووسیوە؟

Aگۆران Bكرمانجی خواروو C كرمانجی سەروو D لوڕ

83- بەرهەمی (عادات و ڕسوماتنامەی ئەكرادییە) باسی چی دەكات؟

Aباری سیاسی Bخوورەوشت و ژیانی نەتەوایەتی C باری كەلتووری خەڵك D زمانی ئەدەبیات

84- دەستنووسی کتێبی (عادات و ڕسوماتنامەی ئەکرادییە) لە چ کتێبخانەیەك پارێزراوە؟

Aتاران Bبەغدا C لینینگراد D ئەستەمبوڵ

85- مەلا مەحمودی بایەزیدی لەسەر داوای کێ کتێبی (عادات و ڕسوماتنامەی ئەکرادییە) نوسیوە؟

Aئەلەکسەندەر ژابا Bمیری جزیرە و بۆتان C میری بادینان D بۆ حەزی خۆی نوسیویەتی

86- کتێبەکەی مەلا مەحمودی بایەزیدی لە کاتی خۆیدا کاریی نەکردۆتە سەر بەرەوپێشچوونی ئەدەبیاتی کوردیی؟

Aچونکە بە شێوەزاری کرمانجی بوو Bزمانی نووسینی ئەدەبی لاوازبوو C لەکاتی خۆیدا بڵاونەکراوەتەوە D خوێنەری کەم بووە

87-بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد، هۆیەکی تری بۆ دەربڕینی بیروڕای سیاسی دۆزییەوە، چی بوو؟

Aگۆڤار Bڕۆژنامە C بڵاوکراوەی حیزبی D کتێب

88- لەگەڵ پەیدابوونی چیدا، پەرەسەندنی پەخشانی کوردیی دەستپێدەکات؟

Aگۆڤار B ڕۆژنامە C بڵاوکراوەی حیزبی D نامیلکە

89- مقداد مەدحە بەدرخان بۆ یەکەم جار چ ڕۆژنامەیەکی چاپکرد؟

ڕۆژی کورد Bکوردستان C بانگی کورد D هاوار

90- ساڵی 1913 چ ڕۆژنامەیەك لە ئەستەمبوڵ چاپکرا؟

Aڕۆژی کورد B کوردستان C بانگی کورد D ژین

91- ساڵی 1922 چ ڕۆژنامەیەك لە ئەستەمبوڵ چاپکرا؟

Aڕۆژی کورد Bژین C بانگی کوردستان D هاوار

92- لە ڕۆژانی فەرمانڕەوایی مەلیك مەحمود دا، چ بابەتێکی ئەدەبی سەری هەڵدا؟

Aڕۆمان Bوتار C چیرۆك D پەخشان

کتێبی هەولێرنامە

# مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیی و پەیوەندی بە گەشەسەندنی پەخشانی کوردییەوە

**سەرهەڵدان:**

93- لە کۆنەوە هەتا سەدەی نۆزدە زمانی کوردی تەنیا زمانی چی بوو؟

Aزمانی شیعربوو    Bزمانی شیعر و گفتوگۆبوو    C زمانی نووسین بوو    D زمانی گفتوگۆ بوو

94- ڕۆژنامەی (کوردستان) لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنیدا، چەند ژمارەی لێدەرچوو؟

Aسی    Bسی و دوو    C سی و یەك    D سی و پێنج

95- ڕۆژنامەی (کوردستان) لە نێوان ساڵانی چەندا دەرچووە؟

1091 – 1898 A    1902 – 1898 B    1900- 1898 C    D 1902- 1897

96- ڕۆژنامەی (کوردستان) بە چ شێوەزارێك دەرچووە؟

Aشێوەزاری کرمانجی سەروو    B شێوەزاری کرمانجی خواروو    C شێوەزاری لوڕ    D شێوەزاری گۆران

97- لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا، بێجگە لە زمانی کوردی چ زمانێکی تری تیار بەکار هاتووە؟

Aزمانی عەرەبی    Bزمانی تورکی    C زمانی فارسی    D تەنیا زمانی کوردی بەکار هاتووە

**چەند سەرنجێك لەسەر ڕۆژنامەی کوردستان:**

یەکەم/ لەم شوێنانە چاپکراوە: ((قاهیرە، جنێف، لەندەن، فۆلکستۆن)).

دووەم/ زمانی کوردی پەتی نەبووە، زمانی نووسین تێکەڵاوبووە بە ووشی (تورکی و عەرەبی و فارسی).

98- چاپەمەنی ڕۆژنامە و گۆڤار ڕێگەی خۆشکرد بۆ چی؟

Aڕۆمان    Bچیرۆك    C داستان    D دراما

**بەرەو چەسپاندن** لە سەرەتای سەدەی بیستەم، لە ئەستەمبوولی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی چەند ڕێکخراوێکی ئازادی خواز کەوتنە جموجۆڵ و تێکۆشان، وەك: (تەعالی و ترەقی کورد ، کۆمەڵەی هێڤی)، لە کوردانی ڕۆشنبیری شارەکانی (دیاربەکر، وان، سلێمانی، هەولێر، کەرکوك و مهاباد) درووستبوو، کە ئەو کاتە لە ئەستەمبووڵ دەژیان.

99- (کۆمەڵەی هێڤی) لە ساڵی 1913 دا، چوار ژمارەی لە چ گۆڤارێك دەرکرد؟

Aهەتاوی کورد    Bژین    C کوردستان    D ڕۆژی کورد

100- گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە لایەن کێوە بڵاوکراوەتەوە؟

Aپیرەمێرد    Bعەبدولکەریم ئەفەندی    C فواد تەمۆ    D جەلادەت بەدرخان

101- گۆڤاری (ڕۆژی کورد) بەرگەکەی بەچی دەڕازێنرایەوە؟

Aسەرکردەی سیاسی  Bپیاوی ناوداری کورد  C وێنەی سرووشتی کوردستان  D شیعری شاعیران

102- گۆڤاری (ڕۆژی کورد) بە چ شێوەزارێك بڵاودەکرایەوە؟

Aشێوەزاری کرمانجی سەروو  Bشێوەزاری کرمانجی خواروو  C شێوەزاری گۆران  D شێوەزاری کرمانجی سەروو و خواروو

103- چ گۆڤارێك یەکەم گۆڤاری کوردیی بووە کە چیرۆکی تیابڵاوکراوەتەوە؟

Aژین  Bڕۆژی کورد  C هەتاوی کورد  D کوردستان

104- نووسەری چیرۆکی (شەویش) کێیە؟

Aپیرەمێرد  Bگۆران  C فواد تەمۆ  D مقداد مەدحەت بەدرخا

## ڕۆژنامەگەری لە سەردەی حوکمڕانی شێخ مەحمود دا

لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، شاری سلێمانی بوو بەمەڵبەندی ڕۆشنبیری، بۆیە لە ساڵی 1922دا، کۆمەڵێك ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەرچوون، ڕێگەی خۆشکرد بۆ گەشەسەندنی ئەدەبیاتی کوردی بەتایبەت چیرۆکی هونەری.

107- ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) سەرنوسەرەکەی کێ بوو؟

Aمقداد مەدحەت بەدرخان  Bپیرەمێرد  C عەلی کەمال باپیر  D حسێن حوزنی موکریانی

108- لە ساڵی 1920دا، لە شاری سلێمانی ئینگلیزەکان ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیان چاپکرد ناوی چی بوو؟

Aڕۆژی کورد  Bژین  C کوردستان  D پێشکەوتن

109- ڕۆژنامەکانی (ژین، ژیان، ژیانەوە و زبان) تاساڵی پەنجاکان چ کەسێك بڵاوی کردوونەتەوە؟

Aگۆران  Bپیرەمێرد  C حسێن حوزنی موکریانی  D عەلی کەمال باپیر

110- یەکەم چیرۆکی کوردی کە بەشێوەزاری کرمانجی خواروو نوسرا، نووسەرەکەی کێ بوو؟

Aجەمیل سائیب  Bپیرەمێرد  C عەلی کەمال باپیر  D فواد تەمۆ

111- (جەمیل سائیب) ئەو چیرۆکەی کە لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاوی کردەوە ناوی چی بوو؟

Aچیرۆکی لەخەوما  Bچیرۆکی شەویش  C چیرۆکی منداڵان  D چیرۆکی ئەفسانەیی

112- چیرۆکی (لەخەوما) باسی چی دەکات؟

Aبابەتی کۆمەڵایەتی  Bسەردەمی شێخ مەحمود  C باسی باری ئابووری  D خۆشەویستی و دڵداری

113- چیرۆکی (لەخەوما) لە ڕووی زمان و هونەرەوە سەرکەوتووبوو، بەڵام لە ڕووی ناوەرۆکەوە چۆن بووە؟

Aسەرکەوتووبوو  B سەرکەوتوونەبوو  C سادە و بێ گرێوگۆڵ  D تەکنیکی نووسنی لاواز بوو

## ڕۆژنامەگەری کورد لە شاری (هەولێر و ڕەواندز)

114- لە ساڵی 1925 – 1932دا، حسێن حوزنی موکریانی، لە شاری ڕەواندز، چ ڕۆژنامەیەکی بڵاوکردەوە؟

Aکوردستان B ڕۆژی کورد C ڕووناکی D زاری کرمانجی

115- لە ڕۆژنامەی (زاری کرمانجی)دا، چ جۆرە چیرۆکێك بڵاودەکرایەوە؟

Aئەفسانەیی Bخەیاڵی C فۆلکلۆریی D مێژوویی

116- لە ڕۆژنامەی (زاری کرمانجی)دا، بەزۆری چ جۆرە بابەتێك بڵاودەکرایەوە؟

Aکۆمەڵایەتی B سیاسی C مێژوویی D فۆلکلۆریی

## ڕۆژنامەگەری کورد لە شاری (بەغدا)

لە سییەکانی سەدەی بیستدا، شاری بەغداد دەبێتە مەڵبەندی بڵاوبوونەوە ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی، چونکە زۆر کوردی خوێندەواری زانکۆ لەم شارەدا بەیەك گەیشتن. ئەو نووسەرانەی بەرهەمیان بڵاودەکردەوە: (تۆفیق وەهبی، محەمەد ئەمین زەکی، عەلادین سوجادی، ڕەفیق حیلمی، شاکیر فەتاح، پیرەمێرد، گۆران و شێخ محەمەدی خاڵ).

119- گۆڤارەکانی (دیاری لاوان و یادگاری لاوان) لە چ شارێك دەرچوون؟

Aتاران Bئەستەمبوڵ C بەغدا D شام

120- لە ساڵی 1939 – 1949دا، لە شاری بەغدا چ گۆڤارێك دەرچوو؟

Aژین B زاری کرمانجی C گەلاوێژ D ڕووناکی

121- لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، چ گۆڤارێك بە سەردەمی زێڕین و بووژانەوە دادەنرێت بۆ چیرۆك و پەخشان؟

Aژین B زاری کرمانجی C گەلاوێژ D ڕووناکی

122- لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، لە سەردەمی چ گۆڤارێکەوە بزووتنەوەیەکی بەچاوی وەرگێڕان لە زمانە بێگانەکانەوە، بە تایبەت ئینگلیزییەوە، بۆ زمانی کورد دەستی پێکرد؟

Aژین Bدیاری لاوان C گەلاوێژ D نزار

124- لە ساڵی 1948 – 1949دا، لە شاری بەغدا عەلادین سوجادی، 22 ژمارەی لە گۆڤارێکی هەفتانە دەکرد بە ناوی؟

Aژین Bنزار C گەلاوێژ D ڕووناکی

125- گۆڤاری (نزار) بە گۆڤارێکی چۆن دادەنرێت؟

Aئابووری Bئەدەبی C سیاسی D کۆمەڵایەتی

126- پەخشانی (دوو ئاوانی زەڵم و تانجەرۆ) هی چ نووسەرێكە؟

Aجەمیل سائیب Bپیرەمێرد C عەلی كەمال باپیر D فواد تەمۆ

## ڕۆژنامەگەری كورد لە شاری ( شام )

127- گۆڤارەكانی (هاوار، ڕۆژانوو، ستێر و ڕووناهی) لە ساڵی 1932 – 1942، لە چ شارێك دەرچوون؟

Aبەغدا Bتاران C هەولێر D دیمەشق

128- گۆڤارەكانی (هاوار، ڕۆژانوو، ستێر و ڕووناهی) بە چ شێوەزارێك دەرچوون؟

Aشێوەزاری كرمانجی سەروو Bشێوەزاری كرمانجی خواروو C شێوەزاری گۆران D شێوەزاری كرمانجی سەروو و خواروو

129- لە چ ڕۆژنامەیەكدا دەستكرا بە نووسینی كوردی بە پیتی لاتینی؟

Aهاوار B ڕۆژانوو C ستێر D ڕووناهی

گۆڤارەكانی (هاوار، ڕۆژانوو، ستێر و ڕووناهی) لە لایەن دووبراوە دەردەچوو: (جەلادەت بەدرخان و كامەران بەدرخان) هەروەها هەندێك نووسەری تریش بەهەمیان تیا بڵاودەكردەوە وەك: (جگەر خوێن، عوسمان سەبری، نوورەدین زازا و قەدریجان).

## ڕۆژنامەگەری كورد لە سەردەمی ( كۆماری كوردستان لە مهاباد )

لەسەردەمی كۆماری مهاباد، لە ساڵی 1946 لە شاری مهاباد، بزووتنەوەیەكی ڕۆژنامە گەری سەریهەڵدا، بەسەردەمی زێڕینی ڕۆژنامەگەری دادەنرێت لە كوردستان ئێران. نووسەرانی ئەمانەبوون: (هەژار، هێمن، زەبیحی، كەریمی حوسامی و حەسەن قزڵجی).

130- ڕۆژنامەی (كوردستان) نیشتیمان، و گۆڤارەكانی ( نیشتیمان، هەڵاڵە و منداڵانی كورد) لە كوێ دەرچوو؟

Aشاری مهاباد Bشاری بەغدا C شاری تاران D شاری ئەستەمبوڵ

131- لە كۆماری مهاباد ڕۆژنامەیەك دەرچوو تایبەت بوو بە منداڵان؟

Aكوردستان Bهەڵاڵە C منداڵانی كورد D نیشتیمان

هەواڵنامەی كێڕ

# مەلای باتەیی

132- مەی باتەیی لە گوندی (باتە) لە چ دەڤەرێك لەدایكبووە؟ Aهەکاری Bبادینان C جولەمێرگ D بایەزید

133- (ئەلەسکەندەر ژابا) پێیوایە کە (مەلا باتەیی) ساڵی مردن و لەدایکبوونی کەی بووە؟

A 1417 – 1495 B 1418 – 1495 C 1417 – 1485 D 1416 – 1495

134- (مەلای باتەیی) شیعرەکانی سەر بەچ قوتابخانەیەکی ئەدەبییە؟

Aریالیزم Bکلاسیك C ڕۆمانتیك D هیچیان

135- (مەلای باتەیی) بە چ شێوەزارێك هۆنراوەی وتووە؟

Aکرمانجی سەروو Bکرمانجی خواروو C لوری D گۆران

136- (مەلا باتەیی) بێجگە لە هۆنراوە بەرهەمێکی تری هەیە بەناوی؟

Aداستان Bپەخشانی هونەری C مەولودنامە D چیرۆك

**ڕووخساری هۆنراوەکانی مەی باتەیی:**

یەکەم/ کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهێناوە.

دووەم/ بایەخی بە سەروا و قافیە داوە.

سێیەم/ وشەی بیانی لە هۆنراوەکانیدا بەکارهێناوە.

چوارەم/ هونەری ڕەوانبێژی بەکارهێناوە.

**مەبەستی هۆنراوەکانی مەلای باتەیی**

یەکەم/ مەبەستی ئایینی و سۆفیگەریتی: بەشی هەرە زۆری دیوانەکەی پێکدەهێنێت، لای مەلای باتەیی زۆر بەهاداربووە، دەچێتە سەر گۆری پێغەمبەر و دەڵێ:

هەلۆ ڕابە ئەبوو لقاسم هەلو ئەی قاسیدە ئەکبەر هلۆ فەخرا بەنی هاشم هلو ڕابـــــەر تۆیی ڕابەر

هلو ئەی سەیدێ عالەم هلۆ ئەی مـــەفخەرێ عالە

دووەم/ ئەڤینی و ئەڤینداری: ئەم مەبەستە لای مەلای باتەیی زۆر گرنگ نییە. بەڵام هۆنراوەی لەم بارەیەوە هەیە.

عاشقێ زوڵفا ڕەشـــم عاشقێ شـــەیدایە زوڵف بێ بادە لەو سەرخوەشـم سەرخوش و شەیدایە زوڵف

سەرخوەشم ئەز ڤێ دەمێ سوهتمە وێ پــــەرچەمێ

سێیەم/ وەسفی جوانی کوردستان: شاعیر عاشقی وڵاتی خۆی بووە، بە تایبەتی سرووشتی جوانی کوردستان.

زڤستانێ ئەڤێ هوڵـــێ ل ڤــێ بەرێ ل ڤێ چۆلێ مژێ هاڤێتەدا هـــۆڵێ کـــەرۆڤێ گرتی زۆزانە

کەرۆڤێ گرتی نەسرینە جەمەد شینبوو ل سولینە

چوارەم/ ساز و مەی و بەزم:

مەجلیسا بێ ســـاز هەی هەی من نەڤێت ئەز ناچمێ بێ دەف و بێ چەنگ و بێ نەی من نەڤێت ئەز ناچمێ

بەزمەیـــــا بێ یارێ باتەی من نەڤێت ئەز ناچمێ

هەوال نامەی کێژ

# حەسیب قەرەداخی

ئەو هۆكارانەی كە كاریگەریان لەسەر بیر و هۆشی (حەسیب قەداخی) داناوە، كانگای شیعریان لا درووستكردووە: (غەمی هەژاران، جوانی سرووشت، ئاو و هەوای بێگەردی ناوچەكە). لە ساڵی 1963دا لە كودەتا شومەكەدا گیراو لەگەڵ هەزاران شۆڕشگێڕدا خرایە بەندیخانەوە.

بنەماڵەكەیان لە كۆنەوە خوێندەوار و پیاوی ئاینیان تیا هەڵكەوتووە، مزگەوت و كۆڕی مەلا و فەقێیان، كۆڕی گەرمی بەپێزی شێخان، زیكر و تەهلیلەی دەروێشان، گۆرانی و سۆز و مقامی دەنگ خۆشان، كارگەریان لەسەر دروستكردووە.

هەروەها كەسایەتییكەی ئاشتی خوازبووە لە شەری ناوخۆدا.

137- حەسیب قەرەداخی ساڵی لەدایكبوون و مردنی كە بووە؟

A 1997 – 1929 B 1997- 1939 C 1998 – 1929 D 1990 – 1997

138- حەسیبی كوڕی شێخ عەلی لە چ گوندێكی ناوچەی قەرەداغ لەدایكبووە؟

Aگوندی مایی Bسوڵەی چرچە قەلا C گوندی باتە D گوندی سەیوسێنان

139- حەسیب قەرەداغی سەر بەچ بنەماڵەیەكە؟

Aبنەماڵەی حەفید Bبنەماڵەی مەردۆخی C بنەماڵەی شێخان D بنەماڵەی هەمەوەند

140- حەسیب قەرەداخی كاریگەری كام شاعیرانەی كوردی لەسەر بووە؟

Aنالی و سالم و مەحوی Bنالی و سالم و كوردی C سالم و كوردی و مەحوی D مەحوی سالم وەفایی

پرس و خۆشەویستی 1991

| | |
|---|---|
| ویستم تێبگەم، خۆشەویستی چەنـــد جوانە | ( وەلـــی ) وتی : بـــــالای ( شــــــــــمە)ە |
| ( مەم )یش وتی : زین وەریگرت بـــەژنی ( مەم )ە | خەجیش وتی : وەك زامەكـــــــــەی ( سیامەند )ە |
| مامەیارە وتی : وەكو سەرگوزەشتەی دوازە سوارە | لە لای حەزرەتی ( مەولەوی )ش وەكو چاوڕەشی لای دەوار |

بەشێك لە قەسیدەی ناكۆكەكان 1944

| | |
|---|---|
| كە ئەم دەستم ئەو دەستی كەم بۆ بشكێنێ | هەردوو دەستم لە مل دەكەم |
| كە ئەم چاوم ئەو چاوی دیم بـــۆ هەڵكۆڵێ | هەر دوو چاوم پڕ گڵ دەكەم |
| ئەم ئاگرە بكوژێننەوە ...... نەكوژێتەوە | نـــالی دەڵێ: من كورد نەبووم |

هەولێر - نامەی كتێب

# کــــــــوردی

141- مستەفای کوڕی مەحمودی ساحێب قران، ناوی تەواوی چ شاعیرێکە؟

Aکوردی Bنالی C سالم D مەحوی

142- کوردی ساڵی لەدایکبوون و مردنی کەی بووە؟

A 1812 – 1850 B 1811 – 1850 C 1800 – 1850 D 1812- 1852

143- چ شاعیرێك شاعیری بەلاغەتی کوردانە Aسالم Bکوردی C نالی D مەحوی

144- شیعرەکانی کوردی بە زۆری لە دەوری چ مەبەستێکدا دەسوڕێنەوە؟

Aئایینی Bنەتەوەیی C دڵداری D وەسف

**دیوانی کوردی شاعیر چەند جارێك چاپکراوە:**

یەکەم/ بەغداد ساڵی 1931. دووەم/ هەولێر لە ساڵی 1961.

**نموونەیەك لە هۆنراوەی دڵداری:**

**چێشتم ئەمڕۆ ژەهری مار و ڕۆحی شیرینم نەهات زەخمی کۆنەم هاتە ژان و مەرهەمی برینم نەهــات**

**کم غەمم خوارد و غەمیش خوێنی جگەرمی خوارد بۆیە گریام چەند بە چەند فرمێسکی خوێنینم نەهات**

**ڕووخساری هۆنراوەهانی کوردی**

یەکەم/ کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهێناوە.

دووەم/ هونەری ڕەوانبێژی بەکارهێناوە، لەم مەیدانەدا بە (شاسواری بەلاغەتی کوردان) ناسراوە.

**ئەو هۆکارانەی کە کاریان لە شاعیر کردووە:**

یەکەم/ کوردی خۆی توانا و بەهری شیعردانانی هەبوو، بۆیە شیعردانان وەك ئاوخواردنەوە وابووە.

دووەم/ لە بنەماڵەیەکی ئەدەب دۆست و شیعر خواز بووە، بنەماڵەکەیان خاوەنی چەندین شاعیری وەك: (ئەحمەد بەگ و سالم بەگ) بووە.

سێیەم/ ئاگادار و تێکەڵاوی شاعیرانی فارس بووە، لە کۆڕی شیعری ئەواندا بەژداربووە و کاریان لێکردووە.

چوارەم/ دڵداری و خۆشەویستی ڕاستەقینە کانگای شیری کوردیی بووە.

**چاوەکەم زانیوتە بۆچی خەو لە چاوم ناکەوێ چونکە من پێش خزمەتم پێش خزمەتان نانوون شەوێ**

**ڕۆژ و شەو دایم لەبەر دیدەی خەیاڵم حــازری سا چ فەرقێکی هــەیــە بۆ من ئیتـر ئێرە و ئەوێ**

**بەس نییە لێرە دەوێرم جار جارە باست بکەم نەم دەوێرا قەت لەبەر ئەغیارەکەت ناوت بەرم لەوێ**

# کـــــــانی

کانی شاعیر لە مزگەوتی قەلات بە کاتێکی کەم فێری خوێندەواری دەبێت، شارەزای زمان و ئەدەبیاتی (کوردی و فارسی و تورکی) بووە، لەگەڵ ئەم ناودارانەی سەردەمەکەی پەیوەندی هەبووە، (حسێن حوزنی موکریانی، گیو موکریانی، میهری، مەلای گەورەی کۆیە، بێخود، دڵدار).

کانی شاعیر کاریگەری ئەم شاعیرانەی لەسەر بووە، (نالی، سالم، کوردی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی و وەفایی)، لای تورکیش (فزولی).

145- عەبدولجەبار ئاغای کوڕی حاجی مەلا عەبدولڕەحمانی کوڕی حاجی تەهای دۆغرەمەچیی، ناوی تەواوی چ شاعیرێکە؟

A نالی    B کوردی    C سالم    D کانی

146- ساڵی لەدایکبوون و مردنی کانی کەی بووە.

A 1957 – 1897    B 1957 – 1898    C 1956 – 1897    D 1975 – 1896

147- کانی شاعیر لە چ شارێك لەدایکبووە؟

A سلێمانی    B سنە    C هەولێر    D کەرکوك

148- کانی شاعیر لە زمانی تورکییە، چ چیرۆکی (فزولی) بە کەمێك دەستکارییەوە، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی؟

A شیرین و فەرهاد    B لەیل و مەجنوون    C شیرین و خەسرەو    D مەم و زین

149- کانی شاعیر بە زۆری لە چ مەبەستێکی شیعریدا سەرکەتووبووە؟

A دڵداری و خۆشەویستی    B مەی و دڵداری    C ستایش و دڵداری    D خۆشەویستی و پیاهەڵگوتن

150- چ شاعیرێك بادەنۆش و عاشق بووە؟

A کانی    B کوردی    C نالی    D سالم

**مەبەستە شیعرییەکانی کانی شاعیر:** (ستایش، پیاهەڵگوتن، دڵداری، خۆشەویستی، نیشتیمان پەروەریی، شانازی بەخۆوەکردن).

**شانازی بەخۆوە کردن:**

سەر فرۆناکەم بۆ عالەم چونکی عالی هیمەتم    ناچوێنم بۆ هەموو دنیا لە دەســـــتم ڕەغبەتم
زاهیرم هەر مەردی مەیدانم وەکو شـــێری دلێر    گوێت لە بەیتم بێ دەکا ئیسباتی نوتق و قوەتم
عەسرم ئەبیم حوڕ و سەربەستم و فـــــەهیم    بێ موحەبا شاعیرم مەشهورە (کانی) شـــوهرەتم

هەوالنامەی کتێب

## مەلا تەهایێ مایی

151- ساڵی لەدایکبوون و مردنی مەلا تەهای مایی کەی بووە؟

A 1924 – 2001        B 1924 -2000        C 1922 – 2000        D 1900 – 2000

152- لە ساڵی 1943دا، جەلادەت بەدرخان چ گۆڤارێکیان دەرکرد، کە بە پۆستا دەینارد بۆ مەلا تەهای مایی؟

Aڕووناهی و ستێر        Bڕووناهی و هاوار        C هاوار و ستێر        D ڕووناهی و ڕۆژانوو

153- مەلا تەهای مایی چۆتە ڕیزی چ کۆمەڵەیەکەوە؟

Aکۆمەڵەی هێڤی        Bکۆمەڵەی هیوا        C کۆمەڵەی ڕەنجدەران        D کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی

**مەلا تەهای مایی لەم ساڵانەدا ئەم کارانەی کردووە:**

یەکەم/ لە ساڵی 1973دا، بوو بە ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کورد لقی دهۆك.

دووەم/ لە ساڵی 1979دا، بەژداری ڤیستیڤاڵی سێیەمی هەڵبەستی کوردی کرد لە سلێمانی.

سێیەم/ لە ساڵی 1995دا، بووە بە خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری (پەیڤ).

چوارەم/ لە ساڵی 1998دا، دیوانەکەی خۆی چاپکرد بە ناوی (دل دەرێژکرن).

هەواڵنامەی کتێب

مەلا تەهای مایی بە هۆی نسکۆی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران زۆر دلگران بوو، ئەم هرنراوەیەی دانا:

### شینی و تازیا شەهیدا

**شینی و تازیا شەهیدا، ئەم ژبیر ناکەین چـــوجار        دێ ڤەکەین تۆلا نەهنگا وەختەکـــێ زێڕین بژار**

**وان مەغولا ڕاڤ دبەستن شێر و مێر ســــەر دهنجنین        توخم نڤیشێ وان قەلاندن هەمی گاڤا د پەچنین**

**تورکا گرتن شێر و مێر چاك دەست و پێ لێ قەیدکرن        کەت بکەت گرتن و کوشتن لبن ســـێپێکا خرکرن**

## کـــــامەران موکری

154- ساڵی لەجایکبوونی و مردنی کامەران موکری کەی بووە؟

A 1986 – 1929　　B 1986 – 1939　　C 1987 – 1929　　D 1985 – 1929

155- (محمە ئەحمەد تەها) ناوی تەواوی چ شاعیرێکە؟

A مەلا تەهای مایی　　B کامەران موکری　　C حەسیب قەرەداغی　　D کوردی

156- کامەران موکری لە چ شارێك لەدایکبووە؟

A هەولێر　　B سلێمانی　　C کەرکوك　　D ڕەواندز

157- کامەران موکری لە زانکۆی (سلێمانی و سەلاحەدین) مامۆستای چ بابەتێك بووە؟

A مێژوو　　B ئەدەبیات　　C جوگرافی　　D فەلسەفە

158- دیوانەکانی (ئاشتی، دیاری، ئاگروژیلە و گوڵاڵەسوورە) بەرهەمی چ شاعیرێکە؟

A مەلا تەهای مایی　　B کامەران موکری　　C سالم　　D نالی

### مەبەستە شیعرییەکانی کامەران موکری

**یەکەم/ نەتەوەیی و مرۆڤینی:** بەشی زۆری هۆنراوەکانی بابەتی نەتەوەیین، چونکە کەسێکی نەتەوە خوازبووە. کامەران موکری وەکو شاعیرێکی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە خۆی نیشاندەدات، هەوڵی تێکۆشان و خەبات بووە لە ڕێگەی کوردستاندا:

**ژین لەلای دڵسۆز هەرتێکۆشانە　　هەوڵە بـــۆ خاکی ئەم کوردستانە**
**خۆزگە ئەندازەی ژیان و تەمەن　　تێکۆشـــانبووایە بۆ خاکی وەتەن**
**ئاخۆ تەمەنی کام دڵسۆزی کورد　　لە چوار پێنج ساڵێ تێپەڕی ئەکرد**

لە بابەتێکی تردا کە هاوتەریبە لەگەڵ بابەتی کوردایەتی و هەستی نەتەوەیدا، ئەویش خەباتی گەلی جەزایرە دژی فەرەنسییەکان.

**ئەی جەمیلە**

**ئەی جەمیلە سلاو لە ئاگر و ژیلە　　لە حەیرانا لە لاوکا کاتێ کچ لەگەڵ باوکا**
**هەڵمەت ئەبەن بـــەرەو مردن　　بەرەوقـــەڵای ســـــەختی دووژمـــــن**

**دووەم/ خۆشەویستی و ئەڤینی:** کامەران موکری هەستێکی مرۆڤایەتی هەبووە، لە دەروونێکی پڕ سۆز و ناسکەوە سەرهەڵدەدات:

**کە پرچت ئاڵاند لە گەردنت　　گڕت بەردا لـــە دڵی من**
**کە پەرچەمت خستە سەر ڕوو　　ئاگر لە دەروونم بەربوو**
**ئەی زۆرداری جوانی بچـووك　　تکایە کچی ئێسك سووك**

**سێیەم/ وەسف:** شاعیر هەستێکی جوانی بەرامبەر سرووشت و دەورووبەر هەبووە، هەروەها جوانی وڵاتەکەی خۆی دەپەرست، توانیویەتی جوانی سرووشتی تێکەڵاو بە جوانی ئافرەت کردووە و تابلۆیەکی جوانی بە وشە لێدرووستکردووە:

**کەژ و دارســـــــتانی کپی　　پۆشیویانە بەرگــــــــی سپی**
**قوببەی پیرۆزەیی ئاسمان　　بە پرشـــــــنگی گزنگی ئاڵ**
**داوێنی کەژی ئەنـەخشان　　وەك ئەگریجەی ئەبوو پەخشان**

**ڕووخساری هۆنراوەکانی کامەران موکری**

یەکەم/بەکارهێنانی کێشی خۆماڵی پەنجە: شاعیر کێشی خۆماڵی بەکارهێناوە، بۆیە شیعرکانی میوزیکێکی کوردانەی تیایە.

دووەم/ کەم بەکارهێنانی وشەی بێگانە: کامەران موکری هەوڵیداوە وشەی بیانی کەم بەکار بهێنێت.

سێیەم/ خۆنەبەستنەوە بە سەروای یەکگرتوو، هەروەها بەکارهێنانی (جووت سەروا) لە هۆنراوەکانیدا. هۆنراوەیەك بە شێوەی جووت سەروا:

**ڕوومەتی وەك گوڵی بێگـەرد　　قژی خاو ئاوریشمێکی زەرد**
**چاوی کاڵ ئەگەر چی نـەرمە　　بەڵام نیگای ئێجگار گەرمە**
**باڵای وا دەمێکی واتـــــەنگ　　ئەندامی وا شۆخ و شـەنگ**
**نەبووە یان من نەم دیوە هەر　　لەم چەشنە بەژن یاکەمـەر**

هەواڵنامەی کتێب

# مەلا مەحمودی بایەزیدی

159- مەلا مەحمودی بایەزیدی لە ساڵی چەند لەدایکبووە؟ A 1798   1799B   C 1797   D 1997

160- چ شاعیرێك چۆتە وڵاتی فارس و لەوێ خوێندوویەتی و ئەم زانستانە فێربووە: (زانستی ئەدەب، مێژوو، فەلسەفە و مەنتیق)؟ Aنالی   Bکوردی   C مەحموی   D مەلا مەحمودی بایەزیدی

161- چ شاعیرێکی کورد پەیوەنی باشی لەگەڵ قونسوڵی ڕووسیا (ئەلەسکەندە ژابا)دا هەبووە؟

Aوەفایی   Bپیرەمێرد   C نالی   D مەلا مەحمودی بایەزیدی

**ئاستی رۆشنبیری مەلا مەحمودی بایەزیدی:**

**یەکەم/** شارەزایی باشی لە زانستی شەریعەتدا هەبووە.

**دووەم/** هەر چوار زمانی (کوردی، فارسی، عەرەبی و تورکی) زانیوە.

**سێیەم/** شارەزایی مێژوویی هەبووە.

**چوارەم/** کاری وەرگێڕانی ئەنجامداوە و چەندین بەرهەمی لە فارسی و تورکییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی. بۆیە هەندێجار نازناوی (خواجە مەحمودی بایەزیدیی یان فەقێ مەحمود ئەفەندی) هەبووە.

**بەرهەمی مەلا مەحمودی بایەزیدی:**

**یەکەم/** کتێبی ( **عادات و تەقالیدی ئەکرادییە** ). باسی (دابوونەریتی کورد، بابەتی ئاشتی و شەڕ، بنەچەی کورد، زمانی کورد)ی کردووە. ئەم بەرهەمە لەلایەن دوو کەسایەتییەوە وەرگێڕدراوە:

A-م. ڕۆدینکۆ لە ساڵی 1962دا، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی و لە مۆسکۆ بڵاوی کردۆتەوە.

B- د. شوکریە ڕەسوڵ خستوویەتییە سەر شێوەزاری کرمانجی خواروو، لە ساڵی 1982 لە بەغدا چاپیکردووە.

**دووەم/** کتێبی ( **تحفة الخلان فی لسان الکرد** ) لەسەر ڕێزمانی کوردییە، لە کتێبخانەی (سالیکۆف شیدرن) لە شاری (پترسبۆرگ) لە ڕووسیا پارێزراوە.

**سێیەم/** وەرگێڕانی کتێبی ( **شەرەفنامە** ) لە فارسییەوە بۆ زمانی کوردیی، لە ساڵی 1858.

**چوارەم/** کتێبی ( **تاریخا نوویا کوردستان** ) لەساڵی 1851.

**پێنجەم/** کتێبی ( **رسالە فی الفرق الموجودە بین الهجات الکردیە و بیات بعص القواعید اللاومە** )، باسی هەندێك جیاوازی دەکات لە نێوان شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا. د. مارف خەزنەدار لە ساڵی 1984دا، لە کتێبی (دەربارەی مێژووی ئەدەبی کوردی)دا بلاوی کردۆتەوە.

**شەشەم/** کتێبی ( **قاموسێکی بەراوردکاری لە نێوان شێوەزاری هەکاری و ڕەوەندی لەگەڵ زمانی فەرەنسی** ) بلاوکردۆتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**حەوتەم/** چیرۆکی ( **مەم و زین** ) ی بڵاوکردۆتەوە، دواتر (ئەلەسکەندەر ژابا) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی.

**هەشتەم/** چیرۆکی ( **لەیل و مەجنون** )ی لەساڵی 1858دا نووسیوە. دواتر (ئەلەسکەندەر ژابا) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی.

**نۆیەم/** کتێبی ( **جامع سالیان و حیکایەتان** ) چل چیرۆکی کوردییە، یەکەم کۆمەڵە چیرۆکە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، دواتر (ئەلەسکەندەر ژابا) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی.

مەلا مەحمودی بایەزیدی **بیست و شەش چیرۆکی** تری نووسیوەتەوە وەکو: (( **یوسف و زلێخا، قەڵای دمدم** )).

## میر جەلادەت بەدرخان

162- ساڵی لەدایکبوون و مردنی میرجەلادەت بەردخان کەی بووە؟

A 1893 – 1951 B 1890- 1950 C 1893- 1950 D 1851 – 1890

163- مردنی میرجەلادەت بەردخان لە چ شارێك لەدایکبووە؟

Aتاران Bئەستەمبول C دیاربەکر D بایەزید

164- لە ساڵی 1919 چ شاعیریك لەگەڵ (مێجەر نۆئیل)دا، هەوڵیدا شۆرش دژی کەمالییەکان بەرپابکات؟

Aمیر جەلادەت بەردخان Bمقداد مەدحەت بەدرخان Cسووریا بەدرخان D ڕۆشەن بەدرخان

165- میر جەلادەت بەدرخان لە ساڵی 1932 لە شاری دیمەشق چ گۆڤارێکی بڵاوکردەوە؟

Aهاوار و ڕووناهی Bژین و ژیانەوە C کوردستان D ڕۆژا نوو

166- میر جەلادەت بەردخان بەچی بەزۆری بەناوبانگە؟

Aبیرۆکەی شۆڕش Bدانانی ئەلفوبێی لاتینی C بڵاوبوونەی هۆنراوەی نەتەوەیی D خۆشەویستی ووڵات

167- جەلادەت بەدرخان لە ساڵی چەندا هەوڵی دا ڕێنووسی لاتینی دانێ؟

A 1919 B1920 C 1925 D 1929